# ئەتڵەسی زمانی

سـپـيـرێـز

ڕێڤەبەرێ گشتی و
سەرنڤیسەر

**مؤيد طيب**

مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە
©

كوردستانا عێراقێ ـ دهۆك
تاخێ مازی - جادا ئاشتی
ئاڤاهیێ سپیرێز

www.spirez.org
www.spirezpage.net

- **ژمارا وەشانێ: (٣٦٤)**
- **ناڤێ پەرتووکێ:** ئەتڵەسی زمانی
- **دانانا:** عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد
- **دەرهێنانا هونەری:** ئاراس حسێن
- **بەرگ:** نەجمەدین بیری
- **سەرپەرشتکارێ چاپێ:** شێروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا: ئێکێ**
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ ل پەرتوکخانا بەدرخانیان ل دهوک (٢٨٢٦) ل سالا ٢٠١١**
- **چاپخانەیا خانی / دهۆك**

SPIREZ PRESS & PUBLISHER
DUHOK

دار سبيريز للطباعة والنشر
دهوك

# ئەتڵەسی زمانی

## هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نمونە


دانانا

عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد



سپیرێز 2011

ئەڤ کتێبە، نامەیەکا (ماستەر)ێ یە، ل سالا ٢٠٠٩ێ پێشکێشی کولیژا زمان زانکۆیا صلاح الدین هاتیە کرن، وەکو پشکەك ژ پێدڤییێن پلا ماستەرێ د زمانێ کوردی دا. نامە ب سەرپەرشتیا (پ. د. یوسف شەریف) هاتیە ئەنجامدان.

# پێشکەشە بە ...

- گیانی پاکی هۆزانڤان و فەیلەسوفی کوردستان (ئەحمەدی خانی)ی نەمر.
- گیانی پاکی باپیری ماندونەناسم (حاجی ئەحمەد عەزیز زیناوەکەڤنی).

# سوپاس بۆ ...

**هەموو ئەو کەسانەی هاوکاریان کردووم.**

# نــاوەڕۆك


**پێشـــەکی** ........................................ ١٥

**بەشی یەکەم: ( دیالێکت و دیالێکتۆلۆجیا )** ........................ ٢١

**تەوەری یەکەم: (چەمك و پێناسە و جۆرەکانی دیالێکت)** .............. ٢١

دیالێکت Dialect؛ چەمك و زاراوە ........................................ ٢١

چەمکی دیالێکت ........................................ ٢١

پێناسەی دیالێکت ........................................ ٢٣

- لە روانگەی جڤاکیەوە ........................................ ٢٣

- لە روانگەی جوگرافیەوە ........................................ ٢٤

- لە روانگەی زمانیەوە ........................................ ٢٤

- لە روانگەی دەروونیەوە ........................................ ٢٥

جۆرەکانی دیالێکت ........................................ ٢٦

یەکەم: دیالێکتی تایبەتی ........................................ ٢٦

دووەم: دیالێکتی گشتی ........................................ ٢٧

**تەوەری دووەم: (چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی دیالێکاتۆلۆجی)** ......... ٢٩

چەمکی دیالێکتۆلۆجیا Dialectolgy ........................................ ٢٩

پێناسەی دیالێکتۆلۆجیا ........................................ ٣١

سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان ........................ ٣٣

- دیالێکتۆلۆجی لای هیندیەکان ........................................ ٣٤

- دیالێکتۆلۆجی لای یۆنانیەکان ........................................ ٣٥

- دیالێکتۆلۆجی لای رۆمانەکان ........................................ ٣٦

- دیالێکتۆلۆجی لای چینیەکان ........................................................ ٣٧
- دیالێکتۆلۆجی لای رێزمانیە نوێیەکان ................................. ٣٧
- دیالێکتۆلۆجی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ......... ٣٩
**تەوەری سێیەم: (سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیالێکت لە زماندا)** ............ ٤٣
پەیدابوونی دیالێکت لە زماندا ................................................... ٤٣
زمان و دیالێکت ........................................................................ ٤٤
جیاوازی نێوان دیالێکت و زمان .................................................. ٤٧
لێکدانەوەی دی سۆسێر بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکت .............. ٥١
١- زمان و ئاخفتن و دیالێکت ....................................................... ٥١
٢- جوگرافیا و دیالێکت ............................................................... ٥٢
٣- کات و ژینگەی جیاواز و دیالێکت ................................................ ٥٣
زمانەوانی نوێ و سەرهەڵدانی دیالێکت لە زماندا ............................ ٥٦
**تەوەری چوارەم: (بنەما و شێوەکانی جیاکردنەوە و بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان و دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی)** .................... ٥٧
بڵاوبونەوە و دابەشبوونی دیالێکتەکان ........................................... ٥٧
بنەماکانی جیاکردنەوەی سنوری نێوان دیالێکتەکان ........................... ٥٧
یەکەم: بنەمای جڤاکی ................................................................ ٥٧
دووەم: بنەمای سیاسی ................................................................ ٥٩
سێیەم: بنەمای جوگرافی ............................................................. ٦٠
شێوەکانی بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان ............................................ ٦٢
١- بەردەوامی بڵاوبونەوەی جوگرافی (الاستمراية الجغرافية) ............... ٦٢
٢- بەردەوامی بڵاوبونەوەی جڤاکی (الأستمرارية الأجتماعية) ............... ٦٣
٣- بڵاوبونەوەی پێچاوپێچ (الانتشار الحزمی) ..................................... ٦٤
٤- بڵاوبونەوەی تێکەڵاو- تۆڕی - (الانتشار الشبکی) ........................... ٦٦
هەندێك لەو دابەشکردنانەی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون ...... ٦٨

تێڕوانینێکی گشتی لە بارەی دابەشکردنەکان ........................................ ٧٢
دابەشکردنی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ................. ٧٥
دیالێکتەکانی زمانی کوردی ................................................. ٧٦
بەشە دیالێکتەکانی ئەم گروپە دیالێکتانە .............................. ٧٦
هێلکاری دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی ...................... ٧٨
بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ...................... ٧٩
ژمارە و ڕێژە وشوێنی بڵاوبونەوەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی ........ ٧٩
زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵە و خێزانە زمانیەکاندا .......................... ٨١
**بەشی دووەم : ( زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی )** ........................ ٨٣
**تەوەری یەکەم: (پێناسەی زمانەوانی جوگرافی و پەیوەندی بە جوگرافیایی زمان و ئەتڵەسی زمانی و ڕێبازی وەسفی)** ....................... ٨٣
پێناسەی زمانەوانی جوگرافی ................................................ ٨٣
بواروکانی زمانەوانی جوگرافی ................................................ ٨٤
زمانەوانی جوگرافی و جوگرافیایی زمان ..................................... ٨٥
دیالێکتی جوگرافی ............................................................ ٨٩
ڕێبازی وەسفی و زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمان ......................... ٩٠
دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی ........................................ ٩٣
**تەوەری دووەم: (چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی)** ........ ٩٥
چەمکی ئەتڵەسی زمانی ....................................................... ٩٥
پێناسەی ئەتڵەسی زمانی ..................................................... ٩٥
سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی ................................................ ٩٧
یەکەم: لە ئەوروپا ............................................................. ٩٧
دووەم : لە ئەمریکا ............................................................ ٩٩
سێیەم: لە لای عەرەبەکان ..................................................... ١٠٠
چوارەم: ئەتڵەسی زمانی ئەمازیغی لادێی ..................................... ١٠٢

پێنجەم: ئەتڵەسی زمانە جیهانیەکان ............................................. ١٠٢
**تــەوەری ســێیەم: (ڕێبــاز و جۆرەکــانی ئەتڵەســی زمــانی و ئەتڵــەس و ئاستەکانی زمان)** ................................................................. ١٠٥
ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانی ............................................. ١٠٥
یەکەم: ڕێبازی ئەڵمانی ........................................................... ١٠٥
دووەم: ڕێبازی فەرەنسی ........................................................... ١٠٧
سێیەم: ڕێبازی گشتی ............................................................. ١٠٩
جیاوازی نێوان ڕێبازەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی ................................ ١١٢
جۆرەکانی ئەتڵەسی زمان .......................................................... ١١٤
یەکەم: لە ڕووی بەکارهێنەرانی زمانەوە ....................................... ١١٤
١- ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی: Sociodialect atlas ..................... ١١٤
٢- ئەتڵەسی دیالێکتی جوگرافی: Geographydialect atlas .......... ١١٦
٣- ئەتڵەســی دیــالێکتی جڤــاکی و جــوگرافی: Geography and Sociodialect ..................................................................... ١١٧
دووەم: لەڕووی ناوەڕوك و قەوارەوە ............................................. ١١٧
١- ئەتڵەسی زمان Language atlas ......................................... ١١٧
٢- ئەتڵەسی دیالێکتی Dialect atlas ....................................... ١١٨
ئەتڵەسی زمانی و ئاستەکانی زمان ............................................... ١١٨
یەکەم: ئەتڵەسی فۆنولۆجی زمان و دیالێکتەکان ............................... ١١٩
دووەم :ئەتڵەسی مۆرفۆلۆجی زمان و دیالێکتەکان ............................ ١٢٠
سێەم: ئەتڵەسی سینتاکسی زمان و دیالێکتەکان ................................ ١٢١
چوارەم: ئەتڵەسی سیمانتیکی زمان و دیالێکتەکان ............................. ١٢٢
**بەشی سێیەم: ( کێڵگەی واتایی و جوگرافیای هەرێمی کوردستان )** ............ ١٢٥
**تەوەری یەکەم: (پێناسە و جۆر و ئەدگارەکانی کێڵگەی واتایی و کێڵگەی خزمایەتی)** ......................................................................... ١٢٥

کێڵگەی واتایی .................................................................. ١٢٥
پێناسەی کێڵگەی واتایی ............................................................ ١٢٥
پیوەرەکانی جیاکردنەوەی کێڵگە واتاییەکان ........................... ١٢٦
جۆرەکانی کێڵگەی واتایی ........................................................ ١٢٦
پێناسەی کێڵگەی واتایی خزمایەتی ............................................. ١٢٧
ئەدگارەکانی کێڵگەی واتایی خزمایەتی ......................................... ١٢٧
**تەوەری دووەم: (شوێنگەی سروشتی و فەلەکی و ژمارە و چڕی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان)** ........................................ ١٢٩
شوێنگە سروشتی هەرێمی کوردسان ........................................... ١٢٩
شوێنگەی فەلەکی هەرێمی کوردستان ........................................... ١٣٠
ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ........................................ ١٣٠
چڕی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ........................................... ١٣١
**تەوەری سێیەم: (نەخشەکانی ئەتڵەسی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق)** ................................................................ ١٣٣
ئەتڵەسی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان ................................ ١٣٣
**ئە نجامەکان** .................................................................. ١٧٧
**لیستی سەرچاوەکان** ........................................................... ١٨١
**پاشگۆکان** ........................................................................ ١٩١
پشگۆکانی بەشی یەکەم ........................................................... ١٩٣
پاشگۆکانی بەشی دووەم ........................................................... ٢٠٥
**پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی** ........................................ ٢١٧
**پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی** ...................................... ٢١٩
**پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی** .................................... ٢٢٠

# پێشەکی

## ناونیشان وگرنگی لێکۆڵینەوەکە

(ئەتڵەسی زمانی – هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نمونە)، بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی جوگرافی لە بارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەگشتی و لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی، ئەتڵەسی زمانیش نوێترین و وردترین ئامرازەکانی زمانەوانی جوگرافیە، هەرچەندە لە زمانەوانی ئەورپی و رۆژئاوایی بەگشتی ماوەی نزیکەی سەدەیەکە سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، لە زمانەوانانی کوردیدا تاوەکو ئێستا لە رووی تیۆریەوە لێکۆڵینەوە لەم بوارەی زمانەوانی نەکراوە و لە رووی پراکتیکیشەوە هێشتا ئەتڵەسێکی زمانی بۆ زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دانەنراوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان پێویستی تیشکخستنەسەری ئەم لایەنەی زمانەوانیە، کە رێگا بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی، بەپێی بنەماکانی زمانەوانی جوگرافی و رێبازەکانی ئەتڵەسی زمانی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، خۆشدەکات، چونکە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون و باسیان لە بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە، پشتیان بە میتۆد و رێبازێکی زمانەوانی دیاریکراو نەبەستووە و بە پێی چەند پێوەرێکی جڤاکی و کارگێڕی، هەوڵی دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیان داوە و بە پشت بەستن بە هەمان ئەو پێوەرانە، کە بە دەگمەن بە داتا و کەرەسەی زمانی پشتڕاستکراون، هەوڵی پۆلینکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیان داوە.

**سنوری لێکۆڵینەوە**

لە رووی جوگرافیەوە، مەبەستمان لە هەرێمی کورستان، ئەو بەشەی کوردستانە کە کەوتۆتە نێو عێراقەوە و لە پارێزگای دهۆك بە سنوری کارگێڕی ئێستای و سنوری کارگێڕی پێش ساڵی ١٩٦٨ی پارێزگاکانی، کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی شێخان و شەنگار و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقۆش (حەمدانیە) و ناحیەکانی باشیکە و ئاسکی کەلەك، لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان لە پارێزگای واست بە سنوری کارگێڕی پێش ساڵی ١٩٦٨، پێکدێت(١).

**داتاکانی لێکۆڵینەوە**

لە رووی زمانیەوە مەبەستمان تەنها زمانی کوردیە لە هەرێمی کوردستاندا، لە زمانی کوردیشدا ئاستی سیمانتیك و لەو ئاستەشدا تەنها زاراوەکانی کێڵگەی واتایی خزمایەتی، چونکە وەك دەزانین جگەلە لە زمانی کوردی، چەندین زمانی دیکەی نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی وەکو (تورکمانی و سوریانی و عەرەبی) لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەلایەکی دیکەوە، ئەتڵەسی زمانی تەنها بۆ لیکسیکی زمان و ئاستی سیمانتیکی زمان ئەنجام نادرێت، بەڵکو بۆ هەموو ئاستەکانی دیکەش (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) ئەتڵەسی زمانی دادەنرێت، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە بەشە پراکتیکیەکەیدا لە ئاستی سیمانتیکدا تەنها کێڵگەی واتایی خزمایەتیمان وەرگرتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زاراوەکانی خزمایەتی و بە تایبەتی ئەو زاراوانەی بە یەك وشە دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن، لەو جۆرەی کەرەستەی زمانین، کە دەتوانین ناویان لێی بنێن کەرەسەی بەردبوو (متحجر)، نەك هەر لە دیالێکتەکانی زمانێکدا خۆیان پاراستوە و گۆڕانی کەمیان بەسەر هاتووە، بەڵکو لە نێوان زمانەکانی یەك خێزان و کۆمەڵەی زمانیشدا ئاستی گۆڕانی نێوانیان لە چاو زاراوەکانی دیکە زۆر کەمترە. بۆیە ئەم زاراوانە دەتوانن باشتر سنوری جوگرافی بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان بەرجەستە بکەن.

---

(١) پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق، ئامادەکردنی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق لە ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان – عێراق، ٢٢/٨/٢٠٠٦.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕووی ڕێبازەکانی زمانەوانییەوە، پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی مەیدانی کراوە و لە ڕووی ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانیەوە، بە هەندێك جیاوازییەوە (بە تایبەتی لە ڕووی ئەو مەرجانەی بۆ فۆرمانتەکان هەیە)، پەیڕەوی ڕێبازی فەرەنسی کراوە، بەوەی چەند دەڤەری جوگرافی و یەکەی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراون و لە ڕێگای فۆرمانتەکانەوە داتاکانیان لێی وەرگیراوە، بە شێوەیەك کە لە ڕووی زمانیەوە نوێنەرایەتی تەواوی دەڤەر و یەکە کارگێڕیە بچوکترەکانیان بکەن.

## ئاستەنگ و گرفتەکانی لێکۆڵینەوە

لەو ئاستەنگ و گرفتانەی لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕووبەڕوویان بووینەتەوە، تەنها باس لە گرنگترین دووانیان دەکەین:

### یەکەم/ لەڕووی زانیاری تیۆری و سەرچاوەکانەوە

لەم بارەیەوە، نەك هەر تەنها زمانەوانی کوردی، بەڵکو زمانەوانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بە دەگمەن نەبێت تیشکیان نەخستۆتە سەر ئەم لایەنەی زمانەوانی (ئەتڵەسی زمانی) و بگرە ئەو بوارە زمانەوانییانەی کە پەیوەندییان بەم لایەنەوە هەیە، کەم لێکۆلینەوەیان لەبارەوەکراوە، بۆیە بۆ دۆزینەوەی بنچ و بنەوانی ئەم بوارەی زمانەوانی، ناچاربووین چاوێك بە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و سەرچاوانەدا بخشێنین کە لە بارەی زمانەوانی گشتیەوەن، بە پێی زانیارییە تیۆریەکانی ئەو سەرچاوانە، پلانی ئەم لێکۆڵینەوەیە داڕێژڕاوە، دواتری بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆلینەوەیە و جێبەجێکردنی پلانەکەی، پشت بەو لێکۆلینەوە و سەرچاوانە بەستراوە کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە، یاخود ئەو سەرچاوە ئینگلیزیانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی دیکە، سەرچاوە ئینگلیزیەکانیش لەم باریەوە بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن، بۆیە لەو حاڵەتانەدا پشت بە سەرچاوە و کتێبە ئەلیکترۆنیەکان بەستراوە.

**دووەم/ لە رووی کۆکردنەوەی داتا و کاری مەیدانیەوە**

لەم رووەوە ئاستەنگ و گرفتی زۆر و هەمەجۆر لە ئارادابوون و گرنگترینیان بارودۆخی نالەباری ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە لە رووی جوگرافیەوە دەکەونە سنوری ئەم لێکۆلینەوەیە، بە جۆرێك لە زۆر حاڵەتدا بارودۆخەکە ئەوەندە نالەباربوو، کە ناچاربووینە لە رێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە داتاکان وەربگرین. ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەوە، ئەو مەرجانەی لە رێبازی فەرەنسیدا بۆ فۆرمانتەکان هەیە، وەکو (رەسانایەتی فۆرمانتەکان لە دەڤەرەکانیان و کۆچنەکردنیان بۆ ناوچەیەکی دیکە و کاریگەرنەبوونیان لە رووی زمانیەوە بە کەلتور و زمان و دیالێکتەکانی ترەوە)، ئەستەمە بۆ ژینگەی زمانی کوردی بگونجێت، چونکە بە هۆی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە، زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە بە ئارەزوو یان بێ ئارەزوو کۆچیان کردووە و کۆچیان پێکراوە و بە تایبەتی لە دەڤەرەکانی باشور و باشوری رۆژهەلات و رۆژئاوای هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا، رەچاونەکردنی ئەو مەرجانەی رێبازی فەرەنسی وایکردووە کە لە رووی رێبازەکانی زمانەوانیەوە، زێدەتر پەیرەوی رێبازی وەسفی مەیدانی بکرێت.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و ئەنجام و سێ بەش پێکهاتووە:

**پێشەکی:** باس لە ناونیشان و گرنگی لێکۆڵینەوە و سنوری جوگرافی و هۆکاری هەڵبژاردن و داتا و رێباز و گرنگترین ئاستەنگ و گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە کراوە.

**بەشی یەکەم:** لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوە و پێناسە و جۆرەکانی دیالێکت کراوە، لە تەوەری دووەمدا باس لە چەمك و پێناسە و دیرۆکی سەرهەڵدانی دیالێکتۆلۆجیا کراوە، لە تەوەری سێیەمدا باس لە پەیدابوونی دیالێکت و جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت و لێکدانەوەی زمانەوانان بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیالێکت لە زمانەکاندا کراوە، لە تەوەری چوارەمدا باس لە دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان و بنەماکانی جیاکردنەوەی سنوری نێوانیان

و شێوەکانی بلاّوبوونەوەیان و هەندێك لەودابەشکردنانەی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراون و تێڕوانینێکی گشتی لە بارەی دابەشکردنەکان و دابەشکردنێکی نوێی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ژمارە و ڕێژە وشوێنی بلاّوبونەوەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی و زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵە و خێزانە زمانیەکاندا، کراوە.

**بەشی دووەم**: لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە زمانەوانی جوگرافی و پێناسەکەی و جیاوازی نێوان زمانەوانی جوگرافی و جوگرافیایی زمان و دیالێکتی جوگرافی و پەیوەندی نێوان ڕێبازی وەسفی و زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی کراوە، لە کۆتایشدا باس لە پەیوەندی نێوان دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی کراوە، لە تەوەری دووەمدا، باس لە چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی کراوە، لە تەوەری سێیەمدا باس لە ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانی و جیاوازی نێوانیان و ئەتڵەسی زمانی و ئاستەکانی زمان و جۆرەکانی ئەتڵەسی زمانی کراوە.

**بەشی سێیەم**: دابەشی سێ تەوەر کراوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پێناسەی کێلگەی واتایی و پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کێلگەکان و جۆرەکانی کێلگەی واتایی و ئەدگارەکانی کێلگەی خزمایەتی کراوە، لە تەوەری دووەمدا باس لە شوێنگەی سروشتی و فەلەکی و ژمارە و چڕی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کراوە، لە تەوەری سێیەمدا، نەخشەکانی ئەتڵەسی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دانراون.

و لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان و پوختەی لێکۆڵینەوە بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبی و ئینگلیزی، خراونەتە ڕوو.

هیوادارین ئەم کارەی ئێمە کەلێنێکی بچوك لە زمانەوانی کوردی پڕبکاتەوە و وەك هەنگاوێکی سادە پەسند بکرێت.

# بەشی یەکەم

## <u>تەوەری یەکەم</u>

## چەمك و پێناسە و جۆرەکانی دیالێکت

**دیالێکت، Dialect چەمك و زاراوەی**

**چــەمکی دیالێکت**

بۆ یەکەم جار گریکەکان بە شێوەی (Dialektos) بەکاریان هێناوە، ئەم زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی جڤاك بەکارهێناوە، واتە گریکەکان بە زمانی رەسمی و ئەدەبیان گوتووە (Dialektos) و زاراوەی (patois) یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوە بەکار هێناوە[1]، هەرچی رۆمانەکانن کە بە میراتگری گریکەکان دادەنرێن و هەروەك لە زۆربەی بوارەکانی دیکەی زمانەوانیدا لاسایی گریکەکانیان کردۆتەوە، لەم لایەنەشەوە تەواو لاسایی ئەوانیان کردۆتەوە، لە دوای رۆمانەکان، ئەوروپیەکان بە گشتی هەمان ئەو زاراوانەیان بە شێوە بەکارهێنانە یۆنانەیەکە بە کارهێناوە، لە نێو ئەوروپیەکاندا تەنها ئینگلیزەکان زاراوەکانیان جیاواز لە گریکەکان بەکارهێناوە و لە جیاتی زاراوەی (Dialektos)ی یۆنانی زاراوەی زمانی ستاندەرد یان دیالێکتی ستاندەرد(standard Dialect) یان بەکارهێناوە و لە جیاتی زاراوەی (patois)ی یۆنانی زاراوەی (Dialect) یان بەکارهێناوە، دواتر زاراوەکان بە شێوە بەکارهێنانە ئینگلیزیەکە جێگای خۆی گرتووە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لقێك لە زمانەوانی بەناوی دیالێکتۆلۆجی سەرهەڵبدا و زیاتر و فراوانتر چەسپاو وجێگای خۆی گرت[2]، دواتر

---

(1) Dialetology,J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:3.

(٢) علم اللغة، علي عبدالواحد وافي، ص٦١.

زاراوەی (پاتویس - Patois) وەکو زاراوەیەك لە بواری دیالێکتۆلۆجیادا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکە بۆ مەبەستی باسکردنی بەشە دیالێکت بووە، بەم شێوەیە پێناسە کراوە، Patois: ئاماژەیە بۆ بەشێکی دیالێکت وەکو ئەوەی بەشە دیالێکتی تاکە گوندێك یان ناوچەیەکی بچوك بێت[1]. لە زمانەوانی کوردیدا زاراوەکانی (گۆڤەر، بەچکەزار، شێوەزار و دەڤۆك)ی لە بەرامبەر بەکارهاتووە.

دیالێکت لەزمانەوانی عەرەبیدا بە زاراوەی (اللهجة) هاتووە، ئەم زاراوەیە لەفەرهەنگی (لسان العرب)ی (ئیبن مەنزور)دا بەواتای (خۆش هاتن و راهاتن لە سەر شت هاتووە[2])، لەزمانەوانی دێرین ونوێی عەرەبیدا لە پاڵ زاراوەی (اللهجة) زۆر زاراوەی دیکەش بەکارهاتووە، وەکو زاراوەکانی: دیالێکتی گشتی (اللهجة العامية)، دیالێکتی پەتی (اللهجة الفصحى)، زمانی ئەدەبی (اللغة الادبية)، زمانی نووسین (لغة الكتابة)، لەکۆنیشدا زاراوەکانی (اللغة و اللحن) لە جیاتی (اللهجة) بەکارهاتووە و پێناسەی جیاجیایان بۆ کراوە[3]، هەموو ئەم زاراوانە وەکو ئەو زاراوانەیە، کە لەزمانەوانی کوردیدا لە بارەی دیالێکتەوە بەکارهاتووە وەکو:( زار، زمانی نووسین، زمانی ئەدەبی، زمانی نەتەوەیی، زمانی پەتی، زمانی ستاندەرد، شێوە دیالێکت، بەچکەزار، زارۆچکە، شێوەزار ، گۆڤەر، شێوە و... هتد)، تا ئەو رادەیەی، کە زمانەوانە کوردەکانیش وەکو زمانەوانە عەرەبە کۆنەکان زاراوەی (زمان) یان لە جیاتی دیالێکت بەکارهێناوە[4]، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە زمانەوانانی کورد، زۆرتر ئاشناییان لەگەڵ سەرچاوە عەرەبیەکان و زمانەوانی عەرەبیدا هەبووە و بۆ ئەوەی خۆمان لەم کێژاوەیەی زاراوەکان رزگاربکەین، بەباشی دەزانین زاراوەی (دیالێکت Dialect) بەکاربێنن، چونکە هەم زاراوەیەکی جیهانییە و لە بواری زمانەوانیدا بەکار هاتووە و جێگەی خۆی لە نێو زمانەوانی جیهانی بەگشتی و زمانەوانی ئەوروپی و ئەمریکی بەتایبەتی کردۆتەوە، هەمیش گونجاوترە لە هەموو ئەو زاراوانەی سەرەوە، کە رەنگە سەر لە خوێنەر بشوێنن.

---

(١) العربية الفصحى ولهجاتها، حسام البهتاوى، ص٦.
(٢) العربية وعلم الغة الحديث، محمد محمد داود، ص٦٣.
(٣) فقة اللغة العربية، طاهر ياسر الزبيدى، ص٢٠٥.
(٤) زمانی کوردی لە تەرازوی بەراوردا، محمد ئەمین هەورامانی، ل٦٧.

## پێناسەی دیالێکت

زمانەوانان، هەر وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکەی زمانەوانی پێناسەی جیاوازیان بۆ (دیالێکت ـ Dialect) کردووە، هەریەك بەپێی روانگەیەکی تایبەت پێناسەی کردووە، بە شێوەیەکی گشتی لە پێناسەکاندا رەچاوی لایەنەکانی جڤاکی و دەروونی و ئابوری و سیاسی و جوگرافی کراوە، لە خوارەوە بەپێی روانگە جیاوازەکان چەند پێناسەیەکی دیالێکت دەخەینەڕوو:

**لە روانگەی جڤاکیەوە:**

**لە بەکارهێنانی میللیدا (دیالێکت):** بۆ ئاماژەکردن بەئاستێکی نزمتری زمان لە جڤاکێکی دیاریکراو بەکاردێت و بەو چاوە تەماشای دەکرێت، کە لە رووی لیکسیکی و رێزمانییەوە لە زمانی ستاندەرد لاوازترە[1].

**دیالێکتی جڤاکی:** ئەو جۆرە دیالێکتەی کە گرێدراوی چینێکی جڤاکی دیاریکراوە، پێی دەگوترێت دیالێکتی جڤاکی Sociolect[2].

**دیالێکت:** شێوەی لێدوان وقسەکردنی کۆمەلە خەلکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە ولێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە تایبەتیەکی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی خۆی هەیە، بەلام لەهەمان کاتدا بەشێکە لەزمانی نەتەوەیی ئەو خەلکە وپەیدابوونیشی دیاردەیەکی سروشتیە[3].

**دیالێکت:** یەکێکە لە شێوە جیاوازەکانی زمانێك، لە زۆربەی کۆمەلگاکان یەکێك لە شێوازەکان پەسند دەکرێت و وەکو زمانی ستاندەرد بەکاردەهێنرێت[4].

**دیالێکت:** بەو شێوە زمانە دەگوترێ کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاریدەهێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیاندەگەن[5].

---

(1) Dialect definition: http://en.wikipedia.org/Dialect.
(2) Dialect definition: http://en.wikipedia.org/Dialect.
(٣) زمانی نەتەوایەتی کوردی، کامل حسن البصیر، ل١٥.
(٤) زبانشناسی و زبان، جولیا اس. فاللك، ترجمە خسرو غلامعلیزادە، ل٤٠٢.
(٥) زمانەوانی، محمد معروف فتاح، ل١٠٥.

## لە روانگەی جوگرافیەوە:

**دیالێکت:** زاراوەیەکە بۆ جۆرەکانی ئاخفتنی هەرێمی (ناوچەیی) و هەروەها جورەکانی ئاخفتنی چینە جڤاکیە جیاوازەکان بەکاردێت[١].

**دیالێکت:** کومەڵە تایبەتمەندیەکی زمانییە، سەر بە ژینگەیەکی تایبەتە و هەموو تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەشدارن لەو تایبەتمەندیانەدا[٢].

## لە روانگەی زمانییەوە:

**دیالێکت:** شێوەی جیاواز و سەربەخۆیە لەزمانی گشتی، نەوەك تەنها شێوەی جیاجیای زمانی پەتییە[٣].

**دیالێکت:** جۆرێکە لە زمان لە لایەن گروپێکی دیاریکراو لە جڤاکدا بەکاردەهێنرێت، کە خاوەن وشەی فەرهەنگی و دەستور و دەربڕینی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لە گروپەکانی دیکەی هەمان جڤاك، زمانی ئەم گروپە یان رادەی لێکچوونی زۆرە لەگەڵ زمانی ستاندەرد و پێوەری یا بە پێچەوانەوە[٤].

**دیالێکت:** بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن[٥].

**دیالێکت:** شێوەی جیاوازی زمانێکە، جڤاکەکان یەك لەو شێوانە پەسند دەکەن و وەك زمانی ستاندەری خۆیان بەکاری دێنن[٦].

**دیالێکت:** بریتییە لە شێوەیەکی زمانی بەناویەکداچوو و لە زمانی ستاندەرد جیاوازە و سیستەمی فۆنۆلۆجی وشەی فەرهەنگی و یاسای سنتاکسی تایبەت بە خۆی هەیە[٧].

---

(1) Dialect definition: http://en.wikipedia.org/Dialect.

(٢) فقة اللغة مناهلة ومسائلة، محمد اسعد النادری، ص١٤.

(٣) اللغة العربية تاريخها ومستوياتها وتأثيرها، كيتس فرستيغ، ص١٥١.

(4) Webster's third New Inter tional (Dictionary) Philip bocock Gove, P:622 .

(٥) چەند بابەتیکی زمان وریزمانی کوردی، رەفیق شوانی، ل٦٦.

(٦) زبانشناسی و زبان، جوليا. ا س. فالك، ترجمة خسرو غلام عليزادة، ص٤٠٤.

(٧) الموسوعة اللغوية، ن.ي. كولنج، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محى الدين حميدى و د.عبداللة سميدان، ص٩٢٥.

**دیالێکت:** شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانییە لەلایەن بەکارهێنەرانی یەك زمان، هەریەك لە شێوەکان تایبەتبەتمەندی زمانی خۆی هەیە، کە لەشێوەکانی دیکەی هەمان زمان جیایی دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموویانەوە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیدا هاوبەشن، واتە شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانییە لە نێو تاکە زمانێك، کە لە گەڵ شێوەکانی دیکەی هەمان زمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیاواز و کۆمەڵێیك تایبەتمەندی زمانی هاوبەشی هەیە[1].

## لە روانگەی دەروونییەوە:

**دیالێکت:** خۆشویستن و راهاتن و گیرۆدەبوونە بەشتێك، بەم پێیە زمانەوانە کۆنەکانی عەرەب بەوە پێناسەی دیالێکتیان کردووە، کە: (ئەو زمانەی مرۆڤ لە سەری راهاتووە و بەوشێوەیە لەگەڵیدا بووە تا ئەو شێوە زمانەی گرتووە[2]).

**دیالێکت:** شێوەیەکی زمانی تایبەتە کە تاکە کەسێك بەکاری دێنێت، بەمەش تاکە کەسەکە لە جڤاکێکی زمانیدا تایبەتمەندی خۆی دەبێت[3].

لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەموو ئەم پێناسانەی سەرەوە، کە لە روانگەگەلی جیاوازەوە بۆ دیالێکت کراون، دەگەینە ئەو راستیەی کە دیالێکتەکان لە چەند تایبەتمەندی و سیمایەکدا کۆدەکرێنەوە، و گرنگترین ئەو تایبەتمەندی و سیمایانەش بریتین لە:

١- لێکچوون و هاوبەشی لە نێوان دیالێکتەکان هەیە و پێویستە ئەو لێکچوون و هاوبەشیە لە ئاستێکی بەرزدا نەبێت، ئەگەر نا، ئەو دیالێکتانە بە زمانی جیا دادەنرێن، نەك دیالێکتی جیاوازی زمانێك، بەشێوەیەك کە ئەو راستیە لەبەر چاوبێت، هەموو ئەم دیالێکتانە لە چوارچێوەی یەك زماندا کۆدەبنەوە.

٢- دیالێکتەکان، لەگەڵ ئەوەی تایبەتن بە دەڤەر و هەرێمێکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا تایبەتن بە جڤاکێکی زمانی دیایکراو.

---

(١) العربية وعلم اللغة الحديث، محمد محمد داود، ص٦٤.
(٢) الاساس في فقة اللغة العربية و ارومتها، هادی نهر، ص٢٨٠.
(٣) مدخل الى علم اللغة، محمد حسين عبدالعزيز، ص١٥٩.

٣- دیالێكتەكان شێوەی جیاوازی ئاخفتنن، نەك شێوەی جیاوازی زمان، جیاوازیەكان لە ئاستی ئاخفتندان نەك لە سیستەم ئاستەكانی زمان.

٤- تاكە زمانێك لە كۆی چەند دیالێكتێك پێكهاتووە، هیچ كام لەو دیالێكتانە لە رووی زمانییەوە كەم و كوڕی تێدانییە و دەكرێت وەكو زمانی سەرتاسەری لەلایەن تەواوی بەكارهێنەرانی دیالێكتە جیاوازەكانی هەمان زمانەوە بەكاربهێندرێن.

لە كۆتایدا و لەبەر رۆشنایی پێناسە و تایبەتمەندی و سیماكانی سەرەوە، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی دیالێكت بكەین:

***دیالێكت – Dialect:***

***(شێوەی جیاوازی ئاخفتنی زمانێكن، لە جڤاك و ژینگەی جیاوازدا بەكاردەهێنرێن).***

## جۆرەكانی دیالێكت

**یەكەم/ دیالێكتی تایبەتی:** دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت:

أ - دیالێكتی پیشەیی: كە بەناوی (Jopgon) ناونراوە وبەم شێوەیە پێناسەكراوە: ئەو تایبەتمەندیە زمانیانەیە، كە لە لایەن خاوەن پیشە تایبەتیەكانەوە بەكاردێت و لەڕێگایانەوە پەیوەندی نێوان هەموو ئەوانەی خاوەنی ئەو پیشەیەن دەبەسترێت[1]. وەكو پیشەكانی: (كرێكار، جوتیار، ئەندازیار، نۆژدار و...هتد)، كە هەریەك لەم پیشەیانە، كۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

ب- دیالێكتی چینایەتی: دابەشی سەر دوو جۆر كراوە:

- بەشێكیان بەناوی (Nulgarisms) ناونراوە وتێدا جیاوازی و تایبەتمەندیەكی دیاری لەگەڵ چینێكی دیكەی هەمان جڤاكە هەیە. وەكو جڤاكی شار نشین و گوند نشین.
- بەشەكەی دیكەشیان بەناوی (Substandard Speecn) ناونراوە كە بەكارهێنەرەكانی لە چینێكی تایبەتن و تیدا رەچاوی هیچ لە بنەما و یاساكانی زمانەكە ناكەن[2].

---

(١) العربیة الفصحی ولهجاتها، حسام البهناوی، ص٦.

(٢) هەمان ژێدەر، ل٧.

**دووەم/ دیالێکتی گشتی**

ئـەو دیالێکتەیـە کـە زۆرینـەی بەکارهێنـەرانی زمانێـك بەکاریـدێنن و بـۆ هـەموو دیالێکتەکان بەیەکەوە بەکاردێت، وناوی لێینـراوە:( Slang ) یان (Callqualism).

هـەروەها لـە جۆرەکـانی دیـالێکتی گـشتیدا بـاس لـە هـەردوو جـۆری (دیـالێکتی ستاندەرد – Standard Dialect) و (دیالێکتە جڤاکیـەکان – Social Dialects) کراوە، کە لەلایەن کۆمەلێکی فراوانەوە بەکاردەهێنرێن[1].

---

(١) التفكير اللغوي بين القديم و الجديد، كمال بشر، ص١٩٧.

# تەوەری دووەم

## چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی دیالێکتۆجیا

### چەمکی دیالێکتۆلۆجیا

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە (دیالێکت ـ Dialect) زاراوەیەکی گریکییە و لە زاراوەی (Dialekoos)ەوە هاتووە، لە کوردیدا (دیالێکت - زار) و لە عەرەبیشدا (اللهجە)ی لە بەرامبەر بەکارهاتووە، زاراوەی (لوجی ـ Logy)یش بە واتای زانست دێت، بەمەش زاراوەی (دیالێکتۆلۆجی ـــ Dialectology) بە واتای زانستی دیالێکتەکان (دیالێکتناسی - زارناسی) لە کوریدا و (علم الهجات) لە عەرەبیدا دێت.

دیالێکتۆلۆجی وەکو زۆربەی لقەکانی دیکەی زمانەوانی، دوای ئەوەی زمانەوانی وەکو زانستێکی سەربەخۆ وجیا لە زانستەکانی دیکە ڕێچکەی خۆی گرت، سەریهەڵداوە، زمانەوانە کۆنەکان نەك هەر دیالێیکەتەکانیان فەرامۆش کردبوو، بەڵکو تەنها گرنگیان بە زمانی گریکی و ڕۆمانی داوە، چونکە باوەڕیان وابوو کە زمانەکانی دیکە کاریگەری نێگەتیف دەکەنە سەر زمانی ئەدەبی و زۆر جار بەکەم و لاواز وەسفی زمانەکانی دیکەیان کردووە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین، ئەم لقەی زمانەوانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵدا و بەرەوپێشچوو، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

١- دۆزینەوەی زمانی سانسکریتی وای لە زمانەوانان کرد هەوڵی لێکۆڵینەوەی زمانەکانی دیکەی جیهان بدەن، چونکە لەو کاتەدا هەوڵی ئەوە دەدرا کە ڕەگ و ریشە و ڕەسەنی زمانەکان و پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان بدۆزنەوە، ئەمە وای کرد کە زمانەوانەکان لە زمانەکانی ئەو سەردەمە بەباشی نیزیك ببنەوە و لە هەموو لایەکەوە لێییان بکۆڵنەوە، بەمە زاناکان هەستیان بە گرنگی لێکۆڵینەوە لە دیالێکتی زمانەکان کرد.

٢- سەرهەڵدانی قوتابخانەی (ڕێزمانییە نوێخوازەکان)ی ئەڵمانی کە بە: (Neo–Gremmairiens) ناسراو بوون و بیروباوەڕیان وابو، کە دیاردە زمانییەکان ناکەونە ژێر کۆنترۆل و دەستەڵاتی مرۆڤ و جڤاکەکان، بەڵکو پرۆسەیەکی حەتمیە (بەخورتی - اجبار)، لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی هەرەمەکی و لە خۆوە ڕوونادەن، بەڵکو دیاردە زمانییەکان دەکەونە ژێر یاساو ڕێسای دیاریکراو، کە جڤاك و تاکەکان هیچ دەستەڵاتیان بەسەرەوە نییە، ئەو زانایانە بۆ چەسپاندنی ئەم بیروباوەڕانەیان، پەنایان بردە بەر زمانە زیندووەکان و بە شێوەیەکی وەسفی، دیاردە زمانەکانیان لە دیالێکت و زمانە زیندووەکان وەردەگرت و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوەکرد[١].

دواتر گرنگیدان بە بواری دیالێکتەکان لە چوارچێوەی زمانەوانی جوگرافیدا، بووە هۆی ئەوەی کە بواری زانستی جوگرافیایی دیالێکتەکان یاخود کە دواتر بە دیالێکتۆلۆجیا ناسرا سەرهەڵبدات[٢]. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم گرنگیدان بە دیالێکتەکان لە ڕووی فەرهەنگسازی و ڕێزمان و بەتایبەتی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە، ئەم سەرهەڵدان و گرنگیدانە بە دیالێکتەکان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و بەهێزبوونی هەستی (نەزعەی) نەتەوەیی لە ئەورووپا[٣].

دیالێکتولوجیا لەسەر دەستی ئەم زانایانە هەنگاوی گەورەی بەرو پێشەوە ناوە:

١- جاستۆن پارپس: یەکێك بووە لە زمانەوانە بەناوبانگەکانی فۆنەتیك (جاستۆن) یەکەم فەرەنسی بووە، کە بە پێویستی زانیوە لێکۆڵینەوە لە بارەی دیالێکتەکان ئەنجامبدرێت و بۆ ئەم مەبەستە لە پەیمانگای خوێندنی باڵا لە فەرەنسا بەشێکی تایبەتی بە دیالێکتۆلوجی بەناوی: (Ecole pratiquedes Hautes Etades) دامەزراند[٤].

---

(١) علم اللغة، علی عبدوالواحد وافی، ص٥٧.

(٢) علم اللغة الاجتماعی، هدسون، ترجمة محمود عباس، ص٦٧.

(3) Dialect and Dialectolgy: http: //wikipedia. Org/ wiki/ Dialect.

(٤) علم اللغة الاجتماعی، هدسون، ترجمة محمود عباس، ص٥٩.

٢- دوای (جاستون)، هەر لە فەرەنسا، هەریەك لە (تۆرتۆلۆن - tourtoulon) و (برینجیە - Bringuiet) و (ئەنتۆن تۆماس - AntoineTomas) و (ئەلبێرت دۆزات - Albert Douzat) لێکۆڵینەوەی زۆریان لە سەر ئەو زمانانەی ئەوروپی کە بە دیالێکتی زمانی ڕۆمانی دادەنران، ئەنجامداوە[١].

٣- (ڕۆسلۆ) و (چیلیرۆن) لە زمانەوانە هەرە بە ناوبانگەکانی بواری لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆجی دەژمێردرێن، (ڕۆسلۆ) لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگی بە لایەنی فۆنەتیکی دیالێکتەکان داوە و (چیلیرۆن) گرنگی بە لایەنی سیمانتیکی دیالێکتەکان داوە[٢].

## پێناسەی دیالێکتۆلۆجیا

زمانەوانان بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێناسەی دیالێکتۆلۆجیایان کردووە، لە خوارەوە هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

سادەترین پێناسەی دیالێکتۆلۆجی ئەوەیە کە دەڵێت: بریتییە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان[٣]. هەروەها بەم شێوەیە پێناسەکراوە: لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی زمان لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی بە پلەی یەکەم و هەموو ئەو جیاوازیانەی پەیوەندیان بە جیاوازیە جڤاکیەکانەوە هەیە بە پلەی دووەم دەکات و گرنگی بە جیاوازیەکانی زمان لەسەر بنەمای کات لە چوارچێوەی زمانەوانی دیرۆکیدا دەدات[٤].

**دیالێکتۆلۆجی:** بەشێکی زمانەوانییە، گرنگی بە ڕاڤەکردن و وەسفکردنی ئەو جیاوازیانە دەدات، کە لە دیالێکتەکانی زمانێکدا بەدی دەکرێن[٥].

---

(١) علم اللغة، علی عبدوالواحد وافی، ص٦٢.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٦٢.
(٣) درآمدی بر زبانشناسی معاصر، ویلیام اطرادی و مایکل دابروولسکی و مارك آرنف، ترجمة دکتر علی درزی، ص٥٢٥.
(4) Dialect and Dialectolgy: http: //wikipedia. Org/ wiki/ Dialect.
(٥) مدخل الی علم اللغة، محمد حسین عبدالعزیز، ص١٥٥.

**دیالێکتۆلۆجی**: لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری جوگرافی دیالێکتەکان دەکات، بە پشت بەستن بە نەخشەی دیالێکتەکان، کە تێدا بلاّوبوونەوەی تایبەتمەندی زمانی دیاریکراو لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا لە رێگای نەخشەکێشانی چەند هێڵێکی وەهمیەوە، کە بە هێڵی جیاکەرەوە Sogosses ناسراوە ئەنجامدەدرێت(١).

**دیالێکتۆلۆجی**: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان یاخود لێکۆڵینەوەی ناوچەیی دیالێکتەکان و هەندێ جار بە جوگرافیایی زمان ناودەبرێت(٢).

**دیالێکتۆلۆجیا**: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی و سەرچاوە و پێکهاتەی دیالێکتەکانی زمان، جگەلە فاکتەرەکانی زمانی، باس لە فاکتەرەکانی: تۆپۆگرافی، رێگا بازرگانییەکان، فاکتەرە رامیاری و ئاینییەکانی ئەو ناوچە و هەرێمانەی کە دیالێکتەکانی تێدا بەکاردێت، دەکات(٣).

**دیالێکتۆلۆجیا**: ئەو رووداوانەی بەسەر زماندا دێن لە رووی بوژانەوە و گەورەبوون و لق لێبوونەوە، بە دیالێکتۆلۆجی Dialectolgy ناو دەبرێت(٤).

(دیالێکتۆلۆجیستیس Dialectologists): بە واتای تایبەتمەندی سینتاکسی هەرێمە جیاوازەکان هاتووە(٥).

لەم پێناسەیانەی سەرەوەدا بەوە دەگەین کە:

***(دیالێکتۆلۆجی Dialecbolgy بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دیالێکتەکان(٦)).***

(١) اللغة العربية تاريخها و مستوياتها و تاثيرها، كيتس فرستيغ، ص١٥٦.
(2) encyclopedia of the English language, David crstyal, p:61-64.
(3) Routledgedictionary of language and linguistics, Hadumod Bussmann, p:126 .
(٤) رێزمانا کوردی (کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)، صادق بهاءالدین ئامێدی، ل١٧.
(5) Dialect and Dialectolgy: http: //wikipedia. Org/ wiki/ Dialect.
(٦) بۆیە زاراوەی (لێکۆڵینەوەی زمانەوانی) بەکاردێنین، بۆ ئەوەی هەموو لایەن و ئاستەکانی زمانەوانی لەخۆبگرێت، وەکو ئەوەی لێکۆڵینەوەی لایەنی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی و سیمانتیکی و یان لایەنی زمانەوانی جوگرافی دیالێکتەکان لە خۆبکرێت.

## سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان

مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسان هەست بەجیاوازی زمان لە ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان دەکات، چونکە کاتێك مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە گەشتی کردووە یاخود کۆچیکردووە هەستی بە جیاوازی نێوان زمان و دیالێکتی ناوچەی یەکەمی لەگەڵ ناوچەی دووەم کردووە، زمانەوانانیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی هەستیان بەم جیاوازیە کردووە، بۆیە جۆراوجوری زمان لە ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان، یەکەم بابەت بووە کە زمانەوانانی خەریکردووە، بەم شێوەیە زمانەوانە یۆنانییەکان هەستیان بە جیاوازی نێوان دیالێکتەکانیان کردووە[1]. لە زمانەوانی دێریندا هەروەك چۆن جیاوازی نێوان زمانە جیاوازەکانیان کردووە، بەهەمان شێوە جیاوازی نێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانێکی دیاریکراویان کردووە، لەسەر بنەمای بەراووردکاری نێوان زمانەکان کۆمەڵە و خێزانە زمانییەکانیان دۆزیوەتەوە، دوو جۆر بەراووردکاریان کردووە، جۆرێکیان لە نێوان ئەو زمانانەی کە تاڕادەیەکی زۆر لێکچوو و لێکنزیکن و جۆرەکەی دیکەیان لە نێوان ئەو زمانانەی کە تاڕادەیەکی کەم لێکچوو و لێکنزیکیان لە نێواندا هەیە، زمانەوانی دێرین لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەی دیالێکتی کردووە، بەوەی: (ئەو زمانانەی کە تا رادەیەکی زۆر لێکچوو و لێکنزیکن بەدیالێکتی یەك زمان دادەنرێن[2]).

لە لایەکی دیکەوە رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژئاوایی، بووە هۆی ئەوەی بنەماکانی رێبازی پێوەری لە زمانەوانیدا بەرەونەمان بچێت، ئەمەش کاتێك زیاتر چەسپا، کە زمانە رۆمانییەکانی وەك: ( ئیتالی، فەرەنسی، پرۆفسنالی، نۆرماندی و... هتد)، بوون بە زمانی نووسین وخوێندن لە زۆر لەو ناوچانەی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی رۆمانی بوون، لەو کاتەدا زمانی رەسمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لاتینی بوو، بەڵام هاوشان بوو لەگەڵ زمانە نێوخویی و دیالێکتی چینە جیاوازەکانی کومەڵگا، هەرچەندە هەنگاوەکانی هاوسەنگی ویەکسانبوونی نێوانیان زۆر لەسەرخۆ بووە و تا نیزیکەی ساڵی (١٠٠٠ز) خایاندووە، کاتێك کە کتێبێکی رێزمانی دوو

---

(١) علم اللغة العام ، فردیناند دی سوسور، ترجمة د. یوئیل یوسف عزیز، ص٢١٤ .
(٢) هەمان ژێدەر، ل٢١٥.

زمـانی، لاتینـی و ئەنگلۆسەکسۆنی دەرچووە، دواتـر ئـەم زمانـە خۆمـاڵی ودیالێکتانـە، لەنێو بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمە رەنگیانداوە[1]. بەڵام ئەمە ئـەوە ناگـەینێت، کە پێش ئەو سەردەمە هیچ لێکۆڵینەوەیـەکی دیـالێکتۆلۆجی نـەبووە، بـەڵکو پێشتریش لێکۆڵینـەوە لـەو بارەیـە هـەبووە، لـە خـوارەوە بـەپێی قۆناغـە دیرۆکیـەکان بـاس لـە هەندێك لەو هەنگاوانە دەکەین:

**دیالێکتۆلۆجی لای هیندیەکان:**

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی هەر لەکۆنەوە بایەخ و گرنگی بە دیالێکتەکانـداوە و یەکـەم لێکۆڵینـەوەی زمانـەوانی لـە بـارەی زمـانی سانـسکریتیەوە، کـە لەلایـەن (پـانینی)ەوە ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆجی بـووە، چونکە بـەپێی بۆچوونی هەنـدێك لـە زمانـەوانان، زمـانی (ڤیـدا)، یـەکێك بـووە لـە دیالێکتـەکانی زمـانی ئـەو سـەردمەی هیندستان، بەڵام لەبەر ئەوەی وەکو زمانی ئاینی بـەکارهاتووە (کە دەقـی نووسراویـشی نەبووە)، ئـەو گرنگیـەی پێـدراوە[2]، هـەروەها لێکۆڵینەوەکە بـەو مەبەسـتە بـووە، کـە زمانی پیروزی (ڤیدا)، لە دیالێکتە خۆماڵیەکانی ئەو سـەردەمەی هیندسـتان بپارێزرێت و ئـەو زمانـە پـیرۆزەی کـە لـە سـەر زاری خـەڵك و بەتایـەتی پیـاوە ئاینییـەکان لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی دیکـە دەگوازایـەوە، لـە زمـان و دیـالێکتی خـەڵکی ئاسـایی بپارێزرێت، هەر ئەمەش هۆکار بووە، کە (پانینی) بەو شێوە وەسفیە وردە لـەو زمانـە بکۆڵێتـەوە. هەنـدێکی دیکـە لـەو بـاوەڕەدان، کـە زۆری دیالێکتـە خۆماڵیـەکان لـە هیندستان، هۆکاری سەرەکی گرنگیدان بە زمانی سانسکریتی و شیکردنەوەی بووە، ئـەو دیالێکتانەی هۆکاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکان بوونە، لە هەمان کاتـدا ئـامرازی سـەرەکی بوونە لەو لێکۆڵینـەوە وردەی بـۆ زمـانی سانـسکریتی لـەو سـەردەمەدا ئەنجامـدراوە[3]،

---

(١) اسس علم اللغة، ماریوبای، ترجمة وتعلیق د. احمد مختار عمر، ص٢٢٨.

(٢) هەروەك زمانی ئاینی ئیسلام، کە بریتییە لـە دیـالێکتی خێڵـە عەرەبـەکانی نیمـچە دوورگـەی عەرەبی، بەڵام دوای ئەوەی قورئانی پیرۆز بەو دیالێکتە هات، بەچـاوێکی پـیرۆزەوە تەماشـای ئـەو دیالێکتـە کـرا و وەك زمـان، نـەك وەك دیـالێکتێکی زمـانی عـەرەبی تەماشـای کـرا و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەنجامدرا.

(٣) اسس علم اللغة، ماریوبای، ترجمة وتعلیق د. احمد مختار عمر، ص ٢٠١.

ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە هەر لەو سەردەمە دیاردەی دیالێکت لە زماندا هەبووە، هەر چەندە لێیان نەکۆڵدراوەتەوە، بەڵام خودی دیالێکتەکان، ئامرازێکی سەرەکی بوونە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی ئاینی ئەو سەردەمە.

**دیالێکتۆلۆجی لای یۆنانییەکان:**

هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، کە دوای ئەوەی لەشکەری ئەسکەندەری مەقدونی ناوچەکانی دیکەی یۆنان و ئاسیای بچوك و ئێران ومیسری کردە ژێر دەسەلاتی خۆی، زمانی رەسمی یۆنانی بوو بە زمانی ئەو ناوچانەش، فێرکردنی ئەو خەڵکانەی کە تازە کەوتبوونەتە ژێر دەسەلاتیان، جۆرە چالاکیەکی نوێی بوو بۆ یۆنانییەکان و ناچاربوونە زمانی خۆیان لەگەڵ زمانی ئەو میللەتانە تێکەل بکەن، هەر لە وێوە زاراوەکانی (Dialoktoos و Patios) وەك پێویستیەك بۆ جیاکردنەوەی زمانی یۆنانی لەگەڵ زمان و دیالێکتەکانی دیکەی ئەوسەردەمە، پەیدابوو، هەروەها بو ئەوەی بتوانن پاشماوەی شارستانی و ئایدۆلۆجی ئێرانی و میسریە کۆنەکان وەرگێرنە سەر زمانی خۆیان ولێی تێبگەن، ناچاربوونە گرنگی بە زمان ودیالێکتەکانی ئەوسەردەمەی ناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان بدەن[1]. یۆنانییەکان زاراوەی گراماتیکا (Grammatike) یان بۆ زمانەوانی بەکارهێناوە و بە واتای ئەو کەسە دێت، کە لە رستە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو کەسەیە کە دەتوانێت نووسینی سەر پیستەکان بەکاربێنێت و بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، زمانی رەسمی ولاتیان بە (Dialectos) و زمانی خەلکی دیکە بە (patios) ناوبردووە، هەوەها زاراوەی (کوین - Koine) یان بۆ زمانی رەسمی بەکارهێناوە، چونکە لەسەردەمی دەولەتی شار، هەر دەولەت و ناوچە و دوورگەیەکی یۆنانی دیالێکتی تایبەتی خۆی هەبووە، بەلام یۆنانییەکان بەو چاوە تەماشای دیالێکتە جیاوازەکانی خۆیان کردووە کە هەموویان سەر بە زمانی یۆنانین، لەم بارەیەوە وتەیەکی (هیرۆدۆت) هەیە، کە لەسەر زمانی یۆنانییەکان دەیگێرپیتەوە وتێدا ئاماژەی بە یەکێتی نەتەوەیی یۆنان کردووە: (سەرەتای جڤاکی یۆنانی لەرێگای خوێن و زمان بەیەکەوە بەستراوەتەوە)[2].

---

(١) موجز تاريخ علم اللغة ( في الغرب )، ر. هـ . روبنز، ترجمة احمد عوض، ص٣٦.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٣١.

هەموو ئەو گەشەكردنەی زمانەوانی لە لای یۆنانییەكان لەسەردەمی رەواقیەكان بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی قوتابخانەی (هێلینی)، تا گەیشتە ئەو رادەیەی كە زانایانی سەر بەو قوتابخانەیە لە زمانی رەسمی خۆیان (Koine) دووربكەنە، هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە كە (زینۆن)ی دامەزرینەری قوتابخانەكە خۆی كەسێكی دوو زمانە (ثنائی اللغة) بووە وبە رەگەز سەر بەیەكێك لە زمانە سامیەكان بووە و لە یۆنان فێری زمانی یۆنانی (Koine)ی بووە. لەئەنجامی پەیوەندی و بەیەك گەیشتنی بەردەوامی یۆنانییەكان لەگەڵ میللەتانی دیكە، رۆژبەرۆژ گرنگی بە زمان و دیالێكتەكانی ئەو سەردەمە زیاتربووە، هەر لەو سەردەمە گرنگی بەدیالێكتەكانی دیكەی یۆنانی جگە لە دیالێكتی ئەسینی(Koine) دراوە.

## دیالێكتۆلۆجی لای رۆمانەكان:

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانكاریە دیرۆكیانەی لەو سەردەمەدا روویانداوە، بەڵام رۆمانەكان لەم بارەیەوە جگەلەوەی یۆنانییەكان پێشكەشیان كردووە، هیچیان لەسەر زێدەنەكردووە، هەموو هەوڵ وكۆششی یۆنانی و رۆمانەكان، بۆ ناسین و فێربوون ولێكۆڵینەوە لەزمان و دیالێكتە جیاجیاكانی دیكەی ئەو سەردەمە، تەنها بۆ مەبەستی فێربوون و پەیوەندیكردن و بەكارهێنانی ئەو زانیاریانە لە كاروباری دەولەتی وكارگێڕیدا بووە[1]، لە قۆناغەكانی كۆتایی دەولەتی رۆمانی یەكەم وەرگێڕانی كتێبی پیرۆز (العهد القدیم) كە بە (وەرگێڕانی مەفتایی) ناسراوە ئەنجامدراوە[2]، رۆمانەكان هیچ چەمك و ئیدیۆم و زاراوەیەكی زمانەوانی و دیالێكتۆلۆجی تایبەتیان دانەهێناوە، لە لێكۆڵینەوەكانیان، هەمان ئەو ئیدیۆم و زاراوانەیان بەكارهێناوە، كە یۆنانییەكان بەكاریان هێنابوو.

تەنها هەوڵ و لێكۆڵینەوەی دیار، ئەو كتێبەی دانتی (Dante)یە، كە بەناوی (Devulgvieloguetia)یە و تێدا باسی لە گرنگی لێكۆڵینەوە لەبارەی زمانە ئەورپییە خۆماڵیەكان كردووە، هەروەها دیالێكتەكانی زمانی ئیتالی شیكردۆتەوە

(١) موجز تاریخ علم اللغة( في الغرب )، ر. هـ . روبنز، ترجمة احمد عوض، ص١٤٦.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٣٨.

و جیاوازی نێوانیان دیاریکردووەوە، (دانتی) زۆر بەوردی جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی زمانی ئیتالی دەستنیشانکردووە و روپیوێکی وردی بۆ دیالێکتە ئیتالیەکان کردووە[1]، بەڵام ئەم هەوڵانەی (دانتی) زیاتر لە پێناوی لێکۆڵینەوەی دیرۆکی و بەراوردکاری خێزانە زمانییەکان بووە.

## دیالێکتۆلۆجی لای چینییەکان:

لە سەدەی هەڤدەهەمدا، لە چین لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە زمانی نووسراوی ئەدەبیەوە، گواسترایەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان و بەتایبەتی دیالێکتەکانی باکوری شاری پەکین، و دواتر لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی چینی ئەنجامدراوە، یەکێك لەو زمانەوانە چینیانەی کە شارەزای فۆنۆلۆجی دیالێکتەکانی زمانی چینی بوو ( پان - لی Pan-Lie)یە، لەسەدەی هەڤدیەمدا لێکۆڵینەوەی فراوانی لە بارەی دیالێکتەکانی زمانی چینی ئەو سەردەمە ئەنجامداوە[2].

## دیالێکتۆلۆجی لای رێزمانییە نوێیەکان:

رێزمانییە نوێیەکان (Neo–Gremmairiens)، کە بە پشت بەستن بە بنەماکانی زمانەوانی دیرۆکی و بەراوردکاری، دەستیان بە دانانی بنەماکانی رێبازەکەی خۆیان کرد، ئەوان وەك چۆن (شلیشەر) پشتی بە زانستەکانی دیکەی وەك بایلۆجی بەستبوو، پشتیان بەتیۆرە فیزیاییەکان بەستبوو، لە ساڵی(١٨٧٨ز) و بۆ یەکەم جار کورتەی بنەماکانی تیۆرکەی خۆیان لەگۆڤارێك ، کە لە لایەن دوو لە دیارترین ئەندامان ولایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە (هـ .ئۆستۆن ــ H.Osthon و ك. بروجمان K.Brugman) دەردەچوو، بلاّوکردەوە، کە ئەوە یەکەم بلاّوکردنەوەی بیروبۆچونی زامانەوانانی سەر بەو قوتابخانەیە بوو، تێدا هاتبو: (هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دەنگەکان دێن، پرۆسەیەکی میکانیکیە و بەپێی چەند یاسایەکە، کە بواری هیچ ریزبرپەك (استثناء) و لادانێك لەو یاسایانە نادات، لە نێو خودی دیالێکتێکیشدا

(١) هەمان ژێدەر، ل٢٣٩.
(٢) هەمان ژێدەر ، ل١٦٣.

و لەچوارچێوەی ماوەیەکی (هەیامەکی) کاتی دیارکراودا، هەمان ئەو دەنگە لە ژینگەیەکی دیارکراودا بەردەوام و بەهەمان شێوە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت[1]).

هەلبەتە ئەم زمانەوانانە لەچوارچێوەی زمانەوانی دیرۆکیدا لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامداوە، بەلاّم بە رێبازێك وبنەمایەکی نوێ، چونکە زمانەوانی دیرۆکی و بەراوردکاری لە گۆڕانکاریە دەنگیەکاندا پشتیان بە زێدەڕۆی و لێکدانەوەی تیۆری دەبەست، بەلاّم ئەمان پشتیان بە تاقیکردنەوە و راستیەکانی نێو خودی زمان و دیالێکتەکان بەستبوو[2]، رێزمانییە نوێیەکان لە لێکۆڵینەوەکانیان و بە مەبەستی سەلماندنی بیروبۆچوونەکانیان، روویان لە دیالێکتە خۆماڵیەکانی ئەو سەردەمە کردووە و نموونەیان لێی وەرگرتوە[3].

هەروەها لەو کاتەوەی بزاڤە نەتەوەییەکان، هەموو شتێکی کە پەیوەندی بە (گەلەوە) هەبوو پیروز کرد، دیالێکتی زمانە ئەوروپییەکان، بوونە جێگای بایەخ و گرنگیپێدانێکی زۆری زمانەوانی، هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، کە لەو سەردەمەدا لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان و رۆپیوی دیالێکتەکان، بەشێوەیەکی چڕ دەستی پێکردووە وبەهێزترن ودیارترین لایەنگرانی رێزمانییە نوێیەکانیش، زمانەوانانی بواری دیالێکتۆلۆجیا بوونە[4]، هەڵبەتە زۆرترین ودیارترین ئەو رەخنانەی ئاراستەی رێزمانییە نوێیەکان کراوە، ئەوەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانیان پشتیان بە دیالێکتە ناوچەییەکانی ئەو سەردەمە بەستووە، چونکە ئەوان هەر لە بواری دۆزینەوە و پۆلینکردنی خێزانە زمانییەکان، ئەم لێکۆڵینەوانەیان ئەنجامداوە و پێیانوابوو، کە دیالێکتەکان دواین قوناغ، یاخود نوێترن قوناغی ئەو دابەشبوون و پۆلینکردنەیە، ئەوانەی رەخنەیان لە رێزمانییە نوێیەکان دەگرت، پێیانوابو کە ئەم گۆڕانکاریانە پێویستە سنورێکی کاتی دیاریکراو و هەروەها سنورێکی جوگرافی دیاریکراویان هەبێت،

---

(١) هەمان ژێدەر، ل٢٦٣.

(٢) ئۆستوف و بروجمان، ئەم بیرو بۆچوونانەیان بەشیوەیەکی (منهەجی) خستبووەڕوو، بەپێی ئەم بیرو بۆجوونە" بنەڕەتی بۆچوونەکانیان زمانەوانی میژووییە و لەگەڵ ئەوشدا ناسناوی (رێزمانیە نوێیەکان)یان وەرگرتبوو وپێیان پەسەندبوو وەك ناسناوی رەسمی بۆیان دانراوە.

(٣) موجز تاريخ علم اللغة ( في الغرب )، ر. هـ . روبنز، ترجمة احمد عوض، ص٢٦٧.

(٤) موجز تاريخ علم اللغة ( في الغرب )، ر. هـ . روبنز، ترجمة احمد عوض، ل٢٦٨.

لــه راستيــشدا دياليكتۆلۆجيــا، لــه ســەردەمانى دواتــر و دواى ئــەوەى بەشــێوەيەكى سەربەخۆ و فراوان لێكۆڵينەوە لە دياليكتەكان سەريهەڵدا، هەمان بۆچوونى رێزمانييـە نوێيەكانى سەلماند.

## دياليكتۆلۆجى لە كۆتايى سەدەى نۆزدەيەم و سەرەتاى سەدەى بيستەم:

دواى ســەردەمى بوژانــەوە، ئەوروپيــەكان لــەدەرەوەى ئــەوروپا بلاوبونــەوە و زمــانى ميللــەتانى ديكــەى نــا ئــەوروپى و هــەروەها دياليكــت و زمانــە خۆماڵيــەكانى ديكــەى ئەوروپيان دۆزيەوە، كە تا ئەو سـەردەمە هيچيان لـەبارەوە نـەزانرابوو و يـاخود بەكـەم تەماشـادەكران و لێكۆڵينــەوەيان لــە بــارەوە نــەكرابوو، لــەو ســەردەمە بــەدواوە بوونــە جێگـاى بايــەخ و گرنگيپێـدانى لێكوڵـەران و بەوچـاوە تەماشـايان دەكـردن، كــە هــيچ جياوازيەكيان لەگەڵ زمانەكانى لاتينى و يۆنانى نييە.

لەم ماوەيەدا، لێكۆڵينەوە دياليكتۆلۆجيەكان، زێدەتر بەرەوپێشچوون و هەريـەك لـە (هــ . شوشــارت - H.Schuchardt) و (ر.مێرنجــر- R.Meringer)، گرنگيــەكى زۆريــان بــەم لايەنــەى زمانــەوانى داوە، بەتايبــەتى لێكۆڵينــەوە لــە شــێوە و نــاوى (وشــە و شــتەكان - Worterandsachen) و تێـدا بــەوردى لێكۆڵينــەوەى ديرۆكـى دابەشبوون و بلاوبونەوەى جوگرافى وشە و شتەكانيان كردووە، وەكو بوارەكـانى: روەك و بـەروبومى كـشتوكالى، ئامێرەكـانى كـشتوكالى، جورەكـانى گـول و درەخـت و... هتـد[1]، (شوشارت و مێرجنر) و (ج .جيليرۆن ــ J.Gilieron)، جياوازيـان لەگـەڵ رێزمانييـە نوێيەكان لەوەدايە، كە ئەمان، ئـەو گۆڕنكاريانـەى لـە گـۆكردنى فۆنميـەكان هـەبووە بـۆ چالاكى تاكە كەسەكان گەڕاندۆتەوە، بەوەى نەوە لە دواى نەوە لاسايى دەكاتەوە تـا ئـەو رادەيەى كە زۆر بلاودەبێتەوە و دەبن بە دياليكتى جياواز، بـەلام رێزمانييـە نوێيـەكان، ئـەم گۆڕانكاريانـەيان بـۆ چـەند ياسايەكى چەسـپاو و گـشتگير و حـەتمى (بـەخورتى) گەڕاندۆتەوە، نەك بۆ چالاكى تاكە كەسەكان، هەرچى كومەلێكى ديكەى زمانـەوانن، كـە بـــە (قوتابخانـــەى نموونـــەيى يـــان ئيـــستێتيكى) ناســـراون و پێـــشەنگيان

(١) هەمان ژێدەر، ل٢٧١.

(ك. ڤوسلەر ــ K.Vossler) بوو و لە شاری میونخ نیشتەجێ بوونە، لەو باوەڕەدابوون، کە تاکە کەسەکان و بەمەبەستی ئیستێتیکیا و جونکاری، گۆڕانکاری لە زمان و دیالێکتەکان دروست دەکەن و دواتر خەڵك لاساییان دەکاتەوە و وەکو دیاردەی زمانی بلاْودەبێتەوە، ئەم قوتابخانەیە، بەم شێوەیە گرنگیان بە داهێنانی تاکە کەسەکان داوە لە گۆڕنکاریەکانی زماندا. ئەم هەرسێ گروپ و قوتابخانانە: (ڕێزمانییە نوێیەکان و قوتابخانەی نموونەیی و قوتابخانەی میونخ)، سەر بە زمانەوانی دیرۆکی بوون، بەلاْم بۆچوون وبنەما و لێکۆڵینەوەکانیان جیاوازبووە، ئەمەش بەو هۆیەوە بووە، کە هەریەك لەم قوتابخانانە بە لایەنێکی دیکەی زانیاری مرۆڤایەتیەوە لەو سەردەمەدا کاریگەر بوونە، (ڕێزمانییە نووێیەکان بە دیاردە فیزیاییەکان، نموونەییەکان بە فەیلەسوفی ئیستێتیکیای ئیتالی (ب.کرۆچە - B.Croce) کاریگەربوون[١].

بەم شێوەیە هەندێك لە بنەما هزریەکانی قوتابخانەی نموونەیی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تێروتەسەلی دیالێکتەکان تەرخانکرابوو، ئەو لێکۆڵینەوانە، بوونە هۆی ئەوەی لە ئیتالیا قوتابخانەیەك بە ناوی قوتابخانەی (زمانەوانی نوێ) دابمەزرێت و یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکانیان، ئەو پرۆسە و چالاْکییە زمانیانە بوون، کە لە ڕێگایانەوە گۆڕانکاری زمانی لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان دروست دەکات، زۆر جار زاراوەی (زمانەوانی ناوچەیی و زمانەوانی رووبەری)یان بەکارهێناوە، هەروەها ئەم قوتابخانەیە بەراوردی گۆڕانکاریەکانی ناوچە نیزیکەکان لەگەڵ ناوچە دوورەکانی هەمان زمان کردووە و ئەنجامی گۆڕانکاریە دیرۆکییەکانیان دەرخستووە[٢].

هەروەها لەسەرەتای سەرهلدانی ڕێبازی وەسفی، گرنگیەکی زۆر بە دیالێکتەکان دراوە، بەشێوەیەك کە لێکۆڵینەوە وەسفیەکان ئەوندەی گرنگیان بەدیالێکتەکان داوە،

---

(١) موجز تاريخ علم اللغة( في الغرب )، ر. هـ . روبنز، ترجمة احمد عوض، ٢٧٢.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٢٧٣.

ئەونـدە گرنگیـان بـە زمانـە رەسمیـەکان نـەداوە، ئەمـەش پێـچەوانەی لێکۆڵینـەوەکانی رێبـازی پێـوەری دیرۆکـی و بـەراوردکاری بـوو، بـەلاَم رێبـازی وەسـفی، لێکۆڵینـەوە زمانەوانییـەکانی لەچوارچـێوەی زمانـە رەسمیـەکان دەرهێنـا و بـەرەو لێکۆڵینـەوەی هەموو ئەم لایەنانەی خوارەوە برد:

- زمان - lunguage
- زمانی ستاندەرد - standard
- دیالێکت - dialect
- زمانی گشتی (عام) - slang
- زمانی تایبەتی (خاص) - jargon
- زمانی چینی هەرە نزمی کۆمەلگا – valgarisms[1]

لەلایـەکی دیکـەوە زۆر لـە زمانـەوانان پێیانوایـە، کـە سـەرەتای لێکۆڵینـەوە بەشـێوەیەکی رێـك و پێـك لـە دیالێکتـەکان و سـەرهەلّدانی زمانـەوانی جـوگرافی، داهێنانێکی زمانەوانی ئەورپییە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم[2].

---

(١) المستشرقون والمناهج اللغوية ،اسماعیل احمد عمايره، ص ١١٨.
(٢) اللغة العربية تاريخها و مستوياتها و تاثيرها، كيتس فرستيغ، ترجمة محمد الشرقاوی، ص١٥١ .

## تەوەری سێیەم
## سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیلێکت لە زماندا

### پەیدابوونی دیالێکت لە زماندا

بیرو بۆچوون و تیۆری جیاجیا لە بارەی پەیدابوون وسەرهەڵدان و دروستبوونی دیالێکت لەزماندا هەیە، زۆربەی ئەو تیۆر و بیرو بۆچوونانە، باس لەو گۆڕانکاریانە دەکەن کە بەسەر زماندا دێت و پێیانوایە ئەو گۆڕانکاریانە، هۆکاری پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکتەکانن، هەروەها زۆرێك لە زمانەوانان هۆکارەکانی: جڤاکی ،جوگرافی، سیاسی، دیرۆکی، سروشتی و رۆشنبیری، وەك هۆکاری سەرەکی دروستبوونی دیالێکت ژماردووە[1]، لە راستیدا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیالێکت لەزمانەکاندا، هەروەکو لێکۆڵینەوە لە هۆکار و چۆنیەتی سەرهەڵدانی خودی زمان وایە، ئاشکراشە کە زمانەوانی دیرۆکی ماوەیەکی زۆر خەریکی لێکۆڵینەوە لە بنچ وبناوانی زمانەکان بووە و هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە، بۆیە زۆر لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە ئەوروپا لەو سەردەمەدا، بڕیاریاندا چیتر گرنگی بەو لێکۆڵینەوانە نەدەن، کە لە چۆنیەتی دروستبوونی زمان وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی زمان دەکۆڵنەوە و پشتگیری مادیشیان نەکەن، چونکە هیچ ئەنجامێکیان نابێت[2].

هەروەها هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، کە هەموو زمانەکان لەگەڵ پەیدابوونیان هۆکارەکانی گۆڕانیشیان لەگەڵدا پەیدا دەبێت، چونکە بەکارهێنەرانی زمان هەموو کاتێك ئارەزووی ئەوە دەکەن بەشێوەیەکی ئاسانتر مەبەستەکانیان بگەێنن بە بەرامبەرەکانیان، بێ گومان ئەم ئامانجەی بەکارهێنەرانی زمانە جیاوازەکان بە

---

(١) چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، رەفیق شوانی، ل٧٠-٧٦.
(٢) محازەرەکانی زمانەوانی تیۆری، یوسف شەریف سەعید، خوێندنی بالآ (ماستەر)، سالّی خوێندنی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧، کورسی یەکەم ، ٢٠٠٧/١٢/١٨، رۆژی سێشەمە.

ئاسانی ناهێتەدی و هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، ئەم ئامانجە هەرگیز ناهێتەدی، چونکە بە بۆچوونی ئەو زمانەوانانە هێنانەدی ئەم هاوسەنگیە دەبێتە هۆی لاسەنگی زمانەکە لە لایەکی دیکەوە، بۆیە گۆڕانکاریەکان بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی زمانەکە لە ناو دەچێت[1]. هەروەها باس لەگەشەکردنی زمانەکان کراوە، کە گەشەکردن دیوێکی دیکەی گۆڕانە، چونکە هەر گەشەکردنێك لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکانی زماندایە، واتە گەشەکردنی زمانێك لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە بە تێپەڕبوونی کات لە ژینگەی جوگرافی و جڤاکی و کەلتوری جیاوازدا، بەسەر زمانەکەدا دێت، ئەم بیرۆکەیە کاتێك کاریگەری لەسەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاوازی نێوان زمان و دیالێکتەکان باوبوو، کە تیۆری پەرەسەندنی (داروین ١٨٠٩ – ١٨٨٢ ز) کاریگەری لەسەر هەمووو بوارەکانی زانستی هەبوو، لە ئەنجامی ئەمەدا زمانەوانان بەو راستیە گەیشتن، کە (چەمکی گۆڕان هۆی هەبوونی جیاوازی نێوان زمانەکانە[2])، و ئەم گۆڕانەش پەرەسەندنێکی سروشتی و حەتمیە.

## زمـــان و دیـــالێکت

زۆر لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بە بەرسڤی ئەم پرسیارە ئەنجامدراوە، ئایا زمان لەکۆی دیالێکتەکان پێکهاتووە؟، یان دیالێکتەکان لە تاکە زمانێکەوە سەریانهەڵداوە؟، بۆ نموونە زمانێکی وەك زمانی کوردی، ئایا هەر لەسەرەتاوە لە کۆمەڵە دیالێکتێك پێکهاتووە و بە هەموویانەوە ئەم زمانەیان پێکهێناوە کە پێی دەگوترێت زمانی کوردی؟، یان لەسەردەمێکدا زمانێك بەناوی زمانی کوردی هەبووە و دواتر ئەم کۆمەڵە دیالێکتانە لەوەوە سەریانهەڵداوە؟، وەك دەزانین پێناسەی زمان (زمانی پێوەری و ستاندەرد) بەو شێوەیە کراوە، کە لە بنەڕەتدا دیالێکتێك بووە لە دیالێکتەکانی زمان و دواتر لەبەر چەند هۆکارێك، ئەو دیالێکتە وەکو زمانی پێوەری (گشتی، ستاندەرد) پەسەندکراوە[3]، چونکە وەك ئاشکرایە، زمانی رەسمی هەر نەتەوەیەك، بریتییە لە

---

(١) زمانەوانی، محمد معرف فتاح، ل١٢٥ .
(٢) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، وریا عومەر ئەمین، ل١٦٧.
(٣) منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، علي زوين، ص٢٣.

یـەکێك لەدیالێکتـەکانی، یـان یـەکێك لـە دیالێکتـەکانی زمـانێکی دیـارکراو، لەلایـەن نەتەوەیەکــەوە (لەبــەر چــەند هۆکارێــك) وەك زمــانی سەرتاســەری نەتەوەکــە هەڵدەبژدرێت ودیالێکتـەکانی دیکـەش لـەپاڵ زمانەکانـدا بـەردەوام دەبـن (دەمێننـەوە)، پرۆسەی گۆرانکاری لەسـەر هـەردوکیان (دیالێکتـەکان و زمـانی سەرتاسـەری) بـەردەوام دەبێت، هەرچەندە هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، گۆڕانکاری لـە دیالێکتـەکان زۆرتـر وخێراترە وەك لەزمانی سەرتاسەری و ستاندەرد، هەروەها پێناسەیەکی دیکـە بـۆ زمـان هەیە کە دەڵێت: (ئەو کۆمەڵە مەرج و تایبەتمەندیانەیە کە دەکرێت لەرێگایانەوە زمان بنیادبنرێت[1])، مەبەست لـەو کۆمەڵـە تایبەتمەنـدی و مەرجانـە، ئەوانـەن کـە لـە کـۆی دیالێکتەکانی زمانێك هەن و هەموویان ئـەو تایبەتمەندیانـە بـەو زمانـە دەبەخـشن کـە ئەوان بەشێکن لێی، واتـە ئەگـەر ئـەو کۆمەڵـە تایبەتمەندیانـەی ئـەو دیالێکتانـە نـەبن، ئـەوە هـەبوونی زمانەکـە مەحاڵـە. پێویـستە لـەو راسـتییەش بگـەین، کـە هـەر زمانێـك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی دیالێکتـەکانی و رەنگـە ئـەو هۆکارە خودیانەی زمانێك لە زمانێکی دیکە جیاواز بێـت و رەنگیـشە تـا رادەیـەك وەکـو یەك بن، واتە هۆکارەکانی پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی دیـالێکتی زمـان، لـە نێـوان زمانـە جیاوازەکان کەم و زۆر جیاوازیان هەیە[2].

گەرەکە لەم بارەیەوە ئامـاژە بـۆ ئـەوەش بکـەین، کـە خـودی زمـان خـۆی هۆکـارێکی گرنگــە بــۆ درســتبون و پەیــدابوونی دیالێکــت، چــونکە هــیچ زمانێــك ناتوانێــت لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا خۆی قەتیس بکات، هەرچەندیش لە توانایـدا بێـت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا خـۆی حەشـار بـدات، بـەڵام ســەرەنجام هــەر رۆژێــك دادێــت و لــە قەوارەکــەی خــۆی فــراوانتر و گــەورەتر دەبێــت و دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەری ئــابوری و سیاســی و جڤــاکی و رۆشــنبیری ناوچــەکانی دەوروبەری خۆی و گۆڕانکاری و گەشەکردن تێـدا دروسـت دەبێـت و سـەرهەڵدەدات، لـە زمانەوانیـدا ئـەوە یەکلاکراوەتـەوە، کـە هـەرکاتێك زمانێـك لـە ناوچـەیەکی فـراوانتر بلاوبـووە و مرۆڤێکـی زۆرتـر (خـەلکێکی زۆر) بـەکاریان هێنـا، ناتوانێـت بـۆ ماوەیـەکی

(١) مدخل لفهم اللسانيات، روبرت مارتن، ترجمة د. عبدالقادر المهرى، ص٦٧.
(٢) الدراسات اللهجية و الصوتية عند ابن جني، حسام سعيد النعيمي، ص٧٨.

درێژ یەکێتی خۆی بپارێزێت، بۆیە دابەشی سەرچەندین دیالێکت دەبێت[1]. واتە هەر چەند رووبەری بلاوبوونەوەی زمان تەسکتر بێت و رادەی پەیوەندی قسەپێکەرانی لەگەڵ دەوروبەریان کەمتر بێت و ئاستی شارستانی بەکارهێنەرانی نزمتربێت، ئەوندە گۆڕانکاریەکانی زمانەکە کەمتر دەبێت[2]، کە واتە پەیوەندیەکی هاوتەریب لە نێوان گەشەکردنی زمان (وەك زمان) و پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکت هەیە، لێرەوە دەتوانرێت هۆکارەکانی دیکەی نازمانی وەکو: جوگرافی، سروشتی، جڤاکی، سیاسی، ئابوری، رۆشنبیری و کەلتوری و...هتد، بەهۆکاری لاوەکی و هۆکاری خودی زمانەکە (گۆڕان و گەشەکردنی زمان) بە هۆکاری سەرەکی دابنرێن، چونکە ئەگەر خودی زمانێك لەتوانایدا نەبێت گەشەبکات، هۆکارە لاوەکیەکان هەرچەند بەهێزەوە ئامادەبن، ناتوانن زمانەکە فراوانتر بکەن و زیاتر بەربلاوی بکەن و جیاوازی و گۆڕانکاری تێدا پەیدا نابێت. هۆکارە لاوەکیەکان، کەوا دێنە پێش چاو، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیالێکتی زمانەکانن، دەکرێت بە دوو شێوە کاریگەریان لە سەر زمان و دیالێکت هەبێت:

**یەکەم:** ئەگەر هۆکاری یەکەم و سەرەکی، کە گەشەکردنی خودی زمانەکەیە لە ئارادابوو، ئەوە هۆکارە لاوەکیەکان، دوای ئەوەی دیالێکتەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی پەیدادەبن و سەرهەڵدەدەن، زیاتر دەیچەسپێن و گەشەیپێدەدەن و رادەی جیاوازی لەگەڵ دیالێکتەکانی دیکەی هەمان زمان فراوانتر دەکەن، ئەگەر رۆڵی ئەو هۆکارانە بەردەوام بێت، جیاوازی نێوانیان بە پێی تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبێت، تا وای لێدێت رادەی جیاوازیەکان دەگاتە ئاستێك، کە بە زمانی جیا لە یەکتری بژمێردرێن[3].

---

(١) فقة اللغة، د.علي عبد الواحد وافي، ص١٠٤.
(٢) اللسنيات ( المجال، والوظيفة، والمنهج)، سمير شريف، ص٦٤٦.
(٣) بۆ نموونە زمانی ئنگلیزی دوای ئەوەی لە زۆر لە ولاتانی جیهان بلاوبووە ، رۆژ لە دوای رۆژ جیاوازی نێوان زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا و ولاتانی دیکە کە زمانی ئینگلیزیان تێدا بلاوبۆتەوە پەیدابوو، تا وای لێهاتووە کە لەرووی سیستەمەکانی دەنگسازی و مورفولوجی وسینتاکی وسیمانتیك، جیاوازی نێوان زمانی ئنیگلیزی ئەمەریکا و بەریتانیا و یاخود ئینگلیزی باشوری ئەفریقا و ئەمەریکا دروست بووە.

**دووەم:** دەکرێت هەمان ئەو هۆکارە لاوکیانە، ڕۆڵی پێچەوانە ببینن، واتە دوای ئەوەی زمانێك گەشە دەکات و فراوان دەبێت و دیالێکتی جیاجیای لێی دەکەوێتەوە، هۆکارە لاوەکیەکان دەتوانن ڕۆڵی بەیەکەوەنان و لێکنیزیکردنەوەیان ببینن، بۆ نموونە ئەگەر باردۆخێکی سیاسی و جڤاکی و ئابۆری و هۆنەری و ڕۆشنبیری وا بۆ زمانی کوردی برەخسێندرێت، کە هەموو ئەوانەی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەئاخڤن، تێدا هاوبەش بن، ئەوە رادە و ئاستی جیاوازی نێوانیان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێت، تا وای لێی دێت لە کۆتایدا بەکارهێنەرانی هەموو دیالێکتەکان بە ئاسانی لە یەکتری تێدەگەن و ڕادەی جیاوازی نێوانیان کەمتردەبێتەوە، کەواتە لێرەدا بەدیار دەکەوێت، کە ئەم هۆکارانە (لاوەکیەکان)، نەك هەر هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکتەکان نین، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکرێت هۆکاری یەکخستنەوەی دیالێکتەکانی تاکە زمانێك بن، دوای ئەوەی لە گەشەکردنی زمانێك پەیدا دەبن، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە خودی زمان هۆکارێکی سەرەکی و زمانییە بۆسەرهەڵدان و پەیدابونی دیالێکت و بەشەدیالێکتی جیاجیا لە نێو زمانەکاندا و لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەش، هەر وەکو لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدان وپەیدابوونی خودی زمانەکان وایە.

## جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

تاکو ئێستا هیچ پێوەرێکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان دیالێکت و زمان لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە بە هەندێك دیالێکت دەگوترێت زمان و لەبەر چەند هۆکارێك ئەم سیفەتە بە دیالێکتەکانی دیکەی هەمان زمان نەدراوە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش ئەمانەن:

١- وەکو زمانی ئەدەبی بەکار نەهاتووە.

٢- کیانێکی سیاسی و کارگێڕی تایبەت بە خۆی نییە.

٣- وەکو دیالێکتی ڕەسمی دەوڵەت و زانست و ئەدەب دانیپێنەنراوە[1].

---

(1) Dialect defin: http://www.llen.Wikipedia.Org/wiki/dialect

بەکورتی جیاوازی نێوان دیالێکت و زمان لەم روانگانەوە باسکراوە:

١- **جیاوازی بە ستاندەربوون:**

زۆرێك لە زمانەوانان وای بۆدەچن، کە (دیالێکت) شێوەیەکی دیاریکراوی زمانە و لە لایەن کۆمەڵە مرۆڤێك بە کاردێت و جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت، تەنها جیاوازی نێوان تایبەتی و گشتییە، بۆیە بە بۆچوونی ئەوان، نابێت باس لە زمان بکرێت، بەڵکو پێویستە باس لە دیالێکتەکانی زمان بکرێت، واتە باس لەو دیالێکتانە بکرێت کە بوونەتە زمانی ستاندەرد، ئەگینا ئەویش وەکو ئەوانی دیکە دیالێکتە، بەڵام بە هۆی بەستاندەربوونەوە سیفەتی زمانی پێدراوە[١].

٢- **جیاوازی جوگرافی:**

هەندێك لە زمانەوانان جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت بۆ جیاوازی لە بەکارهێنانی زمان لە نێوان هەرێم و ناوچە جیاوازەکان و چینە جڤاکیە جیاوازەکان دەگەڕێننەوە[٢].

٣- **جیاوازی دیرۆکی:**

هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، کە تەنها زمانی ستاندەرد پێوەرە زمانییەکان دەستنیشان ناکات، بەڵکو خودی ئەو زمانەش، لە ئەنجامی بارودۆخێکی دیرۆکی و سیاسی دروست بووە، وەکو زمانی رۆمانی، کاتێك وەکو زمانی نووسین بەکارهات، کە بارودۆخێکی سیاسی و دیرۆکی دیاریکراوی بۆ رەخسا، بە هەمان شێوە زمانەکانی عەرەبی وفارسی لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامیەکان، بۆیە وەکو زمان وەسفکران، کە پێشتر ئەوانیش یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانەکانی (لاتینی، عەرەبی و فارسی) بوون، نموونەی پێچەوانەش لەم بارەیەوە زمانی چینییە، وەکو دیالێکتی (کانتۆنی) و زۆرێك لە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی چینی، کە هەموویان لە دروستکردنی زمانی ستاندەردا بەشدارن، نەوەك تاکە دیالێکتێك بە تەنها سیفەتی زمانی وەرگرتبێت و ئەوانی دیکە هەروەکو خۆیان مابنەوە[٣].

---

(١) هەمان ژێدەری پێشوو.

(٢) هەمان ژێدەری پێشوو .

(3) Dialect and atlas Linguistic: Wiki pedin.org/ wiki/ dialect.

**٤- جیاوازی جڤاکی:**

هەندێکی دیکە بەهۆی ئەم پێناسەیەوە جیاوازی نێوان زمان و دیالێکتەکانیان دەستنیشانکردووە،کە دەڵێت: زمان هۆی دەربڕینی گشت نەتەوەیەکە، بەڵام دیالێکت شێوازی دەربڕینی بە شێکی نەتەوەکەیە، کە بە هۆی پچڕانی ناوچەکانیان و خزمایەتیان و چەند هۆکارێکی دیکە ئەو شێوازەیان وەرگرتووە[1].

**٥- جیاوازی بەکارهێنان و سیستەمە زمانییەکان:**

لە زمانەوانی دێریندا، کە لەسەر بنەمای بەراوردکاری نێوان زمانەکان، کۆمەڵە و خێزانە زمانییەکانیان دەستنیشانکردووە، پێوەری لێکچوون و لێکنزیکی نێوان زمانەکانیان وەکو بنەمای سەرەکی ئەو دەستنیشانکردنانە بەکارهێناوە، بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتیان کردووە: (ئەو زمانانەی کە زۆر لێکدەچن و لێکنزیکن دیالێکتی هەمان زمانن[2])، بەڵام (دی سۆسێر) پێیوایە، کە جیاوازی نێوان دیالێکت و زمانەکان لە جۆردایە، نەك لە سیستەمە زمانییەکان، واتە زمانەکان لە سیستەمی فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکی جیاوازیان لە نێواندا هەیە، بەڵام دیالێکتەکان جیاوازیان لە ئاستی ئاخفتن و دیاردە زمانییەکاندایە.

**٦- جیاوازی سیمانتیکی و لێکتێگەیشتن:**

زمانەوانان باسیان لە چەند بنەمایەکی دیکەی جیاکردنەوەی زمان و دیالێکت کردووە، یەکێك لەو بنەمایانە لێکتێگەیشتنە، واتە بەکارهێنەرانی زمان کاتێك بتوانن لە یەکتری تێبگەن، بە دیالێکتی زمانێك دادەنرێن، بەڵام ئەگەر نەتوانن لە یەکتری تێبگەن، ئەوە بە زمانی جیاجیا، نەك دیالێکتی جیاجیا دەژمێردرێن، بەڵام ئەم بنەمایە زۆر سەرکەوتوو نییە و ناکرێت وەکو پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی زمان و دیالێکت بەکاربهێندرێت، چونکە ئەم بنەمایە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی بەکارهێنەری دیالێکت و زمانە جیاوازەکان، بۆ نموونە زمانە

---

(١) هەمان ژێدەری پێشوو.

(٢) علم اللغة العام، فردينياند دى سوسور، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، ص٢١٥.

ئەسکەندەنافیەکان (دانمارکی، سویدی و نەرویجی) بە سێ زمانی جیاواز دەژمێردرێن، کە لە راستیدا زمانی جیاوازنین و ئەگەر بنەمای لێکتێگەیشتن بۆ ئەم سێ زمانە بەکاربهێندرێت، ئەوە بەو راستیە دەگەین، کە بەکارهێنەرانی ئەم سێ زمانە دەتوانن بە ئاسانی لە یەکتری تێبگەن، بەلام بە هۆی هەستی بەکارهێنەرانی هەر سێ زمانەکە، کە دەیانەوێت جیاوازن بن، وا خۆیان نیشان دەدەن کە لە یەکتری ناگەن و لە راستیشدا وانییە[1]، هەروەها حالەتی پێچەوانەش هەیە، وەکو ئەوەی زمانی ئەڵمانی، کە زمانێکی فراوان و بەربلاوە، بەکارهێنەرانی ناتوانن بە ئاسانی لە یەکتری تێبگەن و رەنگە جیاوازی نێوان هەندێك لەو بەشانەی زمانی ئەڵمانی وەکو جیاوازی نێوان دوو زمان بێت، بەلام لەبەر ئەوەی بەکارهێنەرەکان دەیانەوێت بڕیاری ئەوە بدەن، کە زمانەکەیان ئەڵمانییە، دیالێکتە جیاوازەکانی ئەڵمانی بە یەك زمان دادەنرێت[2]، ئەم بنەمایە بۆ دەستنیشانکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی سەرکەوتوو نییە، چونکە ئەگەر بە پێی ئەم بنەمایە بێت، ئەوە زۆرێك لە دیالێکت بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی بەشێك نین لە زمانی کوردی، هەروەها یەکێکی دیکە لە کەم و کوڕیەکانی ئەم بنەمایە ئەوەیە، کە تا رادەیەکی زۆر چەمکی تێگەیشتن رێژەییە، رەنگە ئەو تێگەیشتنەی نێوان بەشە دیالێکتی هەورامی و لوڕی زمانی کوردی هەیە، هەریەك لەم دوو بەشە دیالێکتە لەگەڵ دیالێکتی کوردی باکور نەیان بێت، یان ئەو تێگەیشتنەی نێوان کوردی ناوەڕاست و کوردی باکور هەیە، بەرێژەیەکی زۆر زیاترە لەوەی نێوان هەریەك لەم دوو دیالێکتە لەگەڵ زازایی هەیانە، کەواتە بە پێی ئەم بنەمایە، دیالێکتەکانی ناوەڕاست و باکور و زازایی و بەشە دیالێکتەکانی هەورامی و لوڕی نابن بە کۆمەڵە دیالێکتێکی زمانی کوردی، بۆیە ئەم بنەمایە بۆ جیاکردنەوەی دیالێکتەکانی زمان لە کار دەکەوێت و ناتوانێت ببێتە بنەما و پێوەرێکی سەرکەوتوو بۆ جیاکردنەوەی دیالێکت و زمان لە یەکتری. لە لایەکی دیکەوە رەنگە ئەم پێوەرە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئاستی رۆشنبیری بەکارهێنەران وجۆری تێکەلاوی نێوان بەکارهێنەرانی دیالێکتە جیاوازەکان، جا چ بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، کاریگەری

(١) ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، قیس کاکل تۆفیق، ل٦٥-٦٦.

(2) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:4

لەسەر بنەمایەکە دروست دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنەرێکی بەشە دیالێکتی لوڕی یان هەورامی، ئاستی رۆشنبیری بەرزبێت و تێکەڵاویەکی زۆری لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیالێکتەکانی دیکە هەبێت، ئەوە رەنگە ئاستی تێگەیشتنی ئەو کەسە لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەی هەمان کۆمەڵەی زمانی، کە ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریان نزمترە و تێکەڵاوی و پەیوەندیان لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیالێکتەکانی دیکە کەمترە، زۆر زیاتر بێت.

## لێکدانەوەی دی سۆسێر بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکت

**١- زمان، ئاخافتن و دیالێکت:**

دی سۆسێر، لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان زمان وئاخافتندا، باس لەوە دەکات کە ئەندامانی ئاخفتن، هیچ پەیوەندییەکیان بە زمانەوە (وەك سیستەم)نییە و پێیوایە هەموو ئەو پرۆسانەی دەنگ بەرهەم دێنن هیچ، کاریگەریەك لەسەر سیستەمی زمان دروست ناکەن هەرچەند جیاوازیان لەنێواندا هەبێت، هەروەها باس لەوە دەکات کە گۆڕانکاریە فۆنۆلۆجیەکان کاریگەریان لەسەر خودی زمان وەکو کیانێکی سەربەخۆ نییە، چونکە ئەو گۆڕانکاریانە تەنها کاریگەریان لە سەر ئەو کەرەسانە هەیە، کە ئاخفتن بەرهەمدێنن نەك لەسەر سیتەمی زمان و ئەگەر کاریگەریان لە سەر زمان هەبێت، ئەوە کاریگەیەکی ناڕاستەوخۆیە و لەرێگای ئەو راڤەکردنانەوەیە کە دواتر بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەکرێت و لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا باسیان لێیوەدەکرێت و دەکەونە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجیەکانی زمانەوە، بەواتایەکی دیکە، تەنها ئەو گۆڕانکاریانە لە زمانەوانیدا بەگرنگ دەزانرێت کە لە لایەن هەموو بەکارهێنەرەکانی زمانێك و بەبێ ئارەزوو روودەدەن، نەك ئەو گۆڕانکاریانەی لە لایەن تاکە کەسێك وچەند کەس یان کومەلێکی دیارکراوی بەکارهێنەرانی زمانێکەوە روودەدەن، کە بەهۆی هۆکاری دیکەی نازمانیەوە روودەدەن[1]، سۆسێر لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان زمان وئاخفتن، بەو ئەنجامە دەگات، کە زمان چالاکیەکی جڤاکیە و ئاخفتن چالاکیەکی

---

(١) علم اللغة العام ، فردينان دى سوسور، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، ص٣٧.

تاکەکەسیە، بۆیە ئەو گۆڕانکاریە فۆنۆلوجیانەی لە ئاخفتندا روودەدەن، کاریگەریان لەسەر خودی زمان نییە، چونکە چالاکیەکی تاکە کەسییە، بەم پێیە سوسێر دوو جۆر گۆڕانکاری دەستنیشان دەکات، کە یەکێکیان بەپێی یاسا فۆنۆلۆجیەکانە و ئەوی دیکە بەپێی ئارەزووی تاکەکانە، سۆسێر هەرچەندە جیاوازی نێوان ئەم دوولایەنە دەستنیشان دەکات، بەڵام پێی وایە کە ئەم دوو لایەنە (ئاخفتن و زمان) بەناویەکدا چووینە و هەریەکێکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا زمان وەکو ئەرك ئامانجی خۆی بپێکێت و بەپێی رێڕەوێکی دیرۆکی دور و درێژەوە، ئاخفتن دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمان[1]، لەراستیدا ئەم گەشەکردنەی زمان، کە لەئەنجامی گۆرانکاریەکی دیرۆکی درێژخایەندا روویداوە، بووەتە هۆی لادانی زمانی، کە سۆسێر بە رەوشتی زمانی (السلوك اللغوي) ناوی بردووە، ئەو لادانانە لە بەر ئەوەی چالاکی پرۆسەی ئاخفتنە نەك زمان و لەکات و شوێنی جیاواز روویانداوە، جیاوازیان لە نێواندا هەیە و وەکو یەك نین و بوونەتە هۆی ئەوەی، کە لە کات وشوێنی جیاوازدا دیاردەی زمانی جیاواز سەرهەڵبدەن، هەروەها لەبەر ئەوەی چالاکیەکی پرۆسەی ئاخفتنە، کاریگەری لە سەر سیستەمەکانی زمان نییە، بۆیە ئەو تایبەتمەندیانە هەموویان بە هەموو رەنگ و شێوە جیاوازەکانیانەوە دەکەونە ژێر یەك سیستەمی زمانیدا، کە لە راستیشدا ئەمە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتەکانە[2].

**٢- جوگرافیا و دیالێکت:**

سۆسێر باس لەبڵاوبونەوەی جوگرافی زمان و دیالێکتەکان دەکات، پێیوایە کاریگەری جوگرافی لە سەر زمان و دیالێکتەکانی، دەکەوێتە چوارچێوەی کاریگەری دەرەکی و ناچنە نێو خودی سیستەمی زمانەوە[3]. واتە کاریگەری بڵاوبونەوەی جوگرافی، هەرچەندە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی زمانی نوێ وسەرهەڵدانی

---

(١) هەمان ژێدەر، ل٣٨.

(٢) بۆیە دەبینین هەموو دیالێکتەکانی زمانێکی دیارکراو، لەبەشی هەرە زۆری سیستەمە فۆنۆلۆجی و سینتاکی وسیمانتیکییەکانیدا هاوبەشن، ئەگەر گۆڕانکاریەکان لە ئاستی ئاخاوتندا نەبوایە، ئەوە جیاوازی لەسیستەمەکانیش روویاندەدا.

(٣) علم اللغة العام، فردينان دى سوسير، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز ص٤٠.

تایبەتمەندی زمانی و گۆرانکاری زمانی، بەڵام ئەو گۆڕانکاری وتایبەتمەندیانە هەر لە ئاستی ئاخفتندایە، بۆیە دەبینین بلاّوبوونەوی زمانی ئنیگیزی و ئیسپانی لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکا، نەبوونەتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی زۆر لە سیستەمی زمانەکەدا، بەڵکو تەنها جیاوازی لە ئاستی ئاخفتندایە، ئەو جیاوازیانەی یاخود ئەو تایبەتمەندیە زمانیانەی لە نێوان زمانی ئیگلیزی لە بەریتانیا و ئەمریکا یان لە ئەفریقیا وهندستان هەیە، لەخودی سیستەمی زمانەکەدا نین و سیستەمەکان لە هەموو ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان هەریەکن، بۆیە بلاّوبونەوەی جوگرافی و دابەشبونی زمان بەسەر دیالێکتە جیاوازەکان کاریگەری لە سەر سیستەمی زمان نییە[1]. بەهەمان شێوە هۆکارەکانی دیکەی وەکو: جڤاکی، سیاسی، رۆشنبیری و...هتد، کاریگەریان لەسەر سیستەمی زمان نابێت، بۆ نموونە ئەگەر دوو زمانی دراوسێ کاریگەری لە سەر یەکتری دروست بکەن و وشەی یەکێکیان بچێتە نێو ئەوەی دیکەوە، ئەوە کاریگەری لە سەر سیستەمی زمانەکە ناکات و ئەو وشە و لیکسیکانەی دێنە نێو زمانێکەوە، دەکەونە ژێر کۆنترۆڵ وکاریگەری سیستەمی زمانی دووەم، نەك بە پێچەوانەوە، واتە ئەو کەرەسە زمانییەی کە لە زمانێکی دیکەوە دێنە نێو زمانی دووەمەوە، هەر وەکو ئەو کەرەسانەیە کە لەبنەڕەتدا لەنێو زمانەکەدان و دەکەونە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی هەمان سیستەمەوە، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئاخفتندا روودەدەن دەبنە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکت.

**٣- کات و ژینگەی جیاواز و دیالێکت:**

سۆسێر پێیوایە هۆکارە جوگرافی و جڤاکی و ژینگەیەکان، بە تەنها ناتوانن ببنە هۆکاری پەیدابوونی دیالێکت لە زماندا و جیاوازی جوگرافیش بەناوی جیاوازی (کات - زمن) ناودەبات، بۆ سەلماندنی بۆچۆنەکانی نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە ئەگەر ولاتێك (هەرێم یان دەڤەرێکی دیاریکراو)، وەکو یەکەیەکی جوگرافی لە سەردەمێك لە سەردەمەکان یەك زمانی هەبێت و یەك یەکەی جوگرافی و یەك یەکەی

(١) هەمان ژێدەر، ل٤٠.

زمانی بوویێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیانەی خوارەوە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە خودی زمان و کات هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی دیالێکتن لە زماندا:

١- زمان، بەتێپەربوونی کات گەشە دەکات و گۆرانکاری بەسەردا دێت، مانەوەی زمان وەکو خۆی بەبێ گۆرانکاری بۆ ماوەیەکی درێژ لە راستیەوە دوورە و هیچ زمانێك ناتوانێت رێگە لە گەشەکردنی خۆی بگرێت.

٢- گۆرانکاری و گەشەکردن لە زمانەکاندا پرۆسەیەکی حەتمیە، بەلآم لە هەمان کاتدا، ئەستەمە ئەو گەشەکردن و گۆرانکاریە لە هەموو ناوچە و دەڤەرە جوگرافیە جیاوازەکان وەکو یەك بن (هەتا وەکو لە نێو یەکە جڤاکی و کارگێڕی و رۆشنبیریەکانیش)، وەکو لەم وێنەیەدا بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە گەشەکردن و گۆرانێکی فۆنۆلۆجی وەکو /a/←/e/:

/a/ ⟶ /e/

**وێنەی ژمارە (١)، گۆڕانی تاك شێوەیی**

هیچ بەلگەیەکی زمانی تاکو ئێستا لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێت، کە گەشەکردنی زمانێك لە هەموو ناوچەکانی بلآوبونەوەی بەیەك شێوە بووە، وەکو لەم نەخشەیەی سەرەوەدا هاتووە، بەلکو لەوانەیە ئەم گەشەکردن و گۆرانکاریە لە ناوچە جیاوازەکاندا شێوە و رێچکەی جیاوازی بە خۆوە بینیبێت، واتە دەکرێت وێنەکە بەم شێوەیە بێت:

/a/ ⟶ /e/<br>
/a/ ⟶ /u/<br>
/a/ ⟶ /y/<br>
/a/ ⟶ /w/……..

**وێنەی ژمارە (٢)، گۆڕانی فرەشێوە**

ئـەم گەشـەكردن و گۆرانكـاری و جیاوازیانـەش دبنـە هۆكـاری ئـەوەی لـە ناوچـە جوگرافیە جیاوازەكان دیالێكت و بەشەدیالێكتی جیاواز لە نێو زمانەكاندا پەیدا ببن.

٣ - گەشـەكردنەكانی زمـان، بەسـەرهەڵدانی دیـاردەی زمـانی نـوێ و ورد و بـەدوایی یەكداهاتوو رودەدات، بەشێوەیەك كـە دەكرێـت دەستنیـشانی ئـەو گەشـەكردنانە لـە لایەنەكانی فۆنۆلۆجی سینتاكسی و ...هتد ، بكرێن و پۆلین بكرێن.

٤ - هەریەك لەو دیاردە زمانییە نوێیانە، دوو ئەگەری لەبەردەمدایە:

أ- لەوانەیە ئەو دیاردە زمانییە نوێیانە، تەواوی ناوچەیەكی جوگرافی (وەكو یەكەیەكی جوگرافی تاك زمـانی فـراوان) بگرێتـەوە، بەمـەش ئـەو گەشـەكردن و سـەرهەڵدانی دیـاردە زمانییـە نوێیانـە، نابنـە هـۆی پەیـدابوونی دیالێكـت لـە زمانەكـەدا، چونكە گەشـەكردن و گۆڕانكاریـەكان لەهـەموو كـات و ژینگـە جیاوازەكانـدا یـەك شـێوە و رێچكەی بە خۆگرتـووە، بـەڵام ئـەم جـۆرە گەشـەكرنە و گۆڕانكاریـە بـەم شـێوەیە ئەگەرێكی زۆر لاوازە و زۆر بەدەگمەن رودەدات.

ب- لەوانەیـە هەریـەك لـەو دیـاردە زمانییـە نوێیانـە لـە كـات و ژینگـەی جیـاواز سـەرهەڵبدەن (تایبـەت بێـت بـە بەشـێك لـە ناوچـە جوگرافیـە بەرفراوانەكـە و لـە كاتێكی دیاریكراودا)، بەمەش دیالێكت لە زمانەكەدا پەیدادەبێت، ئەمـە ئەگـەرێكی چاوەڕوانكراوە و گەشەكردنی زۆربەی زمانەكان و سەرهەڵدانی دیاردەی زمانی نـوێ لە هەموو ئاستەكانی زمان (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی سینتاكس) بەم شێوەیە[1].

بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی كوردیدا وشـەی (چـاو) بەسـەرەتا دابنـێین، گەشـەكردنی فونمی (و)ی وشەی (چاو) لە كات و ژینگە جیاوازەكاندا بە چەند ئاراستـەیەكی جیـاواز بووە، بەم شێوەیە:

چاو / و/ ←——— /ڤ/ (چاڤ) لە دیالێكتی باكور.

/ و/ ←——— /م/ (چەم) لە دیالێكتی باشور.

---

(١) علم اللغة العام، فردیناند دي سوسور، ص٢٢١.

لەوانەیە ئەو زمانەوانانەی پێیانوایە هۆکارەکانی (جوگرافی وجڤاکی و سیاسی و ڕۆشنبیری و...هتد) هۆکاری راستەقینە و سەرەکین لە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی دیالێکتی زمان، بەو هۆیەوە بێت، کە ئەم هۆکارانە بنەمای سەرەکین لە دەستنیشانکردنی سنوری نێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمان، ڕاستە ئەم هۆکارانە ئاسانکاریەکی زۆر بۆ دەستنیشانکردنی سنوری نێوان دیالێکتەکان دەکەن، بەڵام هۆکاری سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەم دیاردە زمانیانە و دیالێکتە جیاوازەکانی زمان نین، و ئەگەر هۆکاریش بن، ئەوە هۆکاری ڕاستەقینە و سەرەکی نین.

## زمانەوانی نویٚ و پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێکت لە زماندا

زمانەوانی ئەمریکی (ساپیر) لە باسکردنی سەرهەڵدانی دیاردەی زمانی نویٚ و پەیدابوونی دیالێکت لە زمانەکاندا، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زمان دیاردەیەکی دینامیکی و گۆڕاوە و بە پێی تێپەربوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت[1]. ساپیر لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجی و فەرهەنگیەکان (لێکسیەکان)، باسی لەم دینامیکیەتەی زمان کردووە، هەروەها لەم رووەوە باسی لە فاکتەرەکانی سینتاکسی و فۆنۆلۆجی و فەرهەنگی و جوگرافی و دەروونی و جڤاکی کردووە.

لەلایەکی دیکەوە بونیادگەرەکان و لە سەرووی هەموویانەوە (بلۆمفلید)، لە چوارچیوەی رەوشتی مرۆڤەوە، ئەو رەوشتەی کە نە بۆماوە و نەغەریزەیە، بەڵکو رەوشتی جڤاکیە، لە هۆکاری دروستبوونی گۆرانکاریەکانی زمان دەکۆڵنەوە، (بلۆمفلید) لە ڕوانگەیەکی جڤاکیەوە تەماشی دابەشبوونی زمانی بەسەر دیالێکتەکان کردووە و پێیوایە بەپێی چینە جڤاکیەکان، رەنگاڵەیی و جیاوازی لە زمانی مروڤدا هەیە، بونیادگەرەکان لە چەند لایەنێکەوە تەماشی دیالێکتی زمانەکانیان کردووە، وەکو لایەنەکانی: ئەدەبی، زانستی، شارنشینی، گوندنشینی شێوازگەری و..هتد، بلۆمفلید کە باس لە گۆڕانکاریەکانی فۆنۆلۆجی دەکات پێیوایە بەیەکێك لەم شێوەیانە ڕوودەدەن:

١- گۆڕانکاریەکی ئامێری (میکانیکی).

٢- گۆڕانکاریەکی رێکخراو.

٣- گۆڕانکاری لە ئەنجامی کاریگەری فونیمێك کە ئەرکی فۆنۆلۆجی لەسەر فۆنیمێکی دیکە هەیە[2].

---

(١) قضاية اساسية في علم اللسانيات الحديث (مدخل)، مازن الوعر، ص٨٠.

(٢) هەمان ژێدەر، ل٨١.

# تەوەری چوارەم

## بنەماکانی جیاکردنەوە و شێوەکانی بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان

### بڵاوبونەوە و دابەشبوونی دیالێکتەکان

لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی سنور و پانتایی بڵاوبونەوەی دیالێکتی زمانە جیاوازەکان ئەنجامدراون، کێشە و گرفتی زۆر هەبووە، وەك بەدیاردەکەوێت، کێشە هەرە گەورەکە لەوەدایە، ئایا لەسەر چ بنەمایەك سنور و پانتایی بڵاوبونەوەی نێوان زمان و دیالێکتەکانی زمان دەستنیشان دەکرێت؟، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە هەوڵی دەستنیشانکردنی سنورێکیان لە نێوان زمان و دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمان دواە پەنایان بۆ دیاردە جڤاکی و سیاسی و جوگرافی و کارگێڕیەکان بردووە، بەڵام هەموو ئەم دیاردانە ناتوانن سنورێکی زمانی ڕەها دورست بکەن.

### بنەماکانی جیاکردنەوەی سنوری نێوان دیالێکتەکان:

**یەکەم/ بنەمای جڤاکی**

لەم جۆرە دابەشکردنەدا، دیاردە جڤاکیەکان دەکرێنە پێوەر و بنەمای بڵاوبونەوەی سنوری نێوان دیالێکتەکان و بەپێی ئەو دیاردە جڤاکیانە، دابەشبوونی دیالێکتەکان و سنوری نێوانیان دەستنیشان دەکرێت، وەکو ئەوەی پێشتر دابەشبوونێکی لەم جۆرە بۆ دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزی ئەنجامدراوە، کە دیالێکتی ڕەش پێستەکان بە دیالێکتێکی جیاواز لە دیالێکتی سپی پێستەکان دانراوبوو[1]، واتە پێوەری ڕەنگی پێست، کە چۆن بۆ جیاوازی دوو چینی جڤاکی پێوەر بووە، بە هەمان شێوە کراوەتە بنەما و پێوەر بۆ جیاوازی زمانیش، ئەم جۆرە دابەشکرنە بەهەمان ئەو تێڕوانینەی زمانەوانی دێرینە بۆ جیاوازی نێوان دیالێکتە یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان و زمانەکانی دیکەی،

---

(1) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:7

چونكە ئەوانیش بەپێی پێگەی جڤاكی تەماشای زمانی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگەیان كردووە، كە لە ڕاستیدا ئەم بنەمایە بۆ جیاكردنەوەی دیالێكتە جیاوازەكانی زمان، هەرچەند سوودی هەبێت، لە هەندێك لایەنەوە سەركەوتوونییە، چونكە ئاساییە رۆژێك لە رۆژان بنەما جڤاكییە تایبەتییەكانی جڤاكێكی دیاریكراو گۆڕانكاری بەسەردا بێت، بەشێوەیەك كە جیاوازی ئەوتۆ لەنێوان دوو جڤاكی یەك زماندا نەمێنێت، لە هەمان كاتدا جیاوازی لە نێوان زمانەكانیاندا هەبێت، هەروەها بەپێچەوانەوە، لەوانەیە دوو جڤاكی جیاواز بتوانن لەڕووی زمان و دیالێكتەوە هاوشێوە بن و لێك نزیك بن، وەكو هەردوو جڤاكی بەریتانی و ئەمەریكی، كە لەڕووی جڤاكییەوە لێكجیاوازن، بەڵام لەڕووی زمانییەوە جیاوازی نێوانیان زۆر كەمترە، رەنگە بەگوێرەی ئەو جیاوازییە جڤاكیانەی نێوان جڤاكی بەریتانی و ئەمەریكی دا هەیە، جیاوازی زمانیان ئەوەندە نەبێت.

لە لایەكی دیكەوە چینە جڤاكییە جیاوازەكان دەكەونە ژێر كاریگەری یەكتر و رەنگە بە هۆی سیاسی و رۆشنبیری و هونەرییەوە، جڤاكێك كە دیالێكتێكی جیاوازی لە جڤاكێكی دیكە هەبێت، بە یەكتری كاریگەر بن و ئەو كاریگەرییە وابكات لەگەڵ مانەوەی بنەما جڤاكییەكانی تایبەت بەخۆیان، بنەما جیاوازەكانی زمانی خۆیان لەدەست بدەن و ئەو جیاوازییەی پێشتر لە ڕووی زمانییەوە لەگەڵ جڤاكەكەی بەرامبەری هەیبووە نەمێنێت، رەنگە دیارترین نمونەی ئەم جۆرە كاریگەرییە، لە نێو دیالێكت و بەشە دیالێكتەكانی زمانی كوردیدا بەرجەستە بێت، بۆ نمونە بەشە دیالێكتی هەورامی، بەهۆی هۆكارە ئەدەبی و سیاسی و كارگێری و ڕۆشنبیرییەكانەوە، كەوتوتە ژێر كاریگەری دیالێكتی كوردی ناوەڕاست و لەوانەیە لە داهاتوودا تەنانەت لە نێو ماڵەكانیاندا شێوە دیالێكتەكەی خۆیان بەكارنەهێنن، ئەم نمونەیە بۆ هەموو بەشەدیالێكتەكانی دیكەی گروپی دیالێكتی باشور دەشێت و دەگونجێت.

بەمە بۆمان دەردەكەوێت، كە هەرچەندە لە چەند ڕوویەكەوە بنەما جڤاكیەكان سوودیان بۆ دەستنیشانكردنی سنوری بڵاوبونەوە و دابەشبوونی دیالێكتە جیاوازەكانی زمان هەیە، بەڵام پێوەر و بنەمایەكی سەركەوتوونییە و ناكرێت بە شێوەیەكی ڕەها پشتی پێ ببەسترێت، چونكە دابەشبوونی دیالێكتەكان بەندە بەدابەشبوونی دیاردە زمانییەكان نەك دیاردە جڤاكیەكان[1].

---

(١) التوزيع اللغوي الجغرافي في العراق، ابراهيم السامرائي، ص١١٩ .

**دووەم/ بنەمای سیاسی**

لەم بنەمایەدا، سنورە سیاسیەکان وەکو سنوری زمانی تەماشا دەکرێن، یاخود بە واتایەکی دیکە، لە دابەشکردن و دەستنیشانکردنی سنوری بڵاوبونەوەی دیالێکتە جیاوازەکان، هەمان بنەمای سنورە سیاسیەکان پەیڕەودەکرێن، یاخود هەروەك چۆن سنورە سیاسیەکان لە ڕێگەی هێڵێکەوە دەستنیشاندەکرێن، لەڕووی زمانیشەوە بەهەمان شێوە وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، سنوری زمانی دەستنیشان دەکرێت و زمان و دیالێکت وەکو کیانێکی سیاسی سەربەخۆ تەماشا دەکرێت، ئەم بنەمایە بۆ لایەنی کارگێڕیش بەهەمان شێوەیە و بە پێی سنورە کارگێڕیەکان، سنوری نێوان دیالێکت و بەشە دیالێکتە جیاوازەکان دادەنرێت، بۆیە لە دیالۆکتولۆجیادا زاراوەی (heteronomy) بە واتای (ئۆتونومی زمان) بەکارهاتووە، وەکو چۆن بۆ ئوتونومی سیاسی و کارگێڕیش بەکارهاتووە[1]. بۆ نمونە زمانەکانی (کرواتی و عەرەبی و بۆسنی)، هەمان ئەم زاراوانەیان بەمەبەستی جیاکردنەوەی سنوری نێوان دیالێکتەکانیان بەکار هێناوە[2].

بەڵام، پێوەر و بنەمای سیاسی، زۆر کێشەی لێدەکەوێتەوە، وەکو ئەوەی زمانێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراودا وەکو دیالێکت بژمێرێت، وەکو ئەوەی بولگاریەکان زمانی مەکدۆنی بە دیالێکتێکی زمانی بولگاری دەژمێرن[3]، یاخود یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاری کراو، بە دیالێکتی زمانێکی دیکە بژمێردرێت، وەکو ئەوەی بەشەدیالێکتی لوڕی، کە بەشێکە لە گروپی دیالێکتەکانی کوردی باشور، زۆر جار بە بەشێك لە زمانی فارسی ژمێردراوە و دیالێکتی کوردی باکور لە تورکیا بە بەشێك لە زمانی تورکی و یاخود بە (تورکی چیایی) دادەنرێت، بۆیە لێرەدا بەو ڕاستیە دەگەین، کە پەیڕەوکردنی بنەمای سیاسی بۆ دەستنیشانکردنی سنوری بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان سەرکەوتو نییە و بگرە بنەمایەکی زانستیش نییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سوزو بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و....هتد.

---

(1) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:7.

(٢) هەمان ژێدەر، ل٧.

(٣) هەمان ژێدەر،ل٧.

## سێیەم/ بنەمایی جوگرافی

رەنگە یەك ژینگەی جڤاکی (شار، گوند، خێل و...هتد) جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکانیان بەدی بکرێت، چونکە وەك ئاشکرایە ژینگەیەکی جڤاکی دیاریکراو، ئەگەر لە چەند گوندێکیش پێك هاتبێت، جیاوازی زمانی لە نێوانیان هەیە، هەڵبەتە گوندەکان و جڤاکە زمانییەکان چەند لەیەکتر نزیکبن ئەوەندە جیاوازیان لەڕووی زمانییەوە کەمترە، بە پێچەوانەشەوە چەند لەیەکتر دووربن، ئەوەندە جیاوازی لە نێوانیان زیاترە، بۆ نمونە ئەگەر کۆمەلە گوندێك یاخود چەند جڤاکێکی زمانی بچوك بچوك، کە هاوسێی یەکتربن، وەکو: ( A,B,C,D,E,F) وەربگرین، ئەوە لەوانەیە بەکارهێنەرانی گوندی (A) بەباشی لە گوندی (B) بگەن و گوندی (B) بەباشی لە گوندی (C) بگەن و (C) بەباشی لە (D) و (D)بەباشی لە (E) بگەن و بەم شێوەیە جیاوازی لە نێوانیان کەمە، چونکە لەڕووی جوگرافیەوە لێك نزیکن، بەلاّم هەرچەند جڤاکە زمانییەکانی ( A,B,C,D,E,F و...هتد)، سەر بە یەك ژینگەی جڤاکیش بن، ئەوە جیاوازی نێوان (A و F)، رەنگە زۆر زیاتر بێت لەوەی نێوان (A و B) یان (B و C)هەیە، جیاوازی نێوان (B و D) کەمتر بێت لەوەی نێوان (B و E) یان (B و F)، ئەم جیاوازی و لێکچوونانە بە پێی دووری و نزیکی، تۆخ یان کاڵتر دەبنەوە و دیاردە زمانییەکان بەرەبەرە کەڵەکەبوون دەبن، تا لە خالێکدا لێکچوون ئەوەندە بەرز دەبێت کە جیاوازییەکان کاڵببنەوە، بە پێچەوانەوە جیاوازییەکان ئەوەندە زۆر دەبێت کە لەخالێکدا زۆر تۆخ دەبێتەوە، بەشێوەیەك دەتوانرێت ئەو خالاّنەی، کە جیاوازیەکانیان تێدا کەمە یان زۆرە، بەسنوری نێوان دوو زمان یان دیالێکت و بەشەدیالێکت دابنرێن، چونکە هیچ زمانێك لە جیهاندا نییە کە سنورێکی سروشتی وەکو ئەو سنورە سیاسیانەی نێوان ولاّتاندا هەیە، لەگەڵ زمانێکی دیکە هەیبێت، بۆیە دیالێکتە هاوسنورەکان لەڕووی جوگرافییەوە، ئەگەر چی ناکرێت سنوری نێوانیان بە شێوەیەکی رەها دەستنیشان بکرێت، بەلاّم کاریگەری کەڵەکەبوونی دیاردە زمانییەکان بەشێوەیەکە، کە تا سنوری جوگرافی دوورتر بێت جیاوازەکە زۆرتر دەبێت، ئەمەش وەك لە دیالێکتۆلۆجیادا هاتووە بەهۆی کەڵەکەبوونی دیاردە زمانییەکانەوەیە، کە لە خالێکدا زەقتر و تۆختر دەبێت، بەم جۆرە دەتوانرێت سنوری بلاّوبوونەوەی

دیالێکتێکی جوگرافی و هەروەها سنوری نێوان چەند زمانێکیش دەستنیشانبکرێت [1].

لە زمانی کوردیدا، ئەم دیاردەیە لە هەموو ناوچە و دەڤەرەکان هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە لە دەڤەری (ناوکور[2])، ئەگەر گوندەکانی (پیربپ، زیناوەکەڤن، تلجۆمر، دوریشان، ئاڤدەلی و قایماوە) تا دەگاتە گوندی (کانیلان) وەرگرین[3]، لە چەند کەرەسەیەکی زمانی، وەکو (مانگا، سرینگا، قاپی، ئاسیاو و...هتد)دا بەراورد بکەین، چەند بەرەو باکورەوە بێن، دەبینین وشەکانی سەرەوە لە دیالێکتی کوردی باکور نیزیك دوەبنەوە و لە گوندەکانی (تلجۆمر، زیاناوەکەڤن، بیرپب) لە بڕی ئەوان، وشەکانی (چێل، بالیف، دەرگە، ئاش) بەکاردێن، بە هەمان شێوە، چەند بەرەو باشورەوە بچین، لە هەموو دیاردە زمانیەکاندا جیاوازی لەگەڵ دیالێکتی باکور زەڤتر دەبێت و بە پێچەوانەوە، چەند بەرەو باکور بێن، جیاوازی لەگەڵ دیالێکتی باکور کەمتر دەبێت.

پەیوەندی نێوان زمان و دەوڵەت و نەتەوە و کەلتور و جوگرافیا، پەیوەندییەکی زۆر ئالۆز و تێکچرژاوە، چونکە هەمو جارێك و لە هەموو شوێنێك سنوری زمانی و قەوارەی سیاسی وەك یەك نین و جیاوازیان لە نێواندا هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەیە، کە ئەو سنورانە بەهۆی بارودۆخێکی سیاسی لێکجیاواز دروست بووە، بەڵام ئەگەر زمان بەشێوە ستاندەرە ڕەسمیەکە پێناسە بکەین، ئەوە ڕەنگە جیاوازی نێوان سنورە سیاسی و کارگێڕیەکان و سنورە زمانییەکان لێکنیزیکتر بێت، کەواتە ئەگەر جیاوازی نێوان زمان وەکو بەکارهێنان و زمان وەکو شێوە ڕەسمیەکەی بکەین، ئەوە سنورە سیاسی و نەتەوەیی و زمانییەکان زیاتر وەکهەڤ دەبن، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە ئەگەر زمان بەوە پێناسە بکرێت،کە بریتییە: (لە کۆمەڵە دیالێکتێکی جیاواز)، ئەوە سنورە سیاسی و نەتەوەیی و کەلتوریەکان ڕۆڵێکی لاوازیان لە دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی زمان و دیالێکتەکان دەبێت و ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، بەڵام ئەگەر زمان بەشێوە ڕەسمیەکەی پێناسە بکرێت، ئەوە سوودیان بۆ دەستنیشانکردنی سنوری

---

(1) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:5

(٢) دەڤەرێکە دەکەوێتە سنوری هەردوو قەزای شێخان و ئاکرێ و لە کۆمەڵێك خێڵی جیاواز، کە بە هەموویانەوە عەشیرەتی (گۆران) پێکدێنن، پێکهاتووە.

(٣) هەموو ئەم گوندانە، بە ریز لە باکورەوە بۆ باشور دەکەونە سەر هەردوو روباری (خازر و گۆمل).

جوگرافی بلاوبوونەوەیان دەبێت. لەکاتێکدا پێناسەکردنی زمان بە پێوەری سیاسی یان کارگێڕی و کەلتوری، هەرچەند، بۆ دەستنیشانکردنی سنوری زمانی سوودی هەبێت، ئەوە لە دیدێکی زمانەوانییەوە پێناسەکە بە بێی بنەما دادەنرێت[1]. چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد، کە رەنگە بۆ سنوری زمانی رەسمی (ستاندەر) پێناسەیەکی لەم جۆرە گونجاو بێت، بەلام مەحاڵە زمانێك بەکۆی دیالێکتەکانییەوە لە چوارچێوەی سنورێکی ئیداری یان سیاسیدا قەتیس بووبێت. سنورە جوگرافیە سروشتیەکانیش، بەشێوەیەکی رەها سنوری بلاوبونەوەی دیالێکتەکانی زمانێك پێك ناهێنن، بەڵکو بلاوبونەوەی دیالێکتەکان، شێوە و قەوارەی جیاجیایان هەیە، بە پێی بارودۆخ و رێڕەوی گەشەکردنی زمانە جیاوازەکان، جیاوازیان لە نێواندا هەیە، دیارترین و بەرجەستەترین نموونەش لەم بارەیەوە، بلاوبوونەوەی هەردوو دیالێکتی (کوردی باکور و ناوەڕاست)ە، لەم بەر و ئەوبەر روباری (زێی) گەورە.

## شێوەکانی بلاوبوونەوەی دیالێکتەکان

### ١- بلاوبونەوەی بەردەوامی جوگرافی (الاستمرایة الجغرافیة):

وەك بۆمان دەرکەوت، کە هیچ سنورێکی رەها، نە لەرووی جوگرافی و نە لەرووی سیاسی و جڤاکی و کەلتورییەوە لە نێوان دیالێکت و زمانەکاندا نییە، بۆیە دەبینین چەند رووبەری نێوان دوو ناوچە و کۆمەڵەی زمانی کەمتر بێت، جیاوازیەکانی نێوانیشیان کەمترن و بە پێچەوانەوە، چەند رووبەرەکە زیاتر بێت، جیاوازەکان زیاترن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بلاوبونەوەی دیالێکتەکان لە ناوچە جیاوازەکان بەردەوامی هەیە و چەند لە ناوەندی بلاوبونەوەی خۆی دووربکەوێتەوە، جیاوازییەکان باشتر و زیاتر بەرجەستە دەبن، نەك بەوەی بەشێوەیەکی کتوپڕ سنورێکی زمانی کۆتایی بێت و لەوێوە سنورێکی دیکە زمانی دەست پێبکات، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، سنوری بلاوبونەوەی دیالێکتەکان بە سنورە جوگرافی و سیاسی و جڤاکی و کەلتورییە دیاریکراوەکانەوە و بەشێوەیەکی رەها نابەستێتەوە، یاخود

---

(١) الموسوعة اللغوية، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محي الدين حميدى و د.عبداللة سميدان، ص٩٢٣.

بەشێوەیەکی رەها پشت بە پێوەری سیاسی و جوگرافی و دیرۆکی و جڤاکی نابەستێت، بەڵکو پشت بەپێوەری زمانی دەبەسترێت[1]، نموونەی ئەم جۆرە بلاّوبونەوەیە لە هەموو زمانانی جیهاندا زۆرە و زمانەوانانی بواری دیالێکتولۆجیا لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجام داوە[2].

له زمانی کوردیشدا بلاّوبونەوەی دیالێکتەکان، بەپێی ئەم بنەمایە بە ئاشکرایی بەرجەستەبووە و سنورە کارگێڕی و سیاسی و جوگرافی و جڤاکیەکان، نەبوونەتە سنوری یەکالاکەرەوەی نێوان دیالێکتەکانی، بۆ نموونە سنوری بلاّوبونەوەی دیالێکتەکانی باکور و ناوەڕاستی زمانی کوردی، بەپێی ئەو سنورە سیاسیە نییە کە لە نێوان ولاّتانی (ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا)دا هەیە و دیالێکتانی زمانی کوردی بەردەوامی بلاّوبونەویان لەو دیو سنورە سیاسیەکانەوە هەیە، بەهەمان شێوە پێوەری جوگرافی و سروشتی، بۆ نموونە فاکتەرێکی جوگرافی و سروشتی وەکو رووباری (فورات) نەبۆتە سنورێکی یەکالاکەرەوە بۆ بلاّوبوونەوەی دیالێکتی باکور لەوبەری رووبارەکەوە.

## ٢- بلاّوبونەوەی بەردەوامی جڤاکی (الأستمرارية الأجتماعية):

زۆر لە زمانەوانانی بواری دیالێکتولۆجیا، لە کاتی دەستنیشانکردنی سنوری بلاّوبونەوەی دیالێکتەکان، رەچاوی هۆکاری جڤاکیان کردوە، پێیان وابووە، کە بە تەنها بەپشت بەستن و رەچاوکردنی هۆکارەکانی جوگرافی و سیاسی بۆ دەستنیشانکردنی سنوری بلاّوبونەوەی دیاردە زمانییەکان، لێکۆڵینەوەکان بەناتەواوی دەمێنێنەوە و ناکرێت بەپشت بەستن بەو هۆکارانە وابکات، کە هۆکارەکانی دیکە و بە تایبەتی هۆکاری جڤاکی فەرامۆش بکرێت، چونکە لەوانەیە بلاّوبونەوەی دیاردەی زمانی جیاواز لەودیو سنورێکی جوگرافی یان سیاسیەوە بە هۆکارێکی جڤاکیەوە هەبێت، زمانەوانانی بواری دیالێکتۆلۆجیا، رەچاوکردنی هۆکاری جڤاکی لەم سەردەمەدا بە گرنگ و پێویست دەزانن، چونکە لەم سەردەمەدا جڤاکە جیاوازەکان ناتوانن لەنێو خۆیاندا

---

(١) هەمان ژێدەر، ل٩٢٣ .

(٢) هەمان ژێدەر، ل ٩٢٣ .

قـەتیس بـن و تاکـەکانی تـەنها بـە رەوشـتی زمـانی جڤاکەکـەی خۆیانـە بەنـد نـین[1]، نموونەی ئەم جۆرە بڵاوبوونەوەیـە لـە زمـانی کوردیـدا، (سورچییەکان)ن، کـە لەمبـەر و ئەوبەری روباری (زێی) بادینانەوە بڵاون و لەڕووی زمانییەوە لە نێوان دیالێکتـەکانی باکور و ناوەڕاست دابەشبوونە.

### ٣- بڵاوبونەوەی پێچاوپێچ (الانتشار الحزمی):

لـەم جـۆرە بڵاوبونەوەیـەدا، دیالێکتـەکان لـە چوارچێوەی پانتاییـەکی دیـاریکراودا بڵاوبونەتەوە و لە هەندێك شوێنی دیـاریکراودا تێکـەڵ بەیـەکتری دەبـن و لـە هەنـدێك شوێنیـــشدا لێکـــدەترازێن، بەمـــەش چـــەند هێڵێکـــی پێـــچاوپێچ لـــەو پانتایـــەدا بەدیاردەکەوێت[2]، هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:




**وێنەی ژمارە (٣)، بڵاوبونەوەی پێچاوپێچ (الانتشار الحزمي)**

ئەگەر لەم وێنەیەی سەرەوەدا، ( أ ) و ( ب) بە دوو دیالێکتی جیاواز دابنرێن، ئـەوە پانتـایی نێـوان ( أ ) و (ب) شـێوەی بڵاوبونـەوەی هـەردوو دیالێکتەکەیـە، کـە شـێوەیەکی پێچاوپێچی هەیـە، واتـا تایبەتمەنـدی و سیماکانی هـەردوو دیالێکتەکـە لـەو رووبـەرەدا بڵاوبونەتەوە، هـەروەها ئـەوەمان بـۆ بەرجەسـتە دەبێـت، کـە شـێوەکانی بڵاوبونەوەکـە هێڵێکی راستەوڕاست نییە، بـەڵکو پێچاوپێـچە و هـەر هێڵێـك لـەو هێڵانـە ئاماژەیـە بـۆ شـێوەی بڵاوبونـەوەی دیالێکتێـك لـە دیالێکتـەکان، ئـەو شـۆێنانەی کـە بـە یـەك دەگـەن

---

(١) الموسوعة اللغوية أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محى الدين حميدى و د.عبداللة سميدان ، ص٩٢٥.
(٢) اللسانيات (المجال، و الوظيفة، و المنهج)، سمير شريف ،ص١٤٧ .

ئامـــاژەن بـــۆ خـــاڵی کۆبونـــەوەی بەکارهێنـــەرانی هـــەر دوو دیالێکتەکـــە و هـــەر گردبونەوەیەکی دیکەی دانیشتوان لەسەر هەمان هێل بەهەمان شێوەیە، لەراستیدا لـە خاڵەکانی بەیەکگەیشتن تایبەتمەندی دیالێکتەکان بەیەکەوە بەرجەستە دەبن، بەڵام لـە شـوێنەکانی دیکـە، هـەر دیالێکتـەو تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، مـەرج نییـە خاڵـە هاوبەشـەکانیش بـەو شـێوەیە بێـت، کـە هـەموو تایبەتمەندییـەکانی دیالێکتـەکان وەکـو یەك بن و هاوبەشبن، بەڵکو لەوانەیە تەنها لە چـەند تایبەتمەندیەکدا هاوبـەش بـن[1]، بـۆ نموونـە لـە بڵاوبونـەوەی هـەردوو دیـالێکتی بـاکور و ناوەڕاسـتی زمـانی کـوردی، کـە هەریەکیان لـە ناوچـەیەکی فراوانـدا بـڵاون و سیمای تایبـەتی خۆیـان هەیـە، بـەڵام لـە هەمان کاتدا، بڵاوبونەوەی تایبەتمەندی و دیاردە زمانییەکان لە هەموو ناوچەکان وەکو یەك نین، وەك ئەوەی دەبینین لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە دیـالێکتی ناوەڕاسـتی تێـدا بڵاوە، مۆرفیمی کۆکردن (ان)ی تێدا بـەکاردێت، بـەڵام لـەڕووی دڕکانـدن و نەدڕکانـدنی فۆنیمی/د/ی مۆرفیمی کاتی ئێستا (دە)، ناوچـەکان جیاوازیـان لـە نێوانیانـدا هەیـە، لـە هەمان کاتدا لەگەڵ دیالێکتی باکور کـە خـاڵی بەیەکگەیـشتن لـە هەنـدێك تایبەتمەنـدی زمانیدا لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، وەکو بەکارهێنانی مۆرفیی نەناسـراوی (ەك) و بـە ئاوڵناوکردنی هەندێك (ناو) و لە بەکارهێنانیاندا هاوبەشن، بۆ نموونە:

کوڕ + ەك = کوڕەك

برا + یەتی = برایەتی

لە هەندێك شوێنی گردبونەوەی دانیشتواندا و بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە هەردوو دیالێکتی (باکور و ناوەڕاست) تێیدا بەیەك دەگەن، ئەم دیاردە زمانیانـە بەباشـی بـەدی دەکـرێن، ڕەنگـە ئـەو تایبەتمەنـدی و بەکارهێنانـە تـەنها لـەو خاڵانـەی بەیەکگەیـشتن بەکاربێن و لە ناوچەیەکی دیکەی هەردوو دیالێکتەکە بەکاری نەهێنن، مەرجیش نییـە لـە خاڵـەکانی بەیەکگەیـشتن، هـەموو دیالێکتـەکانی زمانێـك تێـدا کۆببنـەوە، بـەڵکو لەوانەیە تەنها دوو دیالێکت یـان زیـاتر تێـدا هاوبـەش بـن. لەلایـەکی دیکـەوە دەبیـنین بڵاوبونەوەی هێڵەکان لە بڵاوبونەوەی پێچاوپێچدا، بەبەردەوامی شێوەی پێلی (موجـە) بەخۆیـەوە گرتـووە، لـە هەنـدێك شـوێن زۆر بـەرز دەبێتـەوە و لـە هەنـدێك شـوێندا

(١) اللسانيات ( المجال، و الوظيفة، و المنهج)، سمير شريف، ص١٤٨.

نزمدەبێتــەوە، ئەمــەش ئــەوە دەگــەینێت، کــە دیالێکتــەکان لــە هەنــدێك ناوچــەدا تایبەتمەنـدی خۆیـان پاراسـتووە و لـە هەنـدێك ناوچـەدا گۆرانکاریـەکانیان زیـاتربووە و تایبەتمەندیەکانی لە دیالێکتێکی دیکەوە نزیکتر بووە، یان لەوانەیـە گەشـەکردنەکەی بەیەك شێوە و ئاراستە نەبووبێت، ئەم جولە و بزاڤەی گۆڕانکاری دیالێکتەکان، بـەهۆی ئـەو هۆکـارە جۆربەجۆرانەوەیـە، کـە لـە گەشـەکردن و گۆڕانکـاری و بڵاوبونـەوەکەیـدا کاریگەری لەسەر دروست دەکەن.

٤- **بڵاوبونەوەی تێکەڵاو – تۆڕی - (الانتشار الشبکی):**

لەم جۆرە بڵاوبونەوەیەدا، تایبەتمەندی و دیاردەی زمانی دیالێکتـە جیاوازەکـان، لـە ناوچـەیەکی فـراوان و بـەربڵاودا بڵاوبونەتـەوە، بەشـێوەیەك کـە لـە هەنـدێك شـوێندا هاوبەشن و لە هەندێکیشدا جیاوازن، واتە دیاردە زمانییەکان تارادەیەکی زۆر تێکـەڵاون وبەناویەکداچـووینە، بـە شـێوەیەك کـە بەئاسـانی ناکرێـت هێڵێکـی جیاکـەرەوە لـە نێوانیاندا دەست نیشان بکرێت، وەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا بە دیاردەکەوێت:




**وێنەی ژمارە (٤)، بڵاوبونەوەی تێکەڵاوی دیاردەکان (الأنتشار الشبکي)**

وەك لــە وێنەکــەدا بەدیاردەکــەوێت، کــە بڵاوبونــەوەی دیالێکتــەکان لــە هــەموو ناوچەکاندا بەدی دەکرێت (دیالێکتەکان لە هەموو پانتاییەکاندا بـڵاون)، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت، کە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا زورە، واتـە لـە هەنـدێك تایبەتمەندیـدا لـە ناوچە نزیکەکاندا هاوبەشـن و لـە هەندێکیانـدا جیـاوازن[1]، ئـەم جـۆرە بڵاوبونەوەیە،

(١) اللسانیات ( المجال، و الوظیفة، و والمنهج)، سمیر شریف ، ص٦٥٠.

ئەگەر لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی پراکتیك بکەین، ڕەنگە زیاتر بەم دوو شێوەیە بەرجەستە بێت:

**یەکەم/** ئەم جۆرە بڵاوبونەوەیە لە شارە گەورەکاندا و بەتایبەتی ئەو شارانەی وەکو ناوەندێکی سیاسی و بازرگانی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری دێنەپێش، بەدی دەکرێت، بۆ نموونە شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە پایتەختی ئەم هەرێمەیە و بەکارهێنەرانی هەموو دیالێکتەکان (یان زۆربەی دیالێکتەکان)ی زمانی کوردی ڕوویان تێکردووە، هەریەکەیان کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوی دیکەوە و بەهەموویانەوە بڵاوبونەوەیەکی تێکەڵاوی دیالێکتەکانیان دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە تایبەتمەندیەکانی خۆماڵی شارەکە، بەسەر تایبەتمەندی دیالێکتەکانی دیکەوە زاڵە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تایبەتمەندی و دیاردەی زمانی دیالێکتەکانی دیکەی تێدا نییە و بەدی ناکرێن.

**دووەم/** ڕەنگە ئەم جۆرە بڵاوبونەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی بەشەدیالێکتەکانی یەك دیالێکت گونجاو بێت، چونکە تاکە دیالێکتێك، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندیەکی زمانی هاوبەشی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی ئەو دیالێکتە لە نێو خۆیاندا، تایبەتمەندی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە لە دیالێکتی باکوری زمانی کوردی، مۆرفیمی کۆکردن بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێت، وەکو (ێن، ێت، ێد) کە هەموو ئەمانە ئەلۆمۆرفی یەکترن و هەریەکیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، بەهەمان شێوە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی، دیاردە و تایبەتمەندی زمانی تایبەت بە ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی بەدی دەکرێت، وەکو (دە)ی مورفیمی کات کە لە ناوچەی سلێمانی فۆنیمی /د/ نادرکێندرێت و دەبیت بە (ئە) و لە هەولێر وەکو خۆی بەکاردێت، و گۆڕینی فونیمی (/ڵ/ و /ل/ ← /ر/) لە هەولێر و مانەوەی وەکو خۆی لە سلێمانی، بەهەمان شێوە لە دیالێکتی باشور، بەشە دیالێکتەکانی ئەو گروپە تایبەتمەندی و دیاردەی زمانی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

**هەندێك لەو دابەشكردن و پۆلینكردنانەی بۆ دیالێكتەكانی زمانی كوردی ئە نجامدراون:**

بێگومان لێكۆڵینەوە لە بارەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی هەر لەگەڵ دەستپێكردنی زمانەوانی كوردی دەستپێكردووە، لێكۆڵینەوەی دیالێكتۆلوجی لە زمانەوانی كوردیدا، پێش لێكۆڵینەوەی بەش و ئاستەكانی دیكەی زمان دەكەوێت[1]، ئەمەش سیمایەكی تایبەتی زمانەوانی كوردییە، بۆیە لێكۆڵینەوەی زۆر و هەمەجۆر لەبارەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی ئەنجامدراوە، رۆژهەڵاتناس و زمانەوانە خۆماڵیەكان، گرنگی زۆریان بە دیالێكتەكانی زمانی كوردی داوە، لە خوارەوە باس لە هەندێك لەو لێكۆڵینەوانە دەكەین، كە بە بووچوونی ئێمە گرنگترین و كۆنترین و نوێترینیانن، واتە لەم خستنەڕوویەی دابەشكردن و پۆلینكردنی دیالێكتەكانی زمانی كوردی، ڕەچاوی كۆنترین و نوێترین و گرگنترین ئەو لێكۆڵینەوانە كراوە كە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون:

| ژ | ناوی لێكۆڵەر (نووسەر) و ساڵی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكە. | دابەشكردنەكەی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| ١- | شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٩٦ز). | چوار دیالێكتی دەستنیشانكردووە: كرمانجی، لوڕی، كەلهوڕی، گۆران. | شەرفنامە، شەرفخان البدلیسی، ترجمە ملا جمیل رۆژبیانی، ل٥٠. |
| ٢- | گ.گیورنلی (١٨٢٦– ١٨٢٧ز). | دوو دیالێكتی سەرەكی دەستنیشانكردووە: خوارووی، ژوورو. و هەریەك لەو دیالێكتەكانەی بەم شێوەیە دابەشكردووە، ژوورو: هەكاری، بایەزید، شكاك، موكری. خوارو : لەك، كەلهوڕ، گۆران، لوڕ، كرمانجی | چی لەبارەی زمانی كوردییەوە نوسراوە، ئەورەحمان، ل١١. |
| ٣- | خ. ئا. بوڤیان (١٨٤٧ز). | دوو دیالێكتی سەرەكی: (كرمانجی و زازا)ی دەستنیشانكردووە. | چی لەبارەی زمانی كوردییەوە نوسراوە، ئەورەحمان، ل١٤. |

(١) چی لە بارەی زمانی كوردیەوە نوسراوە، ئەورحمان حاجی مارف، ل١١.

| ژ | ناوی لێکۆڵەر (نووسەر) و ساڵی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە. | دابەشکردنەکەی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| ٤- | ئە. خۆدزکۆ (١٨٥٣ -١٨٥٤ز). | دوو دیالێکتی جیاواز، بەبێ ئەوەی ناو لە دیالێکتەکان بنێت دەستنیشانکردووە، تەنها ناوی (بەبە، سلێمانی)ی هێناوە. | چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)، ئەلکساندەرخۆدزکۆ، وەرگێرانی نەجاتی عبدالله، ل٦٤. |
| ٥- | پ. لیرخ (١٨٥٧ز). | زمانی کوردی دابەشی سەر پێنج دیالێکتەکانی جیاواز کردووە: (کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، زازایی). | چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نوسراوە،ل١٩. |
| ٦- | ئە.سوسین (١٨٩٨ز). | ناوی دیالێکت و شێوەکانی (بابانی، لوڕی، بەختیاری)هێناوە، هەروەها دیالێکتەکانی(ڕۆژهەلاّت، باشور، باکور) لەڕووی جوگرافیەوە دەستنیانکردووە. | زمانی کوردان، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، ل٦-٧-٨. |
| ٧- | ج.د.مورگان(١٩٠٤ ز). | دوازدە دیالێکت و شێوە دیالێکتی جیاکردووتەوە: موکری، گەرۆستی، یەزیدی، بایەزیدی، سەحنەیی، کرماشایی، هەورامی، جافێتی، رێژاوەیی، سلێمانی، لەك، خۆجەرەندی. | چی لەبارەی زمانی کوردی نوسراوە، ل٢٧. |
| ٨- | ئی.بی.سون(١٩١٣ز). | چوار دیالێکتی سەرەکی دەستنیشانکردووە: (کرمانجی، گۆران، لوڕی، زازایی) کرمانجییشی دابەشی سەر ژوورو خواروو کردووە. | Grammar of Kurmanji or Kurdish Language, E.B.Soane, London, Luzac and Company,1913. p:9. |
| ٩- | باسیل نیکیتین (١٩٢٦- ١٩٢٨ز). | دیالێکتەکانی: (لوڕ، کەلهوڕ، سۆرانی، گۆران)ی دەستنیشانکردوون. | Kurdish Stories From My Collection, Basile Nikitine, B.S.O.S, Vol. iv, 1926-28,p:121. |

| ژ | نـــاوی لێکۆڵـــەر (نووســەر) و ســاڵی ئەنجامـــــــدانی لێکۆڵینەوەکە. | دابەشکردنەکەی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| -١٠ | جەلادەت بەدرخان و روجیە لسکۆ (١٩٤٥ز). | ســێ دیالێکتیـــان جیاکردۆتـــەوە: (کرمانجی، سۆرانی، زازا) | قواعــد اللغـــة الكرديـــة (اللهجة الكرمانجية)،ص ١١. |
| -١١ | مینورسکی (١٩٤٩ز). | سێ دیـالێکتی دەستنیـشانکردووە: (دیـــالێکتی باشـــور، دیـــالێکتی رۆژهەڵات، دیالێکتی رۆژئاوا). | هــەمان ژێــدەری ســەرەوە، ل٦٨. |
| -١٢ | تەوفیق وەهبی (١٩٥١ز). | چـــوار دیـــالێکتی ســـەرەکی دەستنیـــشانکردووە: (کرمـــانجی، لوڕی، گۆران، زازایی)و هەریەك لـەم دیالێکتانەش، جگەلە زازایی دابەشی سەر بەشە دیالێکت کردووە. | هەنـدێك لایـەنی رێزمـانی زاری فـەیلی، تـارا عبـدالله سعید،ل٨. |
| -١٣ | د.ن.مەکنزی (١٩٦١ز)[1]. | دوو گروپـی دەسـت نیـشانکردووە: (کرمانجی ژوورو، کرمانجی خواروو) و تـــەنیا بەشـــە دیالێکتـــەکانی کوردستانی عێراق وەرگرتووە. | Kurdish Dialect satade, D.N.Macnze, p:xviii. |
| -١٤ | قەناتی کوردۆ (١٩٦٥)ز. | دوو دیـــــالێکتی ســــــەرەکی دەستنیـــشانکردووە و بــــەراوردی کردوون: کرمانجی ژوور و کرمـانجی خواروو. | چی لە بارەی زمانی کوردی نوسراوە، ل٥٤. |
| -١٥ | د.ابراهیم السامرائی (١٩٦٨ز). | دابەشـــکردنە گـــشتیەکەی بـــەم شـێوەیەیە: (کرمـــانجی، ســـۆرانی، کـــەلهوڕی، گـــۆرانی). بـــەڵام بـــۆ کوردســـتانی عێـراق سـێ دیـالێکتی دەستنیـــشانکردووە: (ســـــۆرانی، بادینی، فەیلی). | التوزيـع اللغـوی الجغـرافي في العراق، ص٢٥١-٢٥٢. |
| -١٦ | کەمال فوئاد (١٩٧١ز). | چـوار دیـالێکتی دەستنیـشانکردووە، بـەم شـێوەیە: رۆژئــاوا، رۆژهــەڵات، خواروو، گۆرانی و زازایی. | رێزمانا کوردی، صادق بها الدین، ل٣٦. |

(١) بنێرە پاشکۆکان، نەخشەکانی ژمارە (١ و ٢ )، کە بەمەبستی دەستنیشانکردنی بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی لەلایەن مەکنزیەوە ئەنجامدراوە.

| ژ | نـــاوی لێکۆڵـــەر (نووســەر) و ســاڵی ئەنجامـــــدانی لێکۆڵینەوەکە. | دابەشکردنەکەی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| -١٧ | د.عزالدین مستەفا ڕەسول (١٩٧١ز). | چوار دیالێکتی دەستنیشانکردووە: شێوەی لوڕی، شێوەی کرمانجی ژوورو، شێوەی گۆران، شێوەی خواروو. | سەرەنجێ لە زمانی ئەدەبی کوردی، د. عزالدین مستەفا رسول، ل١٩- ٢٥. |
| -١٨ | د.جمال نەبەز (١٩٧٦ز). | دیالێکتەکانی کوردی دابەشی سەر دوو دیالێکتی سەرەکی و دووی لاوەکی کردووە، سەرەکیەکان: کرمانجی ژوورو، کرمانجی ناوەڕاست و لاوەکیەکانیش: کرمانجی ژێرو، کۆمەڵە شێوەی گۆرانی و زازایی. | هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، تارا عبدالله، ل٧. |
| -١٩ | زبیر بلال اسماعیل(١٩٧٧ز). | دوو کۆمەڵەی دەستنیشانکردووە: کۆمەڵەی باکور، کۆمەڵەی باشور. | تاریخ اللغه الكردیه، زبیر بلال، ص٧٠-٧١. |
| -٢٠ | محمد ئەمین هەورامی (١٩٨١ز). | بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە: کرمانجی سەروو، کرمانجی نێوەڕاست، کرمانجی خواروو. | زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، محەمەد ئەمین هەورامی، ل٦٨. |
| -٢١ | د.کامل حەسەن بەسیر (١٩٨٢ز). | سێ دیالێکتی سەرکی دەستنیشانکردووە: زارەکانی کوردی ژووروو، زارەکانی کوردی ناوەند، زارەکانی کوردی خواروو. | زمانی نەتەوایەتی کوردی، د.کامل حسن بصیر، ل ١٨. |
| -٢٢ | فوئاد حمه خورشید (١٩٨٣ز)[1]. | چوار دیالێکتی دەستنیشانکردووە : کرمانجی باشور، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی باکور، گۆران . | زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی،فوئاد حەمە خورشید، ل٣٨. |
| -٢٣ | سادق بەهائەدین ئامێدی (١٩٨٧ز). | چواردیالێکتی بەم شێوەیە دەستنیشانکردووە: کرمانجی (ژوورو، ناوەڕاست، رۆژئاوا)، لوڕی و کەلهوڕی، زازاو شەبەك و هەورامی. | ڕێزمانا کوردی کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، صادق بەهائەدین ئامێدی، ل٢٥. |

(١) بنێرە پاشکۆکان: نەخشەکانی ژمارە (٣ و ٤)، کە یەکەمیان دابەشبوونی دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانی کوردیە و دووەمیان دابەشبوونی بەشەدیالێکتەکانە و لەلایەن (فوئاد حەمە خورشید)ەوە ئەنجامدراوە.

| سەرچاوە | دابەشکردنەکەی | ناوی لێکۆڵەر (نووسەر) و ساڵی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە. | ژ |
|---|---|---|---|
| هەندێك لایەنی رێزمانی زاری فەیلی، تارا عبدالله سعید، ل٧. | چوار دیالێکتی دەستنیشانکردووە : کرمانجی (کوردی) ژوورو، کرمانجی ناوەڕاست ، گۆران و زازا، کرمانجی خواروو. | تارا عبدالله سعید (١٩٩٨ز). | -٢٤ |
| الشبك الكورد المنسيون، احمد شوكت، ص٨٣ . | سێ دیالێکتی جیاکردۆتەوە، بەم ناوانە ناوی هێناون: دبێژیت، دەلێیت، ماچۆ. | ئەحمد شەوکت (٢٠٠١ز). | -٢٥ |
| مقترح للكتابة باللهجة الفيلية، ص٩. | پێنج دیالێکتی بەم شێوە دەستنیشانکردووە: کرمانجی، سۆرانی، فەیلی، زازایی ، هەورامی. | هیوا زندی (٢٠٠٧ز). | -٢٦ |

## تێڕوانینێکی گشتی لە بارەی دابەشکردنەکان

ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشتر لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە ئەنجامدراوون، گرنگی و بایەخ و سوودێکی زۆریان بۆ ناساندنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەیە، لێکۆڵینەوەکان هەوڵ و کۆششی زۆریان ویستووە تا بەو شێوەیەی گەیشتۆتە بەردەستمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و وەکو هەر کارێکی دیکەی زانستی، لێکۆڵینەوەکان بێ کەموکوڕی نین، لە خوارەوە بەکورتی چەند تێبینیەك لەبارەی هەموو ئەو دابەشکردنانەی کەلە لیستی سەرەوەدا بە نموونە هێناومانەتەوە، دەخەینەڕوو:

١- وەك دەبینین لێکۆڵەران بۆ هەر دیالێکتێك لەو دیالێکتانەی دەستنیشانیانکردووە، زیاتر لە ناوێکیان بەکار هێناوە، لێکۆڵەر هەیە ناوی بەشە دیالێکتێکی لەسەر کۆمەڵە دیالێکتێك داناوە، بۆ نموونە لێکۆڵەر هەیە ناوی (هەورامی، هەورامانی) لەسەر کۆمەڵە دیالێکتی (باشوری) یاخود (گۆرانی)ی داناوە[1]، هەروەها هەیە ناوی (ماچۆ) یان (گۆرانی) یان (خواروو)، (باشور) و...هتد بەکارهێناوە.ئەم ناوهێنانانە بەو هۆکارەوە بووە، کە لێکۆڵەرەکە سەر بەو بەشە دیالێکتە بووە کە کردوویەتی

(١) فەرهەنگی ئێرەن ڤاچ، محمد ئەمین هەورامی، ل٨ .

بەناوی کۆمەڵە دیالێکتەکە، یاخود هەیانە بێگانەیە و شارەزایەکی باشی لە بارەی هەموو دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی نەبووە و پشتی بە زانیاری فۆرمانتێك یان زیاتر بەستووە و ئەوانیش کاریگەریان لەسەر لێکۆڵەرەکە دروست کردووە.

٢- بەزۆری لە دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی بلاّوبونەوەی دیالێکتەکان سەرکەوتوو نەبوونە، تەنها لە دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی بلاّوبونەوەی ئەو دیالێکتانە سەرکەوتوو بوونە، کە خودی لێکۆڵەر بەکارهێنەری بووە و ئەو دیالێکتەی کە زۆر لە دیالێکتی خۆیەوە لە رووی جوگرافیەوە نزیکە[1]، لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵەرە بیانییەکان لە دابەشکردنیان توشی هەڵەی زۆر زەق بوونەتەوە، نەك تەنیا لە رووی جوگرافیەوە نەیانتوانیوە سنوری بلاّوبونەوەی دیالێکتەکان دەستنیشان بکەن، بەڵکو تێکەلاّوی و ناشارەزاییەکی زۆر بەکاری هەندێکیانەوە دیارە، وەکو ئەو دابەشکردنەی کە (ئە. سۆسین ١٨٩٨ز)ی ئەنجامیداوە[2].

٣- زۆربەی ئەو دابەشکردنانەی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە لایەن لێکۆڵەرانی خۆماڵی و بیانی ئەنجامدراون، پشتیان بە داتا و دیاردە و کەرەستەی زمانی و سیمای جیاکەرەوەی زمانی نێوان دیالێکتەکان نەبەستووە، لەبری ئەمە لە پۆلینکردنەکانیان پشتیان بە بنەما و پێوەرەکانی: (جڤاکی، کەلتوری، سیاسی و کارگێری) بەستووە، بۆیە نەیانتوانییەوە راستیەکان بە تەواوی بپێکن.

٤- زۆر لەو لێکۆڵینەوانە، بەبێ هیچ دەروازەیەکی زانستی (زمانەوانی) و پێناسەکردنی دیالێکت و باسکردنی چەمکەکانی دیالێکت و دیالێکتۆلۆجیا و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیالێکت، راستەوخۆ چوونەتە سەر دابەشکردن و پۆلینکردنی دیالێکتەکان، کە رەنگە ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵانەیانبێت کە تێکەوتوون، چونکە بەبێ بنەما و پێوەر و رێبازێکی زمانەوانی دیاریکراو کارەکانیان ئەنجامداوە.

---

(١) هەریەك لە: مینورسکی، د.جمال نەبەز، د.کامل حسن بەسیر و فۆاد حمە خورسید دابەشکردنەکانیان بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی زۆر لەوانی دیکە جیاوازە و لەرووی جوگرافیەوە بلاّوبونەوەکانیان تارادەیەکی زۆرباش دەسنیشانکردووە .

(٢) زمانی کوردان چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلولۆجی زمان، ئە. سۆسین، ل ٦-٧-٨.

٥- هەندێکیان تاڕادەیەك پشتیان بە بنەما و پێوەرەکانی دیالێکتولۆجیا بۆ دابەشکردن و پۆلینکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەستووە، بەڵام ئەو پشت بەستنەش تەنها بەچەند سەرچاوەیەکی زمانەوانی عەرەبی دیاریکراو بووە، کە رنگە ئەو سەرچاوانە بۆ زمانێکی دیکە گونجاو بووبن، نەك بۆ زمانی کوردی، لێکۆڵەرەکان هەمان ئەو پێوەرانەیان بەکارهێناوە بۆ پۆلینکردن و دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە لەو سەرچاوانەدا هاتووە و هەمان ئەو پێناسە و هۆکارانەشیان بۆ گەشەکردن و سەرهەڵدانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەکارهێناوە، وەکو ئەوەی باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێت بەوەی بە هۆکارەکانی: یەکنەبوونی دیالێکتە کوردیەکان، بەکارهێنانی رێنوسی جۆربەجۆر، بەکارهێنانی دوو دیالێکتی جیاواز لە بواری رۆشنبیریدا، دەمارگیری و ناوچەگەری و هەرێمگەری، دابڕان و پەیوەندی ئابوری، کارتێکردنی نەتەوە دەسەلاتدارەکان و...هتد[1]، کە زۆربەی ئەم هۆکارانە، لە ئەنجامی کەوتنەوەی دیالێکتەکانن، نەك هۆکاری دەرکەوتن و سەرهەڵدانیان، بۆ نموونە ئەگەر دوو دیالێکت لە ئارادا نەبن، چۆن دەکرێت لە بواری رۆشنبیریدا بەکار بهێنرێن؟، هەروەها سەبارەت بە بەکارهێنانی رێنوسی جیاواز و یەك نەبوونی دیالێکتەکان و...هتد، دەکرێت ئەم هۆکارانە هۆکاری قوڵترکردنەوەی جیاوازی نێوان دیالێکتەکان بن، نەك هۆکاری سەرەکی و راستەوخۆی سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بەڵام هۆکاری دیکە هەن، کە زمانەوانان و شارەزایانی بواری دیالێکتۆلۆجیا بە وردی باسیان کردووە.

٦- هەندێك لەو لێکۆڵەرانەی باسیان لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و دابەشبون و بڵاوبونەوەیان کردووە، شارەزاییان لە زمانەوانی نەبووە، بەڵکو سەربە لایەنەکانی دیکەی رۆشنبیری و زانستی بوونە و لێکۆڵینەکانیشیان بە ئامانجێکی دیکەوە بووە[2].

---

(١) چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، رەفیق شوانی، ل٧٠-٧٦.

(٢) بۆ نموونە لێکۆڵەرێکی وەکو (ئەحمەد شەوکەت)، کە کتێبێکی بە ناوی (الشبك الكورد المنسيون) نووسیوە و تێدا لەرووی زمانییەوە باس لە کوردە شەبەکەکان دەکات و بە دوور و درێژی چووەتە سەر بەشەدیالێکتی شەبەك و پۆلینێکی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە.

**دابەشبکردنی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

دوای ئەوەی هەندێك لەو بۆچوونانەمان خوێندەوە کە تایبەت بوون بە دابەشکردن و پۆلینکردنی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی و ئەو تێبینیانـەی لـە بـارەی ئەو دابەشکردن و پۆلینکردنانەوە پێشکەشمان کـردن، هـەوڵ دەدەیـن بەپشـست بەسـتن بەچەند بنەما و پێوەرێکی زمانەوانی و بە تایبەتیش زمانەوانی جوگرافی، دابەشکردن و پۆلینکردنێکی نوێ بـۆ دیالێکـت و بەشـەدیالێکتەکانی زمـانی کـوردی و بڵاوبونـەوەی جوگرافیان بخەینەڕوو، دواتریش لەسەر نەخشەی کوردسـتان دەستنیـشانیان بەکـەین[١]، پـێش ئـەوەی بـچینە سـەر دابەشـکردن و پـۆلینکردنی دیالێکـت و بەشـەدیالێکتەکان، بەپێویست دەزانین  سەرەنج بۆ ئەوە رابکێشین، کە ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا زاراوەی جوگرافی (باکور، باشور، ناوەڕاست و...هتد) لە دابەشکردن و پـۆلینکردنی دیالێکتـەکان بــەکاردێنین و لــە پــۆلینکردنی بەشەدیالێکتەکانیــشدا، زاراوەی ناوچــە و هــەرێمی جوگرافی و یەکە کارگێڕیـەکان بـەکاردێنین و تـەنها سـنوری بڵاوبونـەوەی دیالێکتـەکان دەستنیــشان دەکــەین، چــونکە دەستنیــشانکردنی ســنوری بڵاوبوونــەوەی بەشــە دیالێکتەکان، کارێکی ئاسان نییـە و پێویـستی بـە لێکۆڵینەوەیـەکی ورد و فـراوان هەیـە، بۆیـە هەوڵـدەدەین تـەنها ئـەو بەشـەدیالێکتانەی دەکەونـە سـنوری جـوگرافی هـەرێمی کوردسـتانی عێراقـەوە دەستنیـشان بکـەین، چـونکە ئێمـە بـۆ ئـەو بەشـە رووپیـوێکی مەیدانیمان، بەمەبەستی دانانی ئەتڵەسی زمانی ئەم ناوچـەیە ئەنجامـداوە[٢]، دەتـوانین بــە پــشت بەســتن بــەو هــەموو زانیــاری و کەرەســتە و دیــاردە زمانیانــەی کــە لــە ڕووپیوەکاندا، لەم بەشەی کوردستاندا دەستمان کەوتووە، سنوری جوگرافی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەم هەرێمە دەستنیشان بکەین[٣].

---

(١) لەوانەیە ئەم دابەشکردنەی ئێمە لەگەڵ هی زۆرێك لە لێکۆڵەران هاوشـێوە بێـت یـان لێـك نزیکبن، بەتایبەتیش لەڕووی بەکارهێنانی ناوی دیالێکتەکان و ژمارەیان، بەڵام لەهەمان کاتـدا جیاوازییەکی دیاری لە وردەکاری و لێکدانەوە لەگەڵیاندا هەیە.

(٢) تەماشای نەخشەکانی بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکە .

(٣) بەشە دیالێکتەکانی هەرسێ گروپی دیالێکتەکانی ( باکور، ناوەڕاست و باشـور) لـە هـەرێمی کوردستانی عێراق هەیە.

## دیالێکتەکانی زمانی کوردی

١- گروپی دیالێکتی کوردی باکور.

٢- گروپی دیالێکتی کوردی ناوەڕاست.

٣- گروپی دیالێکتی کوردی باشور.

٤- گرۆپی دیالێکتی کوردی زازایی

## بەشە دیالێکتەکانی ئەم گروپە دیالێکتانە

**یەکەم/ گروپی دیالێکتی کوردی باکور:**

ئەم بەشە دیالێکتانە لەخۆدەگرێت:

أ- **بەشە دیالێکتەکانی کوردی باکوری رۆژهەلأت**، کە بریتین:

١- **ناوچەکانی**: (خوڕاسان، ئورمیە، سەلماس، خوێی، ناوچەی نیشتەجێبوونی شکاك و هەرکیەکان).

٢- **ناوچە کوردنشینەکانی**: ئەرمینیا، جۆرجیا، ڤیرغز ستان، کازاخستان، ئازەربێجان، ئەڤغانستان و چیچان[1].

ب- **بەشە دیالێکتەکانی کوردی باکوری ناوەڕاست:**

بریتین لە: بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی و شەمزینی.

---

(١) لەلاپەرە (٦٣) تەماشای خشتەی ژمارە و ریژەی دانیشتوانی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی لەم ولأتانە بکە .

**جـ- بەشە دیالێکتەکانی کوردی باکوری رۆژئاوایی:**

**بریتین لە: حەلەب، عەفرین، قامیشلۆ، کوردەکانی نیشتەجێی لوبنان (دورزیەکان) و ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای موسڵ یان (رۆژئاوای رۆباری دیجلە)، وەکو شەنگال و زمار و تەلەعفەر.**

## دووەم/ گرۆپی دیالێکتی کوردی ناوەڕاست:

**ئەم بەشەدیالێکتەکانە لەخۆدەگرێت:**

**أ- بەشەدیالێکتەکانی کوردی ناوەڕاستی رۆژهەلأتی، بریتین لە: سنە، موکریانی، ئەردەلان و مەهاباد.**

**ب- بەشە دیالێکتەکانی کوردی ناوەڕاستی رۆژئاوایی، بریتین لە: هەولێر، رەواندوز، کەرکوك و سلێمانی.**

## سێیەم/ گروپی دیالێکتی کوردی باشور:

**ئەم بەشەدیالێکتەکانە لەخۆدەگرێت:**

**أ- بەشە دیالێکتەکانی کوردی باشوری رۆژهەلأتی، بریتین لە: لوڕستانی بچوك، لوڕستانی گەورە، بەختیاری، لەکی، کۆلیای، کەلهوڕی، کرمانشان و ئیلام.**

**ب- بەشە دیالێکتەکانی کوردی باشوری رۆژئاوایی، بریتین لە: هەورامی، فەیلی، باجەلانی و شەبەك، زەنگنە، شوانی کیشك و ناوکوڕی[1].**

(١) ئەو کوردانەی کەبە گۆران ناسراون و لە ناوچەیەك نیشتەجێن پێی دەگوترێت ناوچەی (ناوکوڕ)، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە سنوری کارگێڕی هەردوو قەزای ئاکرێ و شێخان و بەتایبەتی لە هەردوو ناحیەی زێلکان لە سنوری قەزای شێخان و بەردەڕەش لە سنوری قەزای ئاکرێ. بۆ زیاتر زانیاری تەماشای (الکورد فی محافظة الموصل، خسرو گۆران، ترجمة حازم هاجانی، دار سپیرێز للطباعة و النشر، ٢٠٠٥).

**چوارەم/ گروپی دیالێکتی کوردی زازایی:**

دابەشی سەرسێ ناوچەی جیاواز دەبن، بریتین لە: ناوچەکانی دێرسم و ئەلازیز و بینگول.

ئەم دابەشکردن و پۆلینکردنەی سەرەوە لەم نەخشە هێلکاریەدا بەرجەستە دەبێت:




**وێنەی ژمارە (٥)، هێلکاری دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی**




**نەخشەی ژمارە (١)، بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

## ژمارە و ڕێژە وشوێنی بڵاوبونەوەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی

ژمارەکان لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکاندا جیاوازییەکی زۆریان لە نێوان هەیە، مەبەستمان نییە ئەو هەموو ژمارانە بەراوردبکەین و جیاوازی نێوانیان دەربخەین، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە، ئەوەیە بەدیاری بخەین، کە بەکارهێنەرانی زمانی کوردی لە چەند وڵات و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست هەن و ڕێژەی بڵاوبونەوەیان لەم وڵاتانە بەبەراورد لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی هەمان ئەو وڵاتانە چەندە؟ و ڕێژەی بڵاوبونەوەی دیالێکتەکان، لە هەر وڵاتێك لەو وڵاتانە چەندە؟، هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە بۆ بەدەسهێنانی ئەم ڕێژانە پشتمان

بەسەرچاوەیەکی بێ لایەن بەستووە، کە ئەویش (ناوەندی جیهانی لێکۆڵینەوە تەبشیریەکان)ە و بۆ ساڵی(٢٠٠٠ز) ئەم ئامار و ڕێژانەیان بڵاوکردۆتەوە:

| ولات | ژمارەی دانیشتوانی کورد بە مەلیۆن | بەکارهێنەرانی دیالێکتی کوردی باکور | بەکارهێنەرانی دیالێکتی کوردی ناوەڕاست | بەکارهێنەرانی دیالێکتەکانی دیکەی کوردی | ڕێژەی گشتی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی لە چاو کۆی گشتی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|
| عێراق | ٤,٩٨ | ٦,٥ ٪ | ٨,٥ ٪ | ٦,٥ ٪ | ٢١,٥ ٪ |
| تورکیا | ١١,٣٨ | ١٢,٨ ٪ | - | ٤ ٪ | ١٦,٨ ٪ |
| ئێران | ٨,١٣ | ٠,٤ ٪ | ٤,٥ ٪ | ٧,١ ٪ | ١٢ ٪ |
| سوریا | ١,٢٧ | ٧,٣ ٪ | - | - | ٧,٣ ٪ |
| لوبنان | ٠,١٣ | ٤ ٪ | - | - | ٤,١٣ ٪ |
| ئەرمینیا | ٠,٠٦ | ٢ ٪ | - | - | ٢,٠٦ ٪ |
| جۆرجیا | ٠,٠٣٤١ | ٠,٦ ٪ | - | - | ٠,٦ ٪ |
| قیرغزستان | ٠,٠١٧٠ | ٠,٣٣ ٪ | - | - | ٠,٣٣ ٪ |
| ئازەربێجان | ٠,٠١٣٩ | ٠,٢ ٪ | - | - | ٠,٢ ٪ |
| کازاخستان | ٠,٠٢٧٣ | ٠,١٥ ٪ | - | - | ٠,١٥ ٪ |
| ئەفغانستان[1] | ٠,٠٢٦٧ | - | - | ٠,١ ٪ | ٠,١ ٪ |

(١) بنێڕە پاشکۆکان، نەخشەکانی (٥ و ٦ و ٧)، کە تێدا بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی لە وڵاتانی ئاسیایی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیارخراوە.

کۆی گشتی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی لە ناوچەکە (لە هەموو ولاَتەکان، بەپێی ئەم نەخشەیە دەگاتە ٢٦,٧ ملیون[١]).

جێی ئاماژەکردنە سەرچاوەکە، ئەم ژمارانەی خوارەوەی لە خۆنەگرتووە[٢]:

١- نزیکەی (١ – ٢) ملیۆن بەکارهێنەرانی زمانی کوردی (دیالێکتی کوردی باکور) لە ناوچەی خوراسان لە ئێران.

٢- ١,١٦٥,٠٠٠ بەکارهێنەرانی دیالێکتی کوردی زازایی لە تورکیا و ١٦٩,٤٠٠ بەکارهێنەرانی دیالێکتی کوردی باکور لە شارە تورکیەکانی وەك ئەستەنبول و ئەنقەرە.

٣- هەموو کوردە پەناهەندەکان لە دەرەوەی ئەو ولاَتانەی لە خشتەکەدا هاتون.

٤- هەموو سەرچاوە کوردییەکان نزیکەی بەڕێژەی ٦٪ لەم ژمارانە زیاترن. بۆ نموونە لە تورکیا بۆ ڕێژەی کورد سەرچاوە کوردیەکان ئاماژە بە ٢٣ ٪ دەکەن، واتە ١٦,٨٪ + ٦٪ = ٢٣٪.

٥- هیچ ئامارێکی ڕەسمی باوەڕپێکراو لەم ولاَتانە لە بارەی ڕێژە و ژمارەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردیەوە دەست ناکەوێت، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، تەنها لە ئامارە گشتیەکانی سالاَنی پەنجا و شەستەکان لە عێراق و ئێران هەندێك ئامار لەم بارەیەوە هەن، بەلاَم ئەوانیش بۆ ئەم سەردەمە و دوایی تێپەڕبونی زیاتر لە (٥٠) ساڵ گونجاو نین.

## زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵە و خێزانە زمانییەکاندا

زۆر لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردی و پەیوەندی بە کۆمەڵە و خێزانە زمانییەکانەوە ئەنجامدراوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، زۆریان لەوە بەگۆمان بوون، کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ بێت و بە بەشێك یاخود دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی دانراوە، بەلاَم دوای ئەوەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و لەسەر بنچینەی پێوەرەکانی زمانەوانی بەراوردکاری، زمانەوانە بیانی و خۆماڵیەکان لێکۆڵینەوەیان لەم بارەیەوە ئەنجامدا، بەو راستیە گەیشتن، کە زمانی

---

(1) Kurdish : an indo – Europeun Language , By siamak Rezaei Durroei:http //www.cogsci. ed.ac. uk /siumaku/;urdish/iran-lang. html.

(٢) هەمان ژێدەر.

کوردی پەیوەندی بە زمانی فارسیەوە، بەلام دیالێکتێکی ئەو زمانە نییە، بەڵکو زمانێکی ئەو کۆمەڵە زمانییەیە کە زمانی فارسیشی تێدایە و بە کۆمەڵەی زمانە (ئێرانییە رۆژئاوایەکان[١]) ناسراوە و سەر بەکۆمەڵەی زمانی هیندۆئێرانییەکانە، ناودارترین زمانەوانی شارەزا لە دەستنیشانکردنی کۆمەڵە و خێزانە زمانییەکان، کە بنەما و پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کۆمەڵە وخێزانە زمانییەکانی جیهانی داناوە (مۆکس مولر – muxmuler )، زمانی کوردی خستۆتە ئەم چوارچێوەیەی سەرەوە[٢]، بەهەمان شێوە زانایانی دیکەی خۆماڵی و بیانی زمانی کوردیان لە کۆمەڵەی (باکوری رۆژئاوایی ئێران)ی داناوە[٣]، بۆیە ئەو راستیە وەکو شتێکی چەسپاو لە پۆلینکردنە زمانییە جیهانییەکاندا کاری لەسەر دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە زمانی کوردی بەسێیەم گەورەترین ئەو کۆمەڵە زمانییە دادەنرێت وبریتین لە فارسی، بەلۆجی، کوردی، ئەفگانی و...هتد[٤].

ئەوەی پێویستە لەم ڕووەوە باسی لێیوە بکرێت، ئەوەیە کە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە باشورەوە تا باکور، لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا، هەموویان سەربە کۆمەڵەی باکوری رۆژئاوایی زمانە ئێرانییەکانن[٥]، چونکە وەکو دیارە هەندێك لەو لێکۆڵەرانەی لە بارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیەوە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، هەندێك لە دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی بەبەشێك لە زمانێکی دیکە دادەنێن[٦].

---

(١) بنێڕە پاشکۆکان، نەخشەکانی (٨، ٩، ١٠، ١١ و ١٢)، کە تێدا پێگەی زمانی کوردی لە نێو زمانە هیندۆئەوروپیەکان و هیندۆ ئێرانیەکان و هەورەها زمانی کوردی لە هێڵکاری زمانە هیندۆئەوروپیەکان و هێڵکاری زمانە هیندۆئێرانیەکان و شوینکەوتی زمانی کوردی لە جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست، دەستنیشانکردووە.

(٢) ڕێزمانا کوردی کرمانجیا ژوورو و ژێریا هەڤبەرکری، صادق بهاالدین، ل٢٦.

(٣) وەکو ئەو پۆلینکردنانەی کە هەریەك لە توفیق وەهبی و ئوسکارمان کردوویانە و هەمان بوچوونیان بۆ زمانی کوردی هەبووە .(ژێدەری پێشوو، ل٣٦.

(4) Kurdish Language, Encylopaedia Britannica: Related Articlea: www. Britannica. Com/ eb/topic- 325225/Kurdish – language.

(5) Kurdish:an indo – Europeun Language ,By siamak Rezaei Durroei:http //www.cogsci.ed.ac.uk /.

(٦) فەرهەنگی لەك و لوڕ، حمیدی ئێزد پەناه، ل١٣.

# بەشی دووەم
# زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی

## تەوەری یەکەم
## پێناسەی زمانەوانی جوگرافی و پەیوەندی نێوان زمانەوانی جوگرافی و دیالێکتی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی

**پێناسەی زمانەوانی جوگرافی** Geographic Linguistics

بەم شێوانەی خوارەوە پێناسەی زمانەوانی جوگرافی کراوە:

**زمانەوانی جوگرافی:** (لێکۆڵینەوەی زمان وەکو بەشێك لە هەبوونی جوگرافی جڤاکێکی دیاریکراو دەکات[1]).

**زمانەوانی جوگرافی:** (لێکۆڵینەوەی گۆڕانکاریە زمانییەکان بەپێی رەهەندە جوگرافیەکان و دوور لە چوار چێوەی زەمەنی - کات - دەکات[2]).

**زمانەوانی جوگرافی:** (لێکۆڵینەوەی زمانەکانی ناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی و دابەشبوونی دیالێکتەکانیان و گرنگی وبایەخ هەر یەکێکیان، لەڕووی سیاسی و ئابوری و ستراتیجی و رۆشنبیریەوە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەی رێگاکانی کارلێکردنی زمان ودیالێکتەکان لەیەکتر دەکات[3]).

---

(١) اللسانيات (المجال، والوظيفة، والمنهج )، سمير شريف استيتية، ص٦١٧.
(٢) التفكير اللغوي بين القديم والجديد، كمال بشر، ص٢٠١.
(٣) محاضرات في علم اللغة الحديث، احمد مختار عمر، ص٥٤.

وەك لە هەردوو پێناسەی یەکەم و دووەمدا بە دیاردەکەوێت، زمانـەوانی جـوگرافی، گرنگی بەرەهەندە جوگرافییەکانی دیاردەی زمـانی، زمـان و دیالێکتـەکان دەدات، بـەبێی رەچاوکردنی هۆکارەکانی: دیرۆکی و سیاسـی و ئـابوری و... هتـد، هـەروەها گرنگـی بـە دانـانی ئەتڵەسـی زمـانی، بەمەبەسـتی دیـاریکردنی سـنوری جـوگرافی بڵاوبوونـەوەی دیـاردە زمانییـەکان دەدات، بـەڵام لەگـەڵ گرنگیـدان بـە رەهەنـدە جوگرافیـەکان بەشـێوەیەکی سـەرەکی، زمانـەوانی جـوگرافی هەنـدێك جـار رەچـاوی رەهنـدەکانی کـەلتوری وپیـشەیی و ژینگـەیی و جڤـاکیش دەکات، چـونکە دەکرێـت لەیـەك ژینگـەی جوگرافیـدا، زۆر دیـاردی زمـانی بـەدی بکرێـت، کـە تـەنها بـۆ هۆکـار و رەهەنـدە جوگرافیـەکان ناگەڕێنـەوە، بـەڵکو بـۆ هۆکـارێکی دیکـەی نـا جـوگرافی دەگەڕێنـەوە و زمانـــەوانان ناویـــان لـــەو جـــۆرە دیـــاردە زمانیانـــە و شـــێوە دیالێکتانـــە نـــاوە (socialdialecs) یان (sociolects)[1].

هەرچی پێناسـەی سـێیەمە تـەواو لەگـەڵ پێناسـەی جوگرافیـایی زمـان دەگونجێـت، نەك زمانـەوانی جـوگرافی، چـونکە وەك بەدیاردەکـەوێت گرنگـی بەلایەنـەکانی سیاسـی وئابوری رۆشنبیری و ...هتد، دەدات، لەم لایەنەوە پێویستی بە ئاماری ورد و بوارەکـانی دیکەی زانیاری مرۆڤەوە هەیە و تاڕادەیەکی زۆر لە بواری زمانەوانی دووردەکەوێتەوە.

دەتـوانین لەبـەر رۆشـنایی پێناسـەکانی سـەرەوە و راڤەکردنـەکانمان بۆیـان، بـەم شـێوەیە پێناسـەی **زمانـەوانی جـوگرافی بکـەین: لێکۆڵینـەوەی زمانـەوانی زمـان و دیالێکتەکان لە رووی جوگرافییەوە دەکات.**

## بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی

گرنگترین بوارەکانی زمانـەوانی جـوگرافی دانـانی ئەتڵەسـی زمانییـە و هەنـدێك لـە زمانەوانان پێیانوایە، کە ئەتڵەسی زمانی ئامانجی سەرەکی زمانەوانی جوگرافیە[2].

بوارەکانی دیکەی زمانەوانی جوگرافی، بریتین لە: بڵاوبوونەوەی زمانە جیاجیاکان لەسەر رووی زەوی، جیاوازی نێوان زمانەکان لەچوارچێوەی ئاشکرا کردن و دۆزینـەوەی

(١) التفکیراللغوی بین القدیم والجدید، کـمال بشـر ص٢٠٣.
(٢) علم الاجتماع اللغوي، عبد الفتاح العفيفى، ص١٩٤.

واتای زاراوەکانی: (زمانی خۆماڵی یان زمانی جێگیرەوە، زمانی بەربلاو، زمانی رەسمی، زمانی داگیرکەران، زمانی پیرۆز، زمانی سەرەکی، زمانی لاوەکی، زمانی گشتی، زمانی تایبەتی، دوو زمانی و فرەزمانی). هەموو ئەم زاراوانە دەکەونە چوارچێوەی ئەرکی زمانەوانی جوگرافی[1]، لایەنێکی دیکەی گرنگ لە بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی لەم سەردەمەدا، ئەو رێنوسانەیە، کە زمانەکانی جیهان بەکاریان دێنن و دیارکردنی سنوری بەکارهێنانی رێنووسە جیاجیاکان لەلایەن زمانەکانەوە ودەستنیشانکردنی سنوری بلاوبونەوەی هەریەك لەو رێنووسانە لەسەر نەخشەی زمانەکانی جیهان[2].

## زمانەوانی جوگرافی و جوگرافیایی زمان

جوگرافیایی زمان بە پێچەوانەی زمانەوانی جوگرافیەوە، زووتر سەریهەڵداوە و زانایان کاریان لەسەر کردووە و گرنگیان پێداوە، لەم بارەیەوە زانیاریەکی زۆر لە لایەن (رودینگۆ جمینیسدی رادا Rodrigo Jimnenedi Rada) ەوە، لە کتێبەکەیدا بەناوی (Derebus Hispaniac)، کە لە ساڵی(١٢٤٣ز) لە بارەی کۆمەڵە زمانییەکانی (سلاڤی و جێرمانی و رۆمانی) دەرچووە، بە دەستەوە دەدات[3]، دوای ئەو، زانایەکی دیکەی ئیسپانی بە ناوی (ئاندریس دی پۆزا Andres De poza) لە کتێبێکیدا بەناوی (Laantiguelengua)، کە لە ساڵی (١٥٨٧ز) دەرچووە، بە شێوەیەکی فراوانتر باسی لە نەخشەی زمانە ئەوروپیەکان لە کیشوەری ئەوروپا کردووە[4].

دوای دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لە لایەن ئەوروپیەکانەوە، ئاسۆی بیرکردنەوەیان بۆ نەخشەی زمانە جیهانییەکان فراوانتربوو، چونکە تا ئەو سەردەمە تەنها باسیان لە زمانە ئەوروپیەکان دەکرد، بەڵام لە دوای ئەم دۆزینەوەیە، گەڕۆك و گەشتیار و مزگێنەرە (مبشر) ئەوروپیەکان، توانیان زانیاری زۆر لە بارەی ئەو

---

(١) التفكير اللغوي عند الجغرافين والرحالة العرب في ضوء اللسانيات الجغرافية المعاصرة، مازن عوض الوعر، ص٧.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٨.
(٣) تاريخ اللغات ومستقبلها، هارالد هارمان، ترجمة سامي شمعون، ص٣٨٢.
(٤) هەمان ژێدەر ، ل٣٨٢.

زمانانە کۆبکەنەوە، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کیشوەری ئەوروپا بوون، لە نێوان ئەو کار و پرۆژانەی، کە لە بارەی پۆلێنکردن و نەخشەکێشانی زمانە جیهانییەکان ئەنجامدراوە، دەکرێت باس لە کارەکانی هەریەك لە (تیدرۆ بلیلیاندروس — Theodor Bibliandersw) لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( Omniumlinguarum Deratinon Communi)، کە لە ساڵی(١٥٤١ز) دەرچووە و کتێبەکەی (کۆنراد گەسنەرس - Conrad Gesners) بە ناوی (Mithrida Tes)، کە لە ساڵی(١٥٥٥ز) دەرچووە، بکەین، ئەم دوو لێکۆڵەرە، توانیویانە زانیاریەکی زۆر لە بارەی زمانە نائەوروپیەکان پێشکەش بکەن و باسیان لە دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی جوگرافی ئەو زمانانە کردووە[1].

ئەم کارەی ئەم نووسەرانە، هەر چەندە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی نین و بۆ مەبەستی ئاینی و سیاسی و ئابوری ئەنجامدراون، بەڵام بوون بە بنەمایەکی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر، کە لە بارەی زمانە جیهانییەکان و نەخشەکانیان و ئاستی بڵاوبوونەوەی جوگرافیان ئەنجامدراون، لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەدا، لێکۆڵینەوەی خێزانە زمانییەکان و زمانەوانی بەراوردکاری زیاتر بەرەوپێشچوو، بەمەش زمانەوانی جوگرافی لە قۆناغەکانی دواتر وەکو بەشێك لە زمانەوانی لەدایکبوو، هەموو ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانیانەی لە بارەی خزمایەتی نێوان زمانەکان و خێزانە زمانییە جیاجیاکان و بڵاوبوونەوەی دیالێکتی زمانە جیاکانی جیهان و بەراوردکاری نێوانیان، لە قۆناغەکانی دواتر و بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئەنجامدران و هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە دەچنە چوارچێوەی زمانەوانی جوگرافیەوە، چونکە کار لەسەر ئاستە جیاجیاکانی زمان دەکەن و بە پێی رێبازی بەراوردکاری، جیاوازی و لێکچوونی نێوانیان دەستنیشان دەکەن، هەروەها هەندێك لەو رێبازانەی بۆ پۆلێنکردنی خێزانە زمانییەکان دانراون، کاریان لەسەر جۆری پێکهاتە و بونیادی سینتاکسی زمانە جیاوازەکان کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەش زمانەکانیان بەسەر کۆمەڵە و خێزانە زمانییە جیاجیاکان پۆلێنکردووە.

---

(١) هەمان ژێدەر ، ل٣٨٣.

زۆرجـار زاراوەی جوگرافیـایی زمـان( Languge Geography)، لـه جیـاتی زمانـــەوانی جـــوگرافی(Geographic Linguistics) بـــەکاردێت، بـــەڵام ئـــەم بەکارهێنانـه راسـت نییـه، چـونکه ئـەم دوو زاراوەیـه جیاوازیـان لـه نێوانـدا هەیـه، (جوگرافیایی زمان Languge Geography) بەوە پیناسـەکراوە کـە: **(بریتییـه لـه وەسـفکردنی زمـان بـه شـێوەیەکی ئـەکادیمی و بابەتیانـه و دابەشـبوونی زمانـەکان لەناوچه جیاجیاکانی جیهان، بەو مەبەستەی گرنگی و بایـەخی سیاسی و ئـابوری و جڤاکی و ستراتیجی و رۆشنبیری زمانەکان دیاربکات**[1]**)**، هەندێکی دیکه پێیانوایـه، کـه (جوگرافیایی زمان Languge Geography ): بەشێکه له زمانـەوانی و گرنگی بـه زمانی مرۆڤ و دابەشبوونی لەسەر رووی زەوی و ژمـارەی بەکارهێنـەرانی هەریـەك لـەو زمانانه و رەگەز و جۆری بەکارهێنـەرانی زمانـەکان دەدات[2]. بـەڵام پێویـسته جیـاوازی نێـوان زمانـــەوانی جـوگرافی وجوگرافیـایی زمـان بکرێـت، کـه یەکـەمیان بوارەکـەی زمانەوانییـه، وەکـو ئـەوی لێکۆڵینـەوە لـه لایـەنێکی زمانـەوانی دیالێکتـه جیاوازەکـانی زمانێـك، یـاخود لێکۆڵینـــەوەی وەســفی و بــەراوردکاری کۆمەلــه زمانێــك لــه رووی جوگرافیەوە بکرێت، ئـەم جـۆرە لێکۆڵینەوانـه، هـەموو ئاسـتەکانی زمـان لـەخۆدەگرێت و بـه هـەموو رێبـازە جیاوازەکـانی زمانـەوانی، بـەڵام جوگرافیـایی زمـان زیـاتر بـەلای لایـەنی زانـستەکانی دیکـه دەشـکێتەوە، جگەلەمــەش، مەبەسـتی جوگرافیــایی زمــان، لێکۆڵینەوە لـه خـودی زمـان نییـه، بـەڵام زمانـەوانی جـوگرافی مەبەسـت و ئامانجەکـەی لێکۆڵینەوەیه له خودی زمان، جوگرافیایی زمان، ئەم لایەنانه لەخۆدەگرێت:

١- دیــارکردنی ژمــارەی بەکارهێنــەرانی زمــان و چــۆنیەتی و شــێوەی دابەشــبوون و بلاّوبوونەوەی زمانه جیاوازەکانی جیهان له سەر نەخشەی جیهان، ئـامراز و داتـای گرنگـی بەردەسـتی زانایـانی جوگرافیـایی زمـان، بریتییـه لـه ئامـارە رەسمیـەکانی دانیشتوانی ولاّتان، چونکه له رێگـای ئـەو ئامارانـەوە پێـشکەوتن و دواکـەوتنی زمـان (لەرووی ژمارەوە) و سنوری نەتەوەیی و زمانی دەستنیشان دەکەن[3].

---

(١) مقدمة فی اللسانیات، عاطف فضل، ص٦١.

(٢) التفكير اللغوي عند الجغرافيين والرحالة العرب في ضوء اللسانيات الجغرافية المعاصرة، مازن عوض الوعر، ص٧.

(٣) بنێرە پاشکۆکان: نەخشەی ژمارە (١٣ )، کە سنوری نەتەوەیی فەرەنسا و زمانی فەرەنسی تێدا دیایکراوە.

٢- دەستنیشانکردنی سنور و ژمارەی بەکارهێنەرانی زمانی، کە زیاتر لە زمانێك بەکاردێنن یان دیاریکردنی زمانە سەرەکی و لاوەکیەکان و دیاریکردنی بەکارهێنەرانی زمانی کەمینەکان، دەکرێت لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئاماری دانیشتوانی ولأتەکان، چەند خانەیەکی تایبەت بە زمان و دیالێکتەکانی و زمانی کەمینەکان زیاد بکرێت[1].

٣- دیاریکردنی ژمارەی خوێندەوار و نەخوێندەواران، لەئامارەکاندا دەکرێت خاڵێکی تایبەت بەم لایەنە دابنرێت، جگەلەوەی سوودی بۆ هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەبێت، سوودی بۆ لایەنەکانی راگەیاندن و زۆر بواری دیکەش دەبێت، چونکە ئەگەر بزانرێت، ژمارەی نەخوێندەوار وخوێندەوارانی ولأتێك چەندە، ئەوە دەتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە چ ئامرازێکی راگەیاندن ئاراستەی خەلك بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی نەخوێندەوارانی ولاتێك لە ژمارەی خوێندەوارانیان زیاتربێت، ئەوە ئامرازەکانی بیستراوی راگەیاندن رۆڵی باشتریان دەبێت لە ئامرازەکانی خوێندراو. ئەم ئامارانە سوودیان بۆ لایەنە پەروەردەیەکانیش دەبێت و لە پلانەکانی فێرکردنی زمانی یەکەم و دووەم سوودی زۆریان لێی وەردەگرێت[2]. بەکورتی بواری هەرە فراوانی جوگرافیایی زمان، بریتییە لەو ئامارانەی کە پەیوەندیان بە لایەنەکانی زمانەوە هەیە، کۆکردنەوەی ئەو راستییە زمانیانە و پۆلینکردنیان بەپێی دابەشبونی جوگرافی و پەیوەندی ئەو ئامارانە بەراستییە جوگرافی و دیرۆکی و سیاسی و ئابوری و چالأکییە رۆشنبیری و هۆنەری و ئەدەبیە جۆرە بەجۆرەکانەوە، هەموویان بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەچنە نێو بواری زمانەوانی پڕاکتیکدا.

یەکێك لە هۆکارەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی جوگرافیایی زمان، چەسپاندنی ئەو بارودوخە بابەتیانەیە کە پێویستی کرد لەم لایەنە لێکۆڵینەوەی فراوان ئەنجامبدرێت، گرنگترین ئەو بارودۆخانەش بریتین لە: پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەنیکردن و گەیاندن و نیزیکبوونەوەی خەڵك لەیەکتری وجێبەجێبوونی زۆر لە

---

(١) اسس علم اللغة، ماريوثاى، ترجمة وتعليق احمد مختار عمر، ص٢١٧.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٢١٩.

رووەكـانی ئـالوگۆڕی رۆشـنبیری و بازرگـانی، بەشـێوەیەك كـە هـەر كێـشەیەكی سیاسـی لەهەرشـوێنێكی جیهـان نـەك تـەنها كاریگـەری بـۆ خـودی شـوێنەكە دەبێـت، بـەڵكو كاریگەریەكانی دەگاتە زۆر شوێنی دیكەی جیهان[١].

## دیالێكتی جوگرافی

هـەر وەك چـۆن زاراوەی زمانـەوانی جـوگرافی هەیـە، بـە هـەمان شـێوە زاراوەی (دیالێكتی جوگرافی) هەیە و بەوە پێناسە كراوە كە: (كۆمەڵە رێگایەكە بـۆ كۆكردنـەوە و دۆزینەوەی جیاوازی نێوان دیالێكتەكان بە شێوەیەكی رێكخـراو[٢]). هـەروەها زاراوەی دیالێكتۆلۆجی جوگرافیش هەیە و بەم شێوەیە پێناسەكراوە: (بـریتییە لە لێكۆڵینـەوەی دیالێكت و بەشە دیالێكتەكانی زمانێك لە روانگەی دابەشبوونی ناوچەییەوە)[٣].

دیـالێكتی جـوگرافی، ئـەو ناوچـانەن كـە لـە رووی جوگرافیـەوە ژمارەیـەكی زمـانی لێكنزیك و لێكچوویان تێدایە، كە یا لە بنەڕەتدا جیاوازیەكی كـەم لـە نێوانیانـدا هەیـە و دەكەونە یەك سنور لەبەر ئەوەی كاریگەریان لەسەر یەكدی هەیـە، یـان لێكـچوون لـە نێوانیانــدا هەیــە و دەكرێـت بــە ئاسـانی لــە زمانــە جیاوازەكـانی دەوروبــەری خۆیـان جیابكرێنەوە[٤]. بەم پێیە دیالێكتی جوگرافی **بریتییە لەو: زمانەی كە لە ناوچـەیەكی جـوگرافی دەستنیـشانكراو (دیـاریكراو) بەكاردەهێنـدرێت و جیـاوازی لەگـەڵ زمـانی ناوچەكانی دەوروبەری خۆی هەیە[٥].**

لەراسـتیدا، ئـەم ناوچـە جوگرافیانـەی زمـان، داتـای لێكۆڵینـەوەی دیالێكتۆلۆجیـا و زمانــەوانی جــوگرافین، ئــەم پێناســەیە ئەوەشــی لێ دەخوێندرێتــەوە، كــە بەشــە دیالێكتەكانی هەر دیالێكتێك لێكچوونی زۆریان لە نێواندا هەیـە، ئـەو جیاوازیانـەی لـە نێوان بەشە دیالێكتەكاندا هەیە كاتێك زۆربوون، ئەو كاتە دەبێتـە جیـاوازی نێـوان دوو دیالێكتی جیاواز، نەك بەشەكانی یەك دیالێكت.

---

(١) علم اللغة العام، عبدالصبور شاهین، ص١٣٩.

(2) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:13.

(3) E ncyclopedia of the English Ianguage , Davidcrstal, p262.

(4) Routledgedic tionary of language and linguistcs, Hadumod Bussmaun , p:281.

(5) websters' Third international Dictiomary, Philip bubocock gove, p:622 .

**ڕێبازی وەسفی و زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمان**

زمانەوانی جوگرافی و دانانی نەخشەی دیالێکتەکان بە لێکۆڵینەوەی سەنکرۆنی زمان لەو ناوچە جوگرافیەی نەخشەی بۆدەکێشرێت، دەژمێردرێت، چونکە دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی وردی هەموو لایەنی دیالێکتەکان لەڕووی جوگرافییەوە ئەنجامبدرێت و لەسەر نەخشەی دیالێکتەکە بەپێی بلاوبونەوەی دیاردەزمانییەکان دابنرێت[1]. ئەتڵەسی زمانیش بە گرنگترین و باشترین ئامرازەکانی زمانەوانی جوگرافی و دابەشبونی جوگرافی دیالێکتەکان و پۆلینکردنیان دادەنرێت و پێش زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە وەسفیەکانی دیکەی زمانەوانی دەکەوێت.

زمانەوانی وەسفی بریتییە لە: لێکۆڵینەوە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا. لە زمانەوانی وەسفیدا لێکۆڵەران پشت بە بەکارهێنەری زمان دەبەستن، کە پێی دەگوترێت (فۆرمانت - formant)ی زمانی یان (الراوی اللغوی)، هەڵبەتە پێویستە چەند مەرجێك لە لەم بەکارهێنەرە هەبێت و بەپێی ئەو مەرجانەی کە بۆ خودی لێکۆڵینەوەکە پێویستە، بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی ڕەسمی تەرخان کرابێت، ئەوە پێویستە بەکارهێنەرەکە لە و ئاستەدا بێت و بتوانێت نوێنەرایەتی ئەو جورە زمانە بکات، ئەگەر مەبەستی لێکۆڵینەوەکە زمان یاخود دیالێکتی ناوچەیەکی دیاریکراوبێت، ئەوە پێویستە بەکارهێنەرەکە (فۆرمانتکە) نوێنەرایەتی ئەو جورە زمانە بکات، بەمەش لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا لێکوڵەر بەرامبەر بەوە دەوەستێت، کە پێی دەگوترێت بارودۆخی ژینگەیی (fieldcondition)، ئینجا جوگرافی یان جڤاکی بێت، کە پێچەوانەیە لەگەڵ بارودوخە فیلۆلۆژیەکان (Philologicay Conditions [2])، کەواتە لەم ڕووەوە پەیوەندی نێوان زمانەوانی وەسفی و زمانەوانی جوگرافی بەدی دەکرێت و بەیەك دەگەن، تەنها جیاوازیان لەگەڵ یەکتری لەڕووی ئەرك وئامانجەکانە نەك لەڕووی ڕێباز و شێوەی کارکردن، زمانەوانی وەسفی بە ئەرکی شیکردنەوەی زمان لە هەموو ئاستەکاندا هەڵدەستێت، بەڵام زمانەوانی جوگرافی گرنگی بە هەندێك بواری دیکە

---

(١) اللغة العربية، تاريخها و مستوياتها و تأثيرها، كيتس فرستيغ، ترجمة محمد الشرقاوى، ص١٥٦.
(٢) اسس علم اللغة، ماريوپاى، ترجمة وتعليق د. احمد مختار عمر ص١٢٠-١٢١.

دەدات، وەك دیارە زمانەوانی جوگرافی پشت بەرێبازی وەسفی دەبەستێت و رەنگە ئەو پەیوەندییە پتەوەی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە بۆ ئەوەمان ببات کە یەکێکیان لەئەنجامی گەشەکردنی ئەوی دیکەیان کەوتبێتەوە.

هەروەها زۆر لەزمانەوانان پێیانوایە، کە لە دانانی ئەتلەس (وەك بەشێك یاخود بوارێك لە بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی)، پشت بە وشەکانی زمان دەبەسترێت و بە تێڕوانینی وەسفیەکان وشە بەپلەی دووەم لەدوای فۆنیمەکان دێت لەرووی گرنگی داتا زمانییەکان لە لێکۆڵینەوەی وەسفی زماندا، بە هەمان شێوە لە زمانەوانی جوگرافیشدا ئەو گرنگییە بەو شێوەیە، ئەتلەسی زمانی باشترین نموونەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زمان لەژێر کاریگەری باردۆخێکی ژینگەیی و جوگرافی دیاریکراودا، سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم جۆرە لێکۆلینەوانە لەبنەڕەتدا لەسەر دەستی زمانەوانانی رێبازی دیرۆکی و بەمەبەستی دیرۆکیش سەریهەڵداوە، بەڵام دواتر وەك بنەمای رێبازی وەسفی پراکتێکی لەبواری لێکۆڵینەوەی زمانیدا ژمێردراوە[1]، بۆیە هەرلەسەرەتاوە (سەرەتای دانانی ئەتلەسی زمان)، ئەتلەسی زمانی بووەتە ئامرازێکی بەهێز بەدەست زمانەوانی وەسفی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریهێناوە، چونکە لە ئەتلەسەکاندا تیشك دەخرێتە سەر شێوەی زیندووی زمان لە هەر شوێنێکی جوگرافی و ژینگەییدا بێت[2]. هەروەها گرنگیدانی ئەتلەسی زمانی بەلێکۆڵینەوەی دیاردە زمانییە هەنوکەییەکان و پەیڕەوکردنی تەکنیکی پراکتیکی، لێکۆڵینەوەکانیان لە رێبازی وەسفی نزیکتر دەکاتەوە وەك لەرێبازەکانی دیرۆکی و بەراوردکاری و پێوەری[3]. کەواتە لەم بۆچونانە بۆمان روون دەبێتەوە، کە بواری دانانی ئەتلەسی زمانی لەنێو رێبازەکانی زمانەوانیدا بەر رێبازی وەسفی دەکەوێت، چونکە هەموو یاخود زۆر لەو پێوەرانە دەگرێتەبەر، کە بە بنەما و شەنگەستەی سەرەکی رێبازی وەسفی دەژمێردرێن، وجیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە دانانی ئەتلەسی زمانی دچێتە چوارچێوەی زمانەوانی پراکتیکیەوە، یاخود دانانی ئەتلەسی زمانی، پراکتیکێکی وەسفییە بۆ زمان.

---

(١) هەمان ژێدەر ، ل١٣١.
(٢) هەمان ژێدەر ، ل١٣٢.
(٣) هەمان ژێدەر، ل١٣٢.

لەلایەکی دیکەوە هەندێك لەو باوەڕەدان، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی وەسفی لەزمانەوانیدا، دیالێکتۆلۆجیا و دواتریش زمانەوانی جوگرافی، کە ئەتڵەسی زمانیش یەکێکە لە تەکنیکەکانیان، سەریانهەڵداوە وگەشەیان کردووە، چونکە تا ئەو کاتەی ڕێبازی پێوەری و دیرۆکی بەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا زاڵبووە، نەك هەر تەنها گرنگی بە دیالێکتەکان نەدراوە، بەڵکو گرنگی بە زمانەکانی دیکەی زیندووی ئەو سەردەمەش نەدراوە و تەنها گرنگیان بەچەند زمانێکی دیاریکراو داوە، بەڵام دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی وەسفی لە بواری زمانەوانی پەرەی سەند، لێکۆڵینەوە لە بارەی دیالێکتەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەند و لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە، زمانەوانی جوگرافی و دواتریش ئەتڵەسی زمانی سەریانهەڵدا[1].

لەلایەکی دیکەوە، هەندێك لەزمانەوانان پێیانوایە، لێکۆڵینەوەی وەسفی لەم سەردەمەدا لە هەندێك زماندا لەسەر دیالێکتە زیندووەکان وەستاوە و داتا زمانییەکان لە زاری خەڵك وەردەگیرێن و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرێت[2]، هەروەها چۆن لە لێکۆڵینەوەی وەسفیدا دەستنیشانکردنی کات و شوێن گرنگ و پێویستە، بە هەمان شێوە، لە زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانیشدا، دەستنیشانکردنی کات و شوێنی جوگرافی بڵاوبونەوەی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت، گرنگ وپێویستە، چونکە چۆن زمان لەکاتێك بۆ کاتێکی دیکە جیاوازیان هەیە، بەهەمان شێوە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازیان لە نێواندا هەیە[3]، بەمەش بۆمان بەدیاردەکەوێت، کە لایەنی جوگرافی زمان و دیالێکتی زمانەکان، لە لێکۆڵینەوەی وەسفیدا گرنگن و پێویستە ڕەچاوبکرێن، هەڵبەتە نموونەی جیاوازی جوگرافی (شوێن) لەلێکۆڵینەوە وەسفیەکاندا زۆرە و دیارترینیان هەردوو زمانی ئیسپانی و ئینگلیزیە لە ئەوروپا و ئەمەریکا، لە زمانەوانیی وەسفیدا چۆن ڕەچاوی جیاوازی نێوان ئینگلیزی سەردەمی شکسپیر لەگەڵ ئینگلیزی ئەم سەردەمە دەکرێت، ئەوهاش ڕەچاوی جیاوازی نێوان ئینگلیزی بەریتانیا و ئینگلیزی ئەمەریکا دەکرێت.

---

(١) المستشرقون والمناهج اللغوية،اسماعيل احمد عمايرة، ص١١٩.

(٢) مقدمة في اللسانيات، عاطف فضل، ص٦٨.

(٣) مناهج البحث اللغوي بين التراث والمعاصر، نعمة حسين العزاوى، ص٩٩.

## دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی

وەك پێشتر لەباسکردنی چەمك وپێناسەی هەریەك لە دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی باسمان کردووە، پێناسەی هەریەکێکیان لەویتر جیایە، بەڵام جیاوازی هەرە دیار و ئاشکرای نێوان ئەم دوو لایەنە لەوەدایە، کە بواری زمانەوانی جوگرافی(Goegraphic Linguistics) لەبواری دیالێکتۆلۆجیا فراوانترە و تەنها بەند نییە بەلێکۆڵینەوەی دیالێکتی زمان، بەڵکو زمانەوانی جوگرافی بۆ پۆلێنکردنی زمانەکانی جیهان بەگشتی بەپێی پێگەیان و لێکۆڵینەوە لە بارەی هەریەك لەو زمانانە وبڵاوبونەوەیان لەناوچە جوگرافیە جیاجیاکان، نەك لەسەر بنەمای رەگەز و خێزانە زمانییەکان، بەڵکو بەپێی بنەمای جوگرافی، وەکو ئەوەی لێکۆڵینەوە لە باری زمانە ئاسیاییەکان بەگشتی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکی زمانەوانی جوگرافیدا بکرێت، یاخود لێکۆڵینەوە لە باری زمانە ئەوروپییەکان و ئەفریقاییەکان و...هتد لە رووی جوگرافیەوە بکرێت[1]. بەڵام دیالێکتۆلۆجیا (Dialectologya) هەر بەناوەکەیەوە دیارە، کە گرنگی بەدیالێکتەکان دەدات و داتای لێکۆڵینەوەکەی دیالێکتی زمانەکانە، ئەوەی وایکردووە کە هەردوو بواری دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی لێکبچن، ئەوەیە کە دیالێکۆلۆجیا هەر لەسەرەتاوە گرنگیەکی زۆری بەرەهەندی جوگرافی دیالێکتەکان داوە و نەخشەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کێشاوە وبگرە ئەتڵەسی زمانی دیالێکتی زمانە جیاوازەکانی داناوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە داتای لێکۆڵینەوەی هەردووکیان دیاردە زمانییەکانە، تەنها جیاوازی ئەوەیە، کە دیالێکتۆلۆجیا تەنها داتا زمانییەکانی دیالێکتەکان وەردەگرێت، بەڵام زمانەوانی جوگرافی داتای زمانی بە گشتی وەردەگرێت، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو راستیەی کە جیاوازی نێوان دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی لەوەدایە، کە دووەمیان بوارێکی فراوانتر وەردەگرێت و یەکەمیان بوارێکی بچوکتر و خاڵی هەرە گرنگ و هاوبەشی نێوانیاندا ئەوەیە، کە هەردووکیان گرنگی بە رەهەندە جوگرافیەکانی زمان دەدەن و دوو بەشی زمانەوانین و لێکۆڵینەوە لە بارەی لایەنە جیاوازەکانی زمان دەکەن،

---

(١) التفكير اللغوي بين القديم والجديد، كمال بشر، ص٢٠٢.

دیالێکتۆلۆجیا لێکۆڵینەوەی هەمەڕەنگی (جۆرا وجۆری) جوگرافی دیالێکتەکان دەکات، کە تێدا لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیە زمانییەکانی دیالێکتەکان دەکات و لەسەر نەخشەکانیان دادەنێت[1]، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی جوگرافی، کە تێدا نەخشەی زمانە جیاوازەکانی جیهان بە دیالێکتەکانیانەوە دەکێشێت، لێکچوونی زۆریان لەنێواندا هەیە، ئەم لێکچونە وای کردووە، کە هەندێك لە لێکۆڵەران هەست بەجیاوازی نێوانیان نەکەن و بە یەك بوار لە قەڵەمیان بدەن. لێرەدا بەو راستیە دەگەین، کە پێویستە جیاوازی لە نێوان جوگرافیایی دیالێکتەکان و جوگرافیایی زمان بکرێت، هەرچەندە هەردووکیان ڕەهەندی جوگرافی زمانن، بەڵام جیاوازیان لەنێواندا هەیە، بەوەی کە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان، لە هەموو رووپەکەوە ئەرکی دیالێکتۆلۆجیایە، بەڵام ڕەهەندی جوگرافی زمان ئەرکی زمانەوانی جوگرافیە، بەم پێیە دەکرێت، لە چوارچێوەی زمانەوانی جوگرافیدا جێگای هەردوو بواری (دیالێکتۆلۆجیا و ئەتڵەسی زمانی) بکرێتەوە، واتە زمانەوانی جوگرافی زانستە سەرەکیەکە و(دیالێکتۆلۆجیا و ئەتڵەسی زمانی) بەش و لقەکان بن.

---

(١) اللغة العربية، تاريخها و مستوياتها و تأثيرها، كيس فرستيغ، ص١٥٦.

## تەوەری دووەم
## چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی

### چەمکی ئەتڵەسی زمانی

لە ئەنجامی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە بارەی دیالێکتی زمانە جیاجیاکان ئەنجامدراون، سەرچاوەی گرتووە، ئەو زمانەوانانەی کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، ئەوەندەی گرنگیان بەلایەنە پراکتیکیەکەی داوە، ئەوەندە گرنگیان بەلایەنە تیوریەکەی نەداوە، ئەوەی زۆر باوە ئەوەیە، کە زمانەوانە پێشڕەوەکانی ئەتڵەسی زمانی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی بوون و گرنگیان بە دیالێکتۆلۆجیا داوە، ئەم زانستەیان بە (زمانەوانی رووبەری – areuilinguistics) ناوبردووە[1]، مەبەستیان لە وشەی (رووبەر) پانتایی و دەڤەرە جوگرافیەکانە، کە دیاردە زمانییەکانی تێدا بڵاوبووتەوە.

### پێناسەی ئەتڵەسی زمان

هەڵبەتە وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی زمانەوانی، ئەتڵەسی زمانی پێناسەی جیاوازی لە لایەن پسپۆڕانی بوارەکە بۆ کراوە، لە خوارەوە هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو.

١- **ئەتڵەسی زمانی:** (بریتی یە لە رەنگدانەوە و دەرخستنی جیاوازی نێوان دیالێکتەکان بە پێی جیاوازی شوێنەکانیان لە نەخشەی جوگرافیدا، کە لە رێگای دانانی نیشانە زمانییەکانەوە ئەنجام دەدرێت و رۆڵێکی بالاّ لە لێکۆڵینەوە زمانییە نوێیەکان دەبینێت)[٢].

---

(١) اتجاهات البحث اللساني، ميلكا افتيش، ترجمة سعد عبدالعزيز، ص١١٦.

(2) Routledgedic tionary of language and linguistics, Haumod Bussmann, P: 281.

٢- **ئەتڵەسی زمانی:** (تۆمارکردنی واقعی زمانی، زمان و دیالێکتەکانە لەسەر نەخشەی جیاجیا و لە کۆتایشدا لە یەك ئەتڵەسی زمانی یەکگرتوودا کۆدەکرێتەوە و هەر نەخشەیەك تایبەتە بە وشەیەك، کە تێدا جیاوازییە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی وسینتاکسی و سیمانتیکیەکان دیاری دەکرێت)[1].

٣- **ئەتڵەسی زمانی:** (جۆرێکە لە نمایشکردنی جوگرافی زمان لە رێگای دیالێکتە جیاوازەکانییەوە)[2].

٤- **ئەتلەسی زمان:** (بریتییە لە کۆمەڵە نەخشەیەك، کە گۆڕانکاریەکانی زمان بە شێوەیەکی جوگرافی لە سەری تۆمار و دابەش دەکرێت و زۆر جاریش پێی دەگوترێت ئەتلەسی دیالێکتەکان[3]).

٥- **ئەتلەسی زمانی:** تێڕوانینێکی تایبەتییە بۆ راڤەکردنی دیاردە زمانییەکان و لە رێگای دانانی ئاماژە زمانییەکان لەسەر نەخشەی جوگرافی بنیاتنراوە، یاخود یاسای گرێدانی تایبەتمەندیەکانی زمانی ناوچەیەکی دیارکراوە، لە رێگای ئاماژەوە ئەنجامدەدرێت[4].

وەك دیارە لە پێناسەکانی (١، ٢، ٣ و ٤) زیاتر جەخت لەسەر ئەتڵەسی دیالێکتەکانی یەك زمان کراوەتەوە، ئەویش بە دەستنیشانکردنی سنور و جیاوازی نێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمان لە رووی جوگرافیەوە، بۆیە ئەم پێناسانە ناتەواون، چونکە ئەتڵەسی زمانی هەیە جیاوازی نێوان چەند زمانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات، وەکو ئەو ئەتڵەسەی کە بۆ زمانەکانی جیهانی دانراوە و سنوری بڵاوبوونەوەی زمانە جیاوازەکان (بەکۆی دیالێکتەکانەوە) لە یەکتری جیادەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر تەماشایەکی پێناسەکان بکەین دەبینین، کە هەموویان جەخت لەسەر دەڤەر و ناوچەی جوگرافی

---

(١) الأطلس اللغوي، د.خليل محمود عساكر، ص٩٥.

(٢) هەمان ژێدەر، ص٩٥ .

(3) Atlas Linguistic: http://www.linguistic atlas define.com.

(4) Dialect and atlas Linguistic: http://www.reference.com/browse/all/dialect.

دیارکراو دەکەن و باس لە جیاوازی و گۆڕانکاری و تایبەتمەندیەکانی زمانی دەکەن، ئەمەش وا دەکات، کە پێناسەکان لێك نزیکبن، لە پێناسەی پێنجەمدا کە راستەوخۆ ئاماژە بە دیالێکت نەکراوە، زیاتر بەلای بە یەکەوە بەستانەوەی دیاردە زمانییەکان و رەهەندە جوگرافیەکان، شکاوەتەوە.

لە کۆتایدا دەتوانین ئەتڵەسی زمانی بەوە پێناسە بکەین، کە بریتییە لە: **دابەشکردنی تایبەتمەندی و دیاردە زمانییەکانی زمان و دیالێکتە جیاوازەکان لە رێگای بەکارهێنانی هێما و دانانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی بڵاوبوونەوەیان.**

### سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەم سەرەتایە وەك داهێنانێك بۆ زمانەوانی ئەوروپی دەژمێردرێت و بەتایبەتیش بۆ (جۆرج ڤینکەر Gorg WenKer) ئەڵمانی و (جۆلز جیلیرۆن Golz Gillieron) فەرەنسی، کە هەر یەکێکیان بە رێبازێکی تایبەت ئەتڵەسی زمانی وڵاتەکانیان داناوە، لە خوارەوە بە کورتی گرنگترین ئەو هەوڵانە دەخەینەڕوو کە بۆ دانانی ئەتڵەسی زمانی دراون.

### <u>یەکەم/ لە ئەوروپا</u>

١- یەکەم رووپێوی زمانی، لە لایەن (جۆرج ڤینکەر Gorg WenKer)ی ئەڵمانییەوە، لە نێوان ساڵانی(١٨٧٧ و ١٨٨٧ز) ئەنجامدراوە، ئەم کارەی ڤینکەر لەوەوە دەستیپێکرد، کە لیستێکی رستەی زمانی ئەڵمانی بۆ (٥٠) هەزار بەڕێوەبەری قوتابخانە لە هەموو ناوچەکانی ئەڵمانیا رەوانەکرد، لە نێوانیاندا (٤٥) هەزاریان بەتەواوی بۆی گەڕێندرایەوە، هەریەك لەو لیستانە(٤٠) رستەی لە خۆگرتبوو، کە هەندێکیان رستەی ئاڵۆز و هەندێکیشیان رستەی سادە بوون، ڤینکەر لە رێگای کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و دابەشکردنی دیاردە زمانییەکانی ئەو لیستانەی، کە لە راپرسیەکەیدا لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە گەڕابوونەوە، رووپێووی زمانی ئەڵمانی ئەنجامدا، ڤینکەر لە لیستەکاندا داوای لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان

کردبوو، بەرامبەر ئەو (٤٠) چل رستانەی لە لیستەکەیدا هاتبوو، رستەی دیالێکتی ناوچەکانیان تۆمار بکەن، بەمەش جیاوازی نێوان ناوچەکانی لەسەر نەخشەی جوگرافی ئەڵمانییە بەرجەستەکرد.

ڤینکەر لەو کارانەیدا دوو کۆمەڵە نەخشەی زمانی ئەڵمانی دروستکرد و هەریەك لەو نەخشانە تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی ناوچەکانیان لەسەر دەستنیشانکردبوو، لە کۆتاییدا لە ساڵی (١٨٨١ز) نەخشەکانی لەبەرگێکدا کۆکردەوە بەناوی: (Sprachatlas Des Peutscheil) و پێنەیەکی لە (ماربۆرگ - Murburg) و ئەوانی دیکە لە بەرلین دانراون، ئەمە یەکەم ئەتڵەسی زمانی بوو لە دیرۆکی زمانەوانیدا، بەڵام ئەم کارانە بەیەکجاری کۆتاییان پێنەهات و ڤینکەر بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی و زانیاری و داتاکانی پێشکەش بەزمانەوانانی دیکەی سەردەمی خۆی دەکرد، کارەکان دوای مردنی ڤینکەر لە ساڵی(١٩٢٦ز) بە تەواوی بڵاوکرانەوە[1].

دوای ڤینکەر،(مایتزاکا- Mitzka ) بەردەوامی بە رێبازەکەی ڤینکەردا و لە ساڵی (١٩٣٩ز)دا، لیستێکی لە (٢٠٠) وشەی فەرهەنگی ئەڵمانی دروستکرد و بۆ (٥٠) هەزار بەڕێوەبەری قوتابخانە نارد و ئەتڵسی زمانی ئەڵمانی فراوانترکرد.

٢- دوای ئەتڵەسی ئەڵمانی و یاخود هاوکات، لە دانیمارك و لە لایەن (ماریۆس کریستینی - Maryas Kristen) لە نێوان ساڵانی (١٨٩٨ و ١٩٢١ز) ئەتڵەسی زمانی دانیمارکی داناوە، ئەم ئەتڵەسەی ماریۆس هەرچەندە کاریگەری ڤینکەری پێوە دیارە، بەڵام لە رووی قەوارە و داتا زمانییەکانەوە لەوەی ڤینکەر بچووکترە[2].

٣- دوای کۆتایی هاتنی پرۆژەکانی ئەتڵەسی زمانی ئەڵمانی و دانیمارکی، بەڵام بە شێواز و رێگای جیاوازەوە، (چۆلز چیلیرۆن- Golz Gillieron) لە ساڵی (١٨٩٦ز) دەستی بە دانانی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی کرد ، چیلیرۆن (٦٣٩) ناوچەی وەکو خاڵی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی دەستنیشانکرد و لەم (٦٣٩) خاڵە، (٧٠٠) فۆرمانتی زمانی دەستنیشانکرد و لە رێگایانەوە داتا و دیاردە زمانییەکانی وەرگرت و لەسەر نەخشەی جوگرافی فەرەنسا تۆماریکردن، لەو (٧٠٠) فۆرمانتەوە،

---

(1) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, P:14 .

(٢) هەمان ژێدەر، ل١٥.

نزیکەی (٦٠)یان ئافرەت و ئەوانی دیکە لە چین و توێژە جیاجیاکانی جڤاکی فەرەنسی بوون، چیلیرۆن و هاوڕێکانی زوو و لە ساڵی (١٩٠٢ز)، بەشێکی ئەتڵەسەکەی خۆیان بڵاوکردەوە، بەڵام تەواوی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسیان لە ساڵی (١٩١٢ز) بڵاوکردەوە[1].

٤- کارەکانی چیلیرۆن کاریگەری لەسەر چەند قوتابیەکی دروستکرد و لە نێوانیاندا (کارل جەبێرگ - Karil Joberg) و (یەعقوب جود)، ئەو کاریگەریە بووە هۆی ئەوەی پڕۆژەیەکی هاوشێوەی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی بۆ دیالێکتەکانی زمانی ئیتالی لە ئیتالیا و باشوری سویسرا ئەنجامبدەن، توانیان لە ساڵی (١٩٣١ز) بەشێکی پڕۆژەکە بە ناونیشانی (Sachatlas des Italiens) بڵاوبکەنەوە و دواتر لە ساڵی (١٩٤٠ز) تەواوی پڕۆژەکە بڵاوکرایەوە[2].

**دووەم/ لە ئەمریکا**

پڕۆژەی ئەتڵەسی زمانی ئەمریکی و کەنەدی، دوای سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەتڵەسەکانی زمانی لە ئەوروپا، دەستیپێکرد، هەریەك لە (پۆل چیورمێر- Poll secheurmeier) و (یەعقوب جود)، کە دوو هاوکاری سەرەکی چیلیرۆن بوون لە دانانی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی و دواتر لەگەڵ چەند قوتابیەکی دیکەی چیلیرۆن سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەتڵەسی زمانی ئیتالیان لە ئیتالیا و سویسرە کردبوو، بەمەبەستی راهێنانی تیمەکانی ئامادەکاری پڕۆژەی ئەتڵەسی زمانی ئەمریکی و کەنەدی سەردانی ئەمریکایان کرد، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە پڕۆژەکەدا بەشداربوون لە لایەن ئەوانەوە راهێنانیان پێکرا، پڕۆژەی ئامادەکردنی ئەتڵەسی زمانی ئەمریکی و کەنەدی لە ساڵی (١٩٣١ز) دەستیپێکرد، بەڵام بە هۆی بەرفراوانی ناوچە و هەرێمە جوگرافییەکانی ئەمریکاوە، پێویستی بەوە کرد کە دابەشی سەر چەند ناوچەیەکی جیاجیا بکرێت و بەجیا کار لەسەر هەر هەرێم و ناوچەیەك بکرێت، بە

---

(١) هەمان ژێدەر، ل١٧

(٢) هەمان ژێدەر، ل١٦ .

شێوەیەك كە هەر ناوچەیەك ئەتڵەسی تایبەتی خۆی بۆ ئامادەبكرێت ولە هەمان كاتدا هەماهەنگی لە نێوان هەموو بنكە هەرێمیەكان بە بەردەوامی هەبوو، بەو مەبەستەی لە كۆتاییدا ئەتڵەسێكی یەكگرتوو دابنرێت، هەموو كارەكانی هەماهەنگی بنكەكان لە لایەن (هانز كوراس - Hanez Kurath) سەرپەرشتی دەكرا، لە لایەكی دیكەوە، هانز بەڕێوەبەری ناوچەی یەكەمی پڕۆژەی ئەتڵەسی زمانی ئەمریكی بوو، كە هەرێمی نیۆئینگلاندبوو، یەكەم هەنگاوی پراكتیكی ئامادەكردنی ئەتڵەسی زمانی ئەمریكا لە نێوئەنگلاند لە ساڵی (١٩٣٩ – ١٩٤٣ز) دەستی پێكرد و لە ساڵی (١٩٤٣ز)دا پڕۆژەی ئەتڵەسی ئەم ناوچەیە تەواوبوو و بلاوكرایەوە. دواتر پڕۆژەی هەرێم و ویلایەتەكانی باشوری نیۆئینگلاند دەستپێكرد، بەلام بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانی و مردنی سەرۆكی تیمەكانی دانانی ئەتڵەسی زمانی ئەمریكیەوە، ئەم پڕۆژانە دواكەوتن[١].

<u>سێ یەم/ لەلای عەرەبەكان</u>

ئەتڵەسی زمانی عەرەبی، لەسەر دەستی رۆژهەلاتناسەكان و زمانەوانە ئەوروپیەكان دەستیپێكردووە، كۆنترین ئەتڵەسی زمانی عەرەبی، لە ساڵی (١٩١٥ز) لە لایەن (برجشتراسەر)ی ئەڵمانی دانراوە، كە ناوچەكانی سوریە و فەلەستینی لە خۆگرتبوو و تا ئێستا ژمارەیەك ئەتڵەسی زمانی بۆ ناوچە جیاجیاكانی زمانی عەرەبی دانراوە، لە خوارەوە باس لە هەندێكیان دەكەین:

١- یەكەم ئەتڵەسی زمانی عەرەبی لە لایەن برجشتراسەر- Ber gstrasser) بووە، ئەتڵەسەكە كە بەناوی (ئەتڵەسی دیالێكتەكانی سوریا و فەڵەستین – Sprachatlas van Syrien and Palestine I eipzing) بووە و لە ساڵی(١٩١٥ز) دانراوە[٢].

(١) هەمان ژێدەر، ل١٨.
(٢) دراسات في لهجات شرقي الجزيرة العربية ، ت.م حونستون، ص١٣ .

٢- (ج. كانتينۆ - J.Contineau)، له ساڵی (١٩٤٦ز) ئەتڵەسێكی دیالێكتی ناوچەی حۆرانی داناوە، كە لە (٦٠) نەخشەی جیاجیا پێكهاتووە، لێكۆڵینەوەكەی كانتینۆ لە بارەی دیالێكتی ناوچەی حۆران، بەناونیشانی (Les parlers arabes du Hora) بووە، بەڵام لەگەڵ ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ئەتڵەسی دیالێكتەكەشی داناوە[1].

٣- بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێكتە مسریەكان لە پارێزگا رۆژهەڵاتیەكان لە لایەن ئەبولفەزل (ابوالفضل)، لە ساڵی (١٩٦١ز) ئەنجامدراوە.

٤- (پ. بنیشتد - P.Behnsted)ی ئەڵمانی، لە ساڵی(١٩٨٦ز) دوو ئەتڵەسی زمانی، بۆ هەریەك لە میسر و یەمەن داناوە، بنیشتد لە دانانی ئەتڵەسی زمانی دیالێكتەكانی میسری (٧٠٠) ناوچەی جیاوازی وەرگرتووە و لە رێگای (٤٠٠) دیاردەی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی نێو دیالێكتە مسیریەكان (٥٦١) نەخشەی جیاوازی داناوە و لە كۆتاییدا لە چوارچێوەی یەك ئەتڵەسی یەكگرتوودا كۆیكردونەتەوە، هەروەها بۆ ئەتڵەسی زمانی یەمەن (١٦٨) نەخشەی جیاوازی داناوە، كە دیاردە زمانییەكانی (١٥٠) ناوچەی لە خۆگرتووە[2].

٥- بینشتید و فۆیرش ، لە نێوان ساڵانی (١٩٨٥ – ١٩٨٨ – ١٩٩٤ز) ئەتڵەسی هەموو دیالكتە میسریەكان جگەلە دیالكتی (قاهیرە)یان، داناوە.

٦- بنیشتید، لە نێوان ساڵانی (١٩٨٥ – ١٩٩٢ز)، ئەتڵەسی دیالێكتەكانی باكوری یەمەن، داناوە.

٧- بنیشتید، ئەتڵەسی دیالێكتە سوریەكان (شامیەكان) داناوە، هێشتا بڵاونەكراوەتەوە و تەواو نەبووە[3].

---

(١) هەمان ژێدەر، ل١٣.
(٢) الاسس النظرية والمنهجية لاطلس لسان المجتمع العربي، ابراهيم محمد الخطابي، هەمان ژێدەر.
(٣) اللغة العربية تاريخة و مستوياتها و تاثيرها، كيتس فرسيتغ ، ص١٥٧ .

## چوارەم/ ئەتڵەسی زمانی ئەمازیغی لادێی

لە کۆتایی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٧ز)دا، لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لەبارەی دیالێکتی لادێی ئەمازیغی لەلایەن (مینە لفقێوی)[1]، بە ناونیشانی (ئەتڵەسی زمانی ئەمازیغی لادێی) ئەنجامدراوە، ئەم ئەتڵەسە پێشکەش بە زانکۆی (لیدن)ی هۆڵەندی کراوە، لێکۆڵینەوەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی زمانەوانی جوگرافی لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی ئەمازیغی دەکات و لە بەشی دووەمدا بەراوردی لایەنی فۆنۆلۆجی دیالێکتەکانی زمانی ئەمازیغی لادێی کردووە، لە بەشی سێیەمدا لێکۆڵینەوەی جیاوازییە مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەکانی کردووە و لە بەشی چوارەمدا لایەنی سیمانتیکی وشە فەرهەنگیەکانی بەراووردکردووە و لە کۆتاییدا هەموو ئەو زانیاریانەی لە سەر نەخشەی زمانەکە داناوە[2].

## پێنجەم/ ئەتڵەسی زمانانی جیهانی

ئەتڵەسی زمانانی جیهانی لە ساڵی(٢٠٠٥)دا، لە لایەن زیاتر لە (٥٥) پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکانی زمانەوانی و جوگرافیا و مرۆڤناسی لە سەرانسەری جیهان ئەنجامدراوە، ئەو پسپۆڕ و شارەزایانە سەر بە زیاتر لە (٤٠) دامەزراوەی زانستی جۆربەجۆرن لە سەرانسەری جیهاندا، ئەم ئەتڵەسە زیاتر لە (١٤٥) نەخشەی وڵاتانی جیا و ژمارەیەکی زۆری لە نەخشەی هەرێمە زمانییەکانی لە خۆگرتووە، کە تێیاندا بە پێی جیاوازی، ئەتڵەسەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و بە هەموویانەوە نەخشەی زیاتر لە (٤٠٠) زمانی زیندوویان کێشاوە، کۆی ئەتڵەسەکە لە (٧١٥) لاپەڕە پێکهاتووە. هەندێك لەو پسپۆڕو شارەزایانەی لەم پڕۆژەیەدا بەشداریان کردووە ئەمانەن:

---

(١) ناوبراو ماموستایە لە بەشی لێکۆڵینەوەی ئەفریقایی و زمانە رۆژهەلاتیەکان لە زانکۆکانی (خنت) لە بەلجیکا و (دیلاکالابریا) لە ئیتالیا.

(٢) الأطلس اللغوي للأمازيغية الريفية، مينة لفقوي:

- htpillarabic.rnw.nl/culture/culturbarneh /culture 27090701.

١- مارتن هاسپلیمانس: لە پەیمانگای ماکس بلانگ بۆ مرۆڤناسی گەشەکردوو، هەروەها هەردوو پسپۆڕ (دیڤدجیل و برنارد کۆمریە) لە هەمان پەیمانگا بەشداریان لەم پڕۆژەیەدا کردووە.

٢- ئەندریاس ئامان، لە زانکۆی ئەنتویرب گریگۆری.

٣- ئالدیك باکر، مامۆستا لە زانکۆی ئەمستردام و پسپۆر لە پەیمانگای ناوەندی زمانە هندیەکان.

٤- سیسل براون، لە زانکۆی ینوی باکور.

٥- گ. گریڤللی کۆربیت، لە زانکۆی سری.

٦- دال ئۆستان، لە زانکۆی ستوکهۆلم.

٧- مایکل دانیال، لە زانکۆی دەوڵەتی لە مۆسکۆ.

٨- روب گودیمانس، لە زانکۆی لایدن.

٩- ڤالنتین گۆسیڤا، لە پەیمانگایی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئەکادیمیایی روسی بۆ زانستەکان.

١٠- جۆن هاژیك، لە زانکۆی میلبۆرن.

١١- یوهانس هیلیمبرچێت، لە زانکۆی ئارفۆرت.

١٢- ئۆلیڤەر ئالف ئیگسین، لە زانکۆی لاتروب.

١٣- پۆل کای بیرکلی، لە زانکۆی کالیفورنیا.

١٤- ئەکیهارد کونج، لە زانکۆی (بەرلین)ی ئازاد.

١٥- ئایان مادیسین، لە زانکۆی کالیفورنیا لە بیرکلی.

١٦- ئیلینا ماسلۆڤ، لە زانکۆی ستانفۆرد.

١٧- داڤید.ئەی.پیترسۆن، لە کۆلێژی دۆرتسمۆس.

١٨- ماریا پۆلینکای، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانديگۆ.

١٩- پیتەر سیمون، لە زانکۆی هامبۆرگ.

٢٠- تۆماس ستۆنز، لە زانکۆێ بریمن[1].

---

(1) The world atlas of language stractures : /uk/ catalogue /? Ci=9780199255917= authors. http: //www.oup.com

لەم ئەتلەسەدا کە ناونیشانەکەی ( The World Atlas of Language Stractures ) و کورتکراوەکەی (WSLS)ە، گرنگی بە لایەنە جیاجیاکانی زمانەکان، وەکو تایبەتمەندی زمان و سیمای زمانی و خێزانە زمانییەکان و دەنگە ڤاوڵەکان و رەگەزەکان و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی و ئامرازەکانی پەیوەندی، لە نەخشەکاندا دەستنیشانکراون[1].

---

(١) هەمان ژێدەر.

# تەوەری سێیەم

## ڕێباز و جۆرەکانی ئەتڵەسی زمانی و ئەتڵەسی زمانی ئاستەکانی زمان

### ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانی

بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕێبازی سەرەکی لە دانانی ئەتڵەسی زمانیدا هەر لە سەرەتاوە هەبووە، کە هەریەکێکیان لە شوێنێکی دیاریکراو پەیڕەوکراوە، دواتر ئەو دوو ڕێبازە گەشەیان پێدراوە و گۆڕانکاریان تێدا ئەنجامدراوە و ڕێبازی نوێیان لێی دروستکراوە، هەر سێ ڕێبازەکەش بریتین لە:

١- ڕێبازی ئەڵمانی.

٢- ڕێبازی فەرەنسی.

٣- ڕێبازی گشتی

### یەکەم/ ڕێبازی ئەڵمانی

داهێنەری ئەم ڕێبازە، (جۆرج ڤینکەر- Georg Wenker[1])ە، بەپێی ئەم ڕێبازە ئەتڵەسی زمانی بەم هەنگاوانەی خوارەوە، ئامادە دەکرێت:

**هەنگاوی یەکەم:** هەڵبژادنی چەند ڕستەیەك، کە دەربڕین لە گرنگترین ئەو وشانە دەکەن، کە ڕۆژانە لەسەر زاری بەکارهێنەرانی زمان و دیالێکتەکانە و تۆمارکردنیان لە لیستێکدا، بەمە لیستی ڕستەکان ئامادەدەکرێت، پێویستە ئەو لیستە چەند زانیاریەك

---

(١) جورج ڤینکەر لە ١٨٥٢/١/٢٥ز لە ئەڵمانیا لە دایکبووە، لە شارەکانی میونخ و بۆن و هامبۆرگ خوێندویەتی، لە ساڵی ١٨٧٦ دکتۆرای بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩١١ز کۆچی دوایی کردووە.

له بارەی فۆرمانتی زمانی (الراوی اللغوي) و تۆمارکەر (المسجل اللغوي)، ئەو کەسەی کە لیستەکان پڕدەکاتەوە، لە خۆبگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لاپەڕەی یەکەم: تایبەتە بە فۆرمانتی زمانی و تۆمارکەر[١]:

ئەو شوێنەی کە داتا زمانییەکانم لێ تۆمار کردووە ...... ، ناوەندی ...... بەڕێوەبەرایەتی........

| فۆرمانت، کە داتا زمانییەکان لێی وەرگیراوە. | تۆمارکەری زمانی کە داتا زمانییەکانی تۆمار کردووە. |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| تەمەن: | تەمەن: |
| پیشە: | پیشە: |
| شوێنی لە دایك بوون: | شوێنی لە دایك بوون: |

لاپەڕەی دووەم: کە تایبەتە بە پرسیارەکان (دەقی چەند رستەیەك وەکو چۆن لە یەکەم لیستی رستەکانی ڤینکەر هاتووە، (وەرگێردراوی زمانی کوردی):

| رستەکە لە زمانی ئەڵمانی ستاندەردا (وەرگێڕانەکەی) | رستەکە لە دیالێکتی ناوچەیی |
|---|---|
| ١- زستانان گەڵای درەختەکان هەڵدەوەرێن و بەبادا دەچن. | |
| ٢- کەمێك رەژوو بکە نێو ئاگردانەکە بۆ ئەوەی شیرەکە بکولێت. | |
| ٣- ئاگرەکە ئەوەندە بەگوڕ بوو، تا ئەو رادەیەی چێشتەکەی سوتاند و بە هۆی بە هێزی ئاگرەکە چێشتەکە رەش داهات. | |
| ٤- هەموو کاتێ هێلکە بە بێ خوێ و بیبەر دەخوات. | |
| ٥- قاچەکانم زۆر دێشن، دیارە لەبەر ئەوەیە کە زۆر هاتووچۆم کردووە. | |
| ٦- ئایە ناکرێت چرکەیەك بوەستن بۆ ئەوەی ئێمەش لەگەڵتان بێین. | |
| ٧- قسەکە لە زاری دەرهات. | |

(١) الأطلس اللغوي، خليل حمود عساكر، هەمان ژێدەری پێشوو.

**هەنگاوی دووەم:** ناردنی لیستی پرسیارەکان بۆ هەموو ئەو دەڤەرانەی، کە دەکەونە ئەو ناوچەیەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، لە ڕێبازی ئەڵمانیدا، تا زیاتر لیستەکان لە ناوچەکان بە شێوەیەکی گشتگیرو فراوان بڵاو بکرێنەوە باشترە.

**هەنگاوی سێیەم:** تۆمارکەرەکان، ئەوانەی داتا و دیاردە زمانییەکان لە زاری فۆرمانتەکانەوە وەردەگرن و لەو لیستانەدا تۆماریان دەکەن، کە پێشتر لە هەنگاوی یەکەمدا ئامادەکراون، پێویستە لە هەڵبژاردنیان ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە ئاستێکی ڕۆشنبیری باشیان هەبێت، بە شێوەیەك کە بتوانن داتا و دیاردە زمانییەکان وەکو چۆن لە لایەن فۆرمانتەکانەوە گۆدەکرێن، بەو شێوە تۆمار بکرێن.

**هەنگاوی چوارەم:** دوای ناردنی لیستی ڕستەکان بۆ ئەو دەڤەر و هەرێمانەی کە دەکەونە چوارچێوەی پرۆژەکەدا و تۆمارکرنی داتا زمانییەکان، دەگەڕێندرێنەوە بنکەی سەرەکی و دەست دەکرێت بە ریزکردن و پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی داتاکان و بۆ هەر دیاردەیەك نەخشەیەکی تایبەت دادەنرێت و داتا و دیاردەزمانییەکە بە تەنها لەسەر نەخشەی ناوچەکان تۆماردەکرێت، بەم شێوەیە هەرێم و ناوچەی زمانی تایبەت دیاری دەکرێت.

**هەنگاوی پێنجەم:** هەموو ئەو نەخشە تایبەتانەی بە هەرێم و ناوچە جیاوازەکان بەراورد دەکرێن و پۆلێندەکرێن و جیاوازی و لێکچوونی نێوانیان دیاری دەکرێن ولە یەك نەخشەی گشتیدا دادەنرێن، بەمەش سنوری کۆتایی ناوچە و هەرێمە زمانییەکان دیاری دەکرێت[1].

**دووەم/ ڕێبازی فەرەنسی**

داهێنەری ئەم ڕێبازە (چیلیرۆن)ە، هەر چەندە بیرۆکەی یەکەمی پرۆژەی ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی لە لایەن قەشەیەکەوە بەناوی (پ.ج.ڕۆزلۆت - p.J.Rousselot)ەوە بووە[2]، هەروەها (ئەدمۆند ئەدمۆنت – Edmont Edmond)یش شوێن پەنجەی بەسەر پرۆژەکەوە دیارە و خۆی لە دوای چیلیرۆن پرۆژەکەی تەواو کردووە و کۆتایی پێهێناوە.

---

(١) المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، رمضان عبدالتواب، ص١٥١.
(٢) لە ساڵی (١٨٨٧ز)، (پ.ج.ڕۆزلۆت – p.J.Rousselot ) لەگەڵ چیلیرۆن گۆڤاری (دیالێکتە بالأکانی ڕۆمانی )یان دەرکردووە.

ڕێبازی فەرەنسی لە دانانی ئەتڵەسی زمانی بەم هەنگاوانەدا تێدەپەڕێت:

**هەنگاوی یەکەم:** سەرەتا ئەو هەرێم و ناوچەیەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، دەستنیشاندەکرێت، چەند گوند و شار و شارۆچکەیەك لەو هەرێم و ناوچەیە هەڵدەبژێردرێت، بە شێوەیەك، ئەو گوند و شار و شارۆچکانە و بە گوێرەی جیاوازی ژینگە زمانییەکان و فراوانی ئەو ناوچەیەی کە ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، دەستنیشان دەکرێن.

**هەنگاوی دووەم:** کتێبێکی تایبەت دادەنرێت، کە بە کتێبی پرسیارەکان (Frageduch) ناسراوە و نزیکەی (٢٠٠٠ – ٢٥٠٠) هەزار پرسیار لەخۆدەگرێت، لە دانانی پرسیارەکانی نێو کتێبەکەدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- گشتگیربێت و گرنگترین ئەو وشە فەرهەنگیانە لەخۆبگرێت، کە لە گوند و شارەکان بەدی دەکرێن و زۆر بەکاردەهێندرێن.

٢- ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە پرسیارەکان بە یەك وشە بەرسف بدرێنەوە.

٣- ڕێزکردنی پرسیارەکان بابەتیانە بێت، بە شێوەیەك کە هەر بەشێك لەو پرسیارانە تایبەت بێت بە بوارێك لە بوارەکان و بەشێك لە ئەتڵەسی گشتی پڕ بکاتەوە، وەکو ئەوەی کێڵگە واتاییەکان بەڕیز لە دوای یەکتری دابنرێن، بۆ نموونە کێڵگەی واتایی خزمایەتی و وشەکانی وەکو: (باوك، دایك، خاڵۆ، مامۆ و...هتد)بە دوای یەکتردا بێن، بە هەمان شێوە بۆ کێڵگەکانی دیکە، وەکو قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ و بەشەکانی جەستەی مرۆڤ و ڕەنگ و ژمارەکان و ...هتد.

دانانی کتێبی پرسیارەکان لە ڕێبازی فەرەنسیدا، بە گرنگترین قۆناغی دانانی ئەتڵەسی زمانی دادەنرێت.

**هەنگاوی سێیەم:** لەم قۆناغەدا، دوای ئەوەی ژمارەیەکی پێویست لە کتێبی پرسیارەکان چاپدەکرێن و پێشکەش بە تۆمارکەری زمانی دەکرێن، ئەو تۆمارکەرانە دەنێردرێنە ئەو گوند و شارۆچکە و شارانەی، کە وەکو نوێنەری ژینگەی زمانی بۆ ئەو هەرێم و ناوچانەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، هەڵبژێردراون، تۆمارکەرەکان بۆ ماوەی (٤ – ٥) ڕۆژ لەو شوێنانە دەمێننەوە، ئەو تۆمارکەرانەی کە سەردانی ناوچە و گوندەکان دەکەن، پێشتر ڕاهێنانیان پێدەکرێت و لە هەردوو لایەنی زمانەوانی گشتی

و فۆنۆلـۆجی رۆشـنبیریەکی باشـیان پێـشکەش دەکـەن و لـە کـاتی پرسـیارکردن، چـی روونکردنەوە و ئاسانکاری پێویـست هەیـە بـۆ فۆرمـانتی زمـانی ژینگـە زمانییـەکان، لـە لایـەن تۆمارکەرەکانـەوە پێـشکەش دەکرێـت، بەمـەش هـەموو ئـەو تایبەتمەنـدی و داتـا و دیاردەزمانییانەی لە ناوچە جیاوازەکان هەن، لە کتێبی پرسیارەکاندا تۆمار دەکرێن.

لـە رێبـازی فەرەنـسیدا گرنگیـەکی زۆر بـە فۆرمـانتی زمـانی دەدرێـت، پێویـستە لـە هەڵبژاردنی فۆرمانت زمانی رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

أ- لە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکە بێت.

ب- بۆ هیچ شوێنێکی دیکە کۆچی نەکردبێت.

ج- لەبەرسڤەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

ح- بە هیچ لە هۆکارە رۆشنبیریەکان کاریگەر نەبوبێت، کە کاریگەری لەسەر دیالێکت یان زمانە رەسەنەکەی کردبێت .

**هەنگاوی چوارەم:** دوای ئـەو سـێ هەنگاوانـەی سـەرەوە، داتـا و دیـاردە زمانییـەکان کۆدەکرێنەوە و وشە و دەربڕینە هاوواتاکان، بەپێی ناوچە و دەڤەر و شـارە جیاوازەکـان پۆلێنـدەکرێن و دواتـر ئـەو تایبەتمەنـدی و داتـا و دیاردەزمانیانـە، بـەپێی شـوێنی بەکارهێنانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی ناوچەکە دادەنرێت و لە کۆتاییدا ئەتڵەسـەکە بـە شـێوەی گـشتگیر لـە تێکـەڵکردن و لێکـدانی نەخـشە جیاوازەکـان ئامـادە دەکرێـت، بەمـەش سـنوری زمـانی نێـوان ژینگـە زمانییـە جیاوازەکـانی ئـەو هـەرێم و ناوچـانەی ئەتڵەسەکەیان بۆ دانراوە، دەستنیشان دەکرێت.

## سێیەم/ رێبازی گشتی

لـەم رێبـازەدا سـوود لـە خاڵـە بـەهێز و لاوازەکـانی هـەردوو رێبازەکـەی دیکـە وەردەگیرێـــت، پەیرەوکـــەرانی ناویـــان لێـــی نـــاوە رێگـــای گـــشتگیر و تـــەواوکار (الطريقة الشاملة والكامل)، بۆیـە ئـەم نـاوەی لێـی نـراوە، چونکە هـەوڵی ئەوەیانـداوە لەسـەر تـەواوی لایەنـەکانی ئـەو دیالێکـت و زمانـەی، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکـەن و ئەتلەسـی زمـانی بـۆ دادەنـێن، بوەسـتن و هـیچ لایـەنێك فـەرامۆش نەکـەن و تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان بەسەر هەموو لایەنەکان بلاّوبکەنەوە.

**ڕێگاكە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

داتاكانی زمانی لە چەند فۆرمانتێكی زمانی دیاركراو كۆدەكردێنەوەی و داتاكان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتی ڕاڤەدەكەن، ئەم هەنگاوە ڕێگا بۆ دەستنیشانكردنی سروشتی دابەشبوونی ئەو زمان و دیالێكتانە لەڕووی جوگرافیەوە خۆش دەكات، هەروەها دەستنیشانكردنی چڕی دابەشبوونەكە و دانانی نەخشەی سەرەتایی لەو ڕاڤەكردنە چەندێتیەی داتەكانەوە، لەم ڕێبازەدا گرنگی بە هەردوو لایەنی جوگرافی و جڤاكی و ئەو كاریگەریانەی لەسەر زمان دروستی دەكەن، دەدرێت.

**لەم ڕێبازەدا گرنگی بەم لایەنانە دەدرێت:**

١- دەستنیشانكردنی ناوچەكە لەڕووی جوگرافی و جڤاكییەوە:

لێرەدا سنورەكان لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی دیكە جیاوازی هەیە، چونكە لەوانەیە تاكە گوندێك بە سنورە جوگرافییەكەیەوە، یەكەیەكی جوگرافی سەربەخۆ بێت ودەتوانرێت یەك جۆر فۆرمانتی زمانی لێی وەربگیرێت، لەوانەشە یەك یەكەی جوگرافی بە چەند فۆرمانتیەك نوێنەرایەتی بكرێت، پێچەوانەشەوە، لەوانەیە تاكە گوندێك زیاتر لە یەكەیەكی جوگرافی بێت و پێویست بكات فۆرمانتەكانی زۆر و هەمە جۆر بن تا بتوانن نوێنەرایەتێكی ڕاستەقینەی ناوچەكە بكەن، ئەمەش وا دەكات، كە لەم ڕێبازەدا گرنگی زۆر بەم لایەنە بدرێت و بەتایبەتی لە شارە گەورەكان، چونكە لەڕووی زمانەوە، هەموو شارە گەورەكان یەكەی زمانی ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی چین و توێژ و خێڵ و نەتەوە و ئاینی جۆربە جۆری تێدایە و پێویستە لە هەڵبژاردنی فۆرمانتەكان، ڕەچاوبكرێن.

٢- دوای دەستنیشانكردنی ئەو ناوچانەی ئەتلەسی زمانی بۆ دادەنرێت، پێویستە دەستنیشانی ئەو هۆكارانەش بكرێت، كە دەبنە هۆی ئەو جیاوازیەی لەو یەكە جوگرافی و جڤاكیانەدا بەرجەستە بووە، هۆكارەكانیش بە زۆری ئەمانەن: (ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە ، بارودۆخی جڤاكی، ڕۆشنبیری، پیشەیی، سیاسی و...هتد).

**لەم ڕێبازەدا، لەدەستنیشانکردنی فۆرمانتەکان پێویستە ڕەچاوی ئەم خالآنە بکرێت:**

١- ژمارەی فۆرمانتەکان گوونجاو بێت، بەشێوەیەك کەلە توانای لێیکۆڵەر وتیمی لێکۆڵینەوەدا بێت بەباشی کۆنترۆڵی بکەن .

٢- فۆرمانتەکان نوێنەرایەتی راستەقینەی جوگرافی و جڤاکی ناوچەکە بکەن.

٣- ئەوانەی وەك فۆرمانت هەڵدەبژێردرێن، پێویستە ماوەی (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت لەو ناوچە نیشتەجێبووبن و ئەگەر هەر لەو ناوچەیەش لەدایکبووبن و کۆچیان نەکردبێت باشترە.

٤- هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی رۆتینی (اعطباتی)، نەك بە دەستبژێر و ئارەزوو بێت.

٥- باشتروایە فۆرمانتی یەدەکیش دەستنیشان بکرێن و داتاکانیان لێی وەربگیرێن، چونکە لەوانەیە سەرەرای هەموو ئەم پێوەرانە هەندێك لە فۆرمانتەکان راستگۆ نەبن.

لەکاتی چاو پێکەوتنی تیمی لێکۆڵینەوە لەگەڵ فۆرمانتەکان و ئاراستەکردنی پرسیارەکان، پێویستە ڕەچاوی ئەم خالآنە بکرێت .

١- بەرسڤدانەوەکان دوور و درێژ نەبن، بە (بەڵێ یان نەخێر)یش نەبێت.

٢- باس لەو بابەتانە بکرێت، کە بەلای فۆرمانتەکانەوە گرنگن.

٣- بە شێوەیەك بێت کە گفتوگۆ دروست بکات.

٤- فۆرمانتەکان ئازاد بن لە دەربڕینەکانیان و هیچ شێوەیەکی رەسمی بەکار نەهێندرێت.

٥- دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی کە هەستی فۆرمانتەکان بریندار دەکەن و یان ترس و گومانیان لادروست دەکات.

٦- چاوپێکەوتنەکان بە ئامادەبوونی ئەندامانی خێزان و هاوڕێکان ئەنجامبدرێت[1].

---

(١) الاسس النظرية والمنهجية لاطلس لسان المجتمع العربى ، ابراهيم محمد الخطابى.

### جیاوازی نێوان ڕێبازەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی

وەك لە خستنە رووی هەر دوو ڕێبازەکە بە دیار دەکەوێت، کە ڕێبازی ئەڵمانی لە ڕێبازی فەرەنسی گشتی ترە و هیچ ناوچە و گوند و شار و شارۆچکەیەك بەجێناهێڵت و دیاردە و داتا زمانییەکان لە هەموو شوێنێك وەردەگیرێت و لەسەر نەخشەکان جێگایان دەکاتەوە، بەڵام ڕێبازی فەرەنسی لە ڕێبازی ئەڵمانی وردتر و گشتگیرترە، چونکە هەم تۆمارکەرەکان بە باشی ڕاهێنراون و هەمیش هەڵبژاردنی فۆرمانتەکان زۆر بە وردی بووە، بەمەش وەرگرتنی دیاردە و تایبەتمەندیە زمانییەکان وردتر دەردەکەون و باشتر نوێنەرایەتی ناوچەکانیان دەکەن[1].

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جیاوازیانەی خوارەوە لە نێوان هەردوو ڕێبازی ئەڵمانی و فەرەنسیدا بە دیاردەکەوێت:

١- ڕێبازی ئەڵمانی گشتی ترە، چونکە نەخشەی زۆر گەورە و ڕووبەری فراوان لە ئەتڵەسی زماندا وەردەگرێت، بەڵام ڕێبازی فەرەنسی گشتگیرترە و سەرەتا لە نەخشەیەکی سەرەتایی بچوکەوە دەست پێ دەکات و هەنگاو لە دوای هەنگاو گەورەتر دەبێت.

٢- لەو قۆناغ و مەرجانەی کە بۆ فۆرمانت و پرسیار و تۆمارکەرەکەکان دانراوە، دەردەکەوێت کە ڕێبازی فەرەنسی ووردترە لە ڕێبازی ئەڵمانی.

٣- لە ڕێبازی فەرەنسیدا داتا و زانیاری و داتا زمانییەکان زۆرترن، چونکە پرسیاری زۆرتر ئاراستەی فۆرمانتەکان دەکرێت[2].

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆربەی وڵاتە ئەوروپی و ئەمریکیەکان، لە دانانی ئەتڵەسی زمانی وڵاتەکانیان، پەیڕەوی ڕێبازی فەرەنسیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گۆڕانکاریان تێدا ئەنجامداوە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ سروشتی زمان و جوگرافیایی وڵاتەکانیان و بارودۆخی جڤاکی جڤاکەکانیان بگونجێت و دوای ئەم دوو ڕێبازە و لەئەنجامی گەشەکردنیان ڕێبازی نوێتر و جیاوازتر سەریهەڵداوە.

---

(١) الاطلس اللغوي، د.خليل حمود عساكر.
(٢) المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، رمضان عبدالتواب ، ص١٥٧.

بۆ نموونە ئەو ئەتڵەسە زمانییەی، کە لە لایەن (برجشترا سەر Bergstraesser)ەوە بۆ دیالێکتەکانی سوریا و فەڵەستین لە ساڵانی (١٩١٤ – ١٩١٥ز) دانراوە، هەمان ڕێبازی ئەڵمانی بەکارهێناوە، بەڵام هەندێك گۆڕانکاریشی تێدا ئەنجامداوە، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە برجشتراسەر لە جیاتی بەکارهێنانی چەند پرسیارێکی دیاریکراو لە لیستی پرسیارەکاندا، چەند پرسیارێکی تەواوکەری یەکتری لە شێوەی چیرۆکێك لە چیرۆکە بەناوبانگ و بەربڵاوەکانی ناوچەکەی بەکارهێناوە[1]، برجشتراسەر هۆکاری ئەو شێوازەی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە جۆرەکانی دیکەی پرسیارکردن و وەرگرتنی داتا و زانیاریەکان سوودیان بۆ لایەنی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و بگرە سیمانتیکی نییە، بەڵام ئەم شێوازەی ئەو جیاوازی لە هەموو ئاستەکان بەباشی بەرجەستەدەکات، بۆیە لەدانانی ئەتڵەسەکەی خۆیدا، تێکستی زمانی بەکارهێناوە[2]، تێکستەکەی دابەشی سەر چەندین ڕستەی جیاواز و تەواوکەری یەکتر کردووە و لەڕێگایانەوە، هەموو دیاردە و تایبەتمەندیە زمانییەکانی ئەو دیالێکتانەی، لە هەموو ئاستەکانی زمان (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی سینتاکس و سیمانتکی)، بگرە تا ئاستی بەکارهێنان و دەوروبەر (سیاق) بەدەرخستووە.

لە زۆر شوێنی جیهاندا لە چەند لایەنێکەوە داهێنان، لە ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانیدا کراوە، بەڵام بەگشتی هەر هەموویان لە چوارچێوەی گشتی هەردوو ڕێبازە سەرەکیەکەی ئەڵمانی و فەرەنسیدان، ئەگەرچی لە چەند ڕوویەکەوە گۆڕانکاریان، بەپێی پێویستی زمانەکە ئەنجامداوە. ئێمە لەبەشی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی ڕێبازی فەرەنسیمان کردووە، بەڵام بەچەند جیاوازیەکەوە و بەتایبەتیش لە لایەنی ئەو مەرجانەی بۆ فۆرمانتی زمانی لە ڕێبازی فەرەنسیدا دانراوە، چونکە ئەو مەرجانە لەوانەیە بۆ هەرێمی کوردستان

(١) براجشتراسەر، چیرۆکی فۆلکۆری (جوتیارو گا و کەر و کەلەباب)ی بەناوبانگی شاری (دیمەشق)ی بۆ بەدەستهێنانی کەرەسە و دیاردەزمانیەکانی ئەو دیالێکتانە بەکار هێناوە، چیرۆکەکەی لە کتێبی (Oestrup) وەرگرتووە و دووبارە دارشتنەوەی بۆکردووە، بەشێوەیەك کە زۆر لە دیالێکتی دیمەشقی ئەو کاتە بچێت و لە زاراوە و وشە پەتییەکانی پاککردۆتەوە و دابەشی سەر (٩١) ڕستەی سەربەخۆی تەواوکەری یەکتری کردووە .
(٢) الجغرافية اللغوية واطلس براجشتراسڤر، رمضان عبدالتواب، هەمان ژێدەری پێشوو.

نەشێ و گونجاو نەبێت، بە تایبەتی لە خاڵی ڕەسەنایەتی دانیشتوان لە ناوچە جیاوازەکان و کاریگەرنەبونیان بە دیالێکت و زمانەکانی دیکە، چونکە باری سیاسی ئەم هەرێمە، وای کردووە ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی لە شوێنە ڕەسەنەکانیان کۆچ بکەن، لە لایەکی دیکەوە، ئەو مەرجانەی ڕێبازی فەرەنسی بەنزیکتر لە ڕێبازی پێوەری لە زمانەوانیدا دەزانێن وەك لە ڕێبازی وەسفی، چونکە بەپێی ڕێبازی وەسفی لە زمانەوانیدا، بەکارهێنەران، ئێستا چۆن زمانەکە بەکاردەهێنن، بەو شێوەیە داتا و دیاردە زمانییەکانمان لێی وەرگرتوون و لەسەر نەخشەکانمان داناون.

## جۆرەکانی ئەتڵەسی زمان

ئەتڵەسی زمان بەپێی ئامانج و قەوارە و داتا بەکارهێنەراوەکانی و شێوازەکانی ئامادەکردنی، چەندین جۆری جیاوازی هەیە، بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

### یەکەم/ لە ڕووی بەکارهێنەرانی زمانەوە

١- ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی Sociodialect atlas.

٢- ئەتڵەسی دیالێکتی جوگرافی Deographydialect atlas.

٣- ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی و جوگرافی Geography and Sociodialect.

### دووەم/ لە ڕووی ناوەڕوك و قەوارەوە

١- ئەتڵسی زمان Language atlas.

٢- ئەتڵسی دیالێکتی Dialect atlas.

### یەکەم/ لە ڕووی بەکارهێنەرانی زمانەوە

#### ١- ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی:

لە دانانی ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکیدا، هەڵبژاردنی جڤاکێکی زمانی دیاریکراو، بۆ ئەوەی داتا و دیاردە زمانییەکانی لێی وەربگیرێت گرنگترە لە هەڵبژادنی ناوچەیەکی جوگرافی دیارکراو بۆ ئەوەی داتا و دیاردەکانی لێی وەربگیرێت، لەم جۆرە ئەتڵەسەدا زیاتر گرنگی بە جیاوازیە جڤاکیەکان وەك لە جیاوازیە جوگرافیەکان دەدرێت،

هەروەها گرنگی بە هەڵبژاردنی فۆرمانتەکانی زمانی لەڕووی جڤاکییەوە نەك لەڕووی جوگرافییەوە دەدرێت، واتە لێرەدا یەکە زمانییەکان پڕ بەپێستی یەکە جڤاکیەکانە، بەمەش دەکرێت گوندێك بە یەکەیەکی زمانی سەربەخۆ دابنرێت، بەوەی لەڕووی زمانییەوە یەك یەکەی زمانی تێدا نیشتەجێیە، بە پێچەوانەوە، شارە گەورەکان بە زیاتر لە یەکەیەکی زمانی دادەنرێن. لەم جۆرە ئەتڵەسەدا گرنگی بە شوێنکەوتەی جوگرافی بەکارهێنەرانی زمان نادرێت، بەڵکو گرنگی بە پێکهاتەی جڤاکی و چینە جڤاکیە جیاوازەکانیان دەدرێت، بەم شێوەیە رەنگە شار یان شارۆچکەیەکی بچوك یان گەورە یەك یان زیاتر لە یەکەیەکی زمانی پێکبهێنن، لەمەش زیاتر یەکەی جڤاکی خاوەن پیشە تایبەتییەکان و چینە جیاوازەکانی جڤاکی، ئەگەر چی لە چەند یەکەیەکی جوگرافی جیاوازیشدا نیشتەجێبن، بەڵام بە یەك یەکەی زمانی دەژمێردرێت[1]، واتە یەکەی جوگرافی جیاواز بە یەك یەکەی زمانی دادەنرێت، ئەم جۆرە ئەتڵەسانە زیاتر لە لایەن ئەو زمانەوانانەوە پەیڕەو دەکرێت و دادەنرێت، کە لە روانگەیەکی جڤاکیەوە پێناسەی زمان و دیاردە زمانییەکان دەکەن. بەڵام، سەرەتای ئەتڵەسی زمانی بە ئەتڵەسی دیالێکتی جوگرافی بووە، واتە لە ئەتڵەسە کۆنەکاندا، یەکەی زمانی جوگرافی لە یەکەی زمانی جڤاکی زیاتر بەکارهێنراوە، هەڵبەتە ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی زۆر پراکتیکی نییە و یەکەکان دەکرێت تا بێ کۆتایی و تا ئاستی تاکە کەسەکان (منداڵ، ژن، پیر، گەنج، نەخوێندەوار و...هتد ) ورد بکرێتەوە.

لێکۆڵەران، جیاوازی زۆریان لە نێوان هەردوو ژینگەی زمانی جوگرافی و جڤاکی لە دەستنیشانکردنی یەکەی زمانی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان دەستنیشانکردووە، بەو مەبەستەی قەوارەیەك، کە وەك یەکەیەکی زمانی بەکاربهێنرێت، دەستنیشانبکەن، لێکۆڵەران پەنایان بۆ ئەم شێوە دەستنیشانکردنانە بردووە:

أ - دابەشکردنی ژینگەی زمانی شارەکان لە رووی جڤاکیەوە، وەکو ئەوەی پێکهاتەی جڤاکی ئەو یەکە زمانییەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت بەسەر (أ ، ب، ج)

(١) الأسس النظرية والمنهجية لأطلس لسان المجتمع العربي، ابراهيم محمد الخطابي.

دابەشبکرێن، ئەو یەکانەی لە چینێکی جڤاکی بەرزدا لە یەکەی زمانی (أ) و ئەوانەی لە چینی ناوەندان، لە یەکەی زمانی (ب) و چینی خوارەوەش بۆ یەکەی زمانی (ج).

ب - تۆڕی جڤاکی، لەم جۆرەدا تاکە کەسێك وەکو خاڵی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە وەردەگیرێت، دواتر نەخشەیەك بۆ پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی جڤاکیەکانی تاکە کەسەکە لە شێوەی تۆڕێك دەکێشرێت، لەم نەخشەیەدا هەموو پەیوەندیە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی تاکە کەسەکە وەردەگیرێت، بەو واتایەی، کە تاکەکانی ئەم تۆڕە جڤاکیە لەرووی زمانییەوە لە یەکتر دەچن.

جـ - کۆمەڵەی زمانی (الجماعة اللغوية)، لێکۆڵەران لەبارەی پێناسەکردنی (کۆمەڵەی زمانی)ەوە، جیاوازیان لە نێواندا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی پێناسەکان بۆ ئەوە دەچن، کە کۆمەڵەی زمانی بریتییە لە: کۆمەڵە مرۆڤێك، کە لە بەکارهێنانی زمان و دیالێکتدا و جۆر و شێوازی رۆشنبیری وشارستانی وجڤاکی وداب و نەریتەکانیاندا هاوبەشن[1]. هەڵبەتە قەوارەی کۆمەلە جڤاکیەکانی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و دەکرێت گەورە یان بچوك بن.

**٢- ئەتڵەسی دیالێکتی جوگرافی:**

هەموو یاخود زۆربەی ئەو ئەتڵەسە زمانیانەی تاکو ئێستا دانراون، لەم جۆرەن، یەکەی زمانی جوگرافی وەکو پێوەر وەردەگرێت و دیاردە و داتا زمانییەکان بەپێی ژینگە زمانییە جوگرافیەکان دابەشدەکرێن و سنور و جیاوازی نێوانیان دەستنیشان دەکرێن، بەڵام لە جۆری ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی بە پێچەوانەوە، گرنگی بە ژینگەی زمانی جڤاکی دەدرێت، ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە، پێیانوایە کە دابەشبوون و بڵاوبونەوەی جڤاکی دیالێکتەکان، سنورە جوگرافی و سیاسیەکان دەبەزێنێت[2].

---

(١) هەمان ژێدەر.
(٢) هەمان ژێدەر.

**٣- ئەتڵەسی دیالێکتی جڤاکی و جوگرافی:**

لـەم جـۆرە ئەتڵەسـەدا، هـەردوو ژینگـەی زمـانی جڤـاکی و جـوگرافی بـە هەنـد وەردەگیرێت و لە هەڵبـژاردنی فۆرمانتـەکانی زمـانی و کۆکردنـەوەی زانیـاری و داتاکـان رەچاوی هەردوو لایەنی جڤـاکی و جـوگرافی دەکرێت، بۆیـە ئـەو هـەرێم و دەڤەرانـەی ئەتڵەسـی زمانیـان بـۆ دادەنرێـت، سـەرەتا لـەڕووی جڤـاکی و جوگرافیـەوە دەستنیـشان دەکـرێن، بـۆ نموونـە لـەڕووی جڤاکیـەوە تەماشـای پێکهاتـەی خێڵـەکی و ئـەتنیکی و چینایەتی ژینگە زمانییەکە دەکرێت، کە رەنگە ژینگەیـەکی زمـانی لـەم جـۆرە لـە یـەك یان زیاتر لە ژینگەی جوگرافیدا بێت[1].

**<u>دووەم/ لەڕووی ناوەڕوك و قەوارەوە</u>**

**١- ئەتڵەسی زمان:**

لەم جۆرە ئەتڵەسەدا، گرنگی بـەجیاوازی نێـوان زمانـە جیاوازەکـان دەدرێـت، جـا چ سـەربە بەیـەك کۆمەڵـە و خێزانـی زمـانی بـن یـان زیـاتر، ئـەم ئەتڵەسـانە سـنوری بڵاوبونەوەی زمانە جیاوازە هاوسنورەکان دەستنیشان دەکات، هێڵەکانی بەیەك گەیـشتن و جیـاوازی نێـوان زمانـەکان و چۆنیەتی تێکـەڵبوون و بەیەکگەیـشتنیان و کاریگـەریان لەسەر یەکتری لەو هێڵانەدا دەستنیـشان دەکـات، ئـەم جـۆرە ئەتڵەسـە زمانیانـە، زۆرتـر لەو وڵاتانەدا باون، کە زیاتر لە زمانێکیـان تێدایـە و بـە وڵاتـانی فرەزمـان ناسـراون، لـە هـەمان کاتـدا بـۆ ئـەو وڵاتانـەش دادەنرێـت، کـە یـەك زمـانی تێدایـە و لەگـەڵ زمانـە هاوسنورەکانی جیادەکرێتەوە. دیـارترین نموونـەی ئـەم جـۆرە ئەتڵەسـە زمانیانـە، ئـەو ئەتڵەسەیە کە بۆ زمانە جیهانییەکان بە ناونیشانی (ئەتڵەسی زمانی جیهان)دانراوە[٢].

---

(١) هەمان ژێدەر.

(2) The world atlas of language stractures :
/uk/catalogue/?Ci=9780199255917=authors. http: //www.oup.com.
هەروەها بنێرە پاشکۆکان: نەخشەی ژمارە ( ١٣)، نەخشەی سنوری نەتەوەیی و زمانی فەرەنسا.

٢- ئەتڵەسی دیالێکت:

لەم جۆرە ئەتڵەسە زمانیانەدا، تەنها گرنگی بە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدرێت، ئەم جۆرە ئەتڵەسە، داتا و دیاردەزمانییەکان لە دیالێکتەکان وەردەگرێت و نەخشەی جوگرافی و سنوری بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکانی یەك زمان دەستنیشان دەکات، لەم جۆرە ئەتڵەسەدا دەکرێت زیاتر ووردبوونەوەی تێدا بکرێت و ئەتڵەسی بەشە دیالێکتەکانیش دابنرێت، واتە ئەتڵەسی تاکە دیالێکتێك، کە سنوری بلاوبوونەوەی بەشەدیالێکتەکانی دەستنیشان دەکات. سەرتای سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمان بە ئەتڵەسی دیالێکت دەستیپێکردووە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەتڵەسە زمانیانەی تاوەکو ئێستا دانراون لەم جۆرەن، وەکو ئەتڵەسەکان زمانی: ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی، ئینگلیزی و...هتد[1].

## ئەتڵەسی زمانی و ئاستەکانی زمان

هەرچەندە سەرەتای دانانی ئەتڵەسی زمان بەمەبەستی گەیشتن و روونکردنەوەی گۆڕانکاریە فونۆلۆجیەکان دەستی پێکردووە، بەڵام ئەتڵەسی لیکسیکی زمانەکان ناوبانگی زیاتریان لەو بوارەدا دەرکردووە و واهاتوتە بەرچاو، کە ئەتڵەسی زمانی تەنها بۆ لیکسیکی زمان و دیالێکتەکان دادەنرێت، کە لە راستیشدا بەو شێوەیە نییە و هەر لەبنەڕەتەوە، ئەتڵەس بۆ سەلماندنی بیروبوچونی گۆڕانکاریە فۆنولۆجیەکان بووە، ئەتڵەسی لیکسیکی تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەتڵەس، یاخود ئەتڵەسی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، دەکرێت ئەتڵەسی زمانی بۆ هەموو ئاستەکانی زمان دابنرێت، لە خوارەوە روونی دەکەینەوە، کە چەند جۆر ئەتڵەسی زمانی هەیە و پەیوەندی ئەو جۆرە ئەتڵەسانە بە ئاستەکانی زمانەوە دەخەینەڕوو:

---

(1) Sprach atlas des Deutschei: Dialectology, Second edition, J.K.Chambers and Peter Trudgill,p:16.

**یەکەم/ ئەتڵەسی فۆنولۆجی زمان و دیالێکتەکان**

دەکرێت ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی بۆ هەموو دیالێکتەکانی زمانێك دابنرێت و هەموو گۆڕانکاریە فۆنۆلۆجیەکانی زمانەکە لە رێگەی ئەتڵەسی زمانییەوە دەستنیشان بکرێت، بەهەمان شێوە ئەتڵەسی زمانی بۆ یاسا فۆنۆلۆجیەکان، لە ناوچە جوگرافییە جیاجاکان و چۆنیەتی کارکردنیان دادەنرێت.

ئەتڵەسی زمانی ئەڵمانی ئامانجەکەی دەستنیشانکردنی جیاوازیە فۆنۆلۆجیەکان بوو، بەڵام ڤینگەر رستەی زمانی ستاندەردی ئەڵمانی لە بەرامبەر رستەی دیالێکتە ناوچییەکان بەکارهێناوبوو و بەراوردی کردبوون و جیاوازیە فۆنۆلۆجیەکانی نێوان دیالێکتە ناوچەییەکانی زمانی ئەڵمانی دەستنیشانکردبوو[1]. جیاوازی فۆنۆلۆجی بلاوترین و فراوانترین جۆرەکانی جیاوازی زمانییە لە نێوان هەرێم و ناوچە جوگرافی و کۆمەڵە زمانییە جیاوازیەکان، یەکەم رووپێوی دیالێکتی فراوان، کە لەلایەن (ڤینکەر)ەوە ئەنجامدراوە، بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدراوە، کە بۆچونی (رێزمانییە نوێیەکان) لە بارەی یاسا فۆنۆلۆجیەکان و ئەو گۆڕانکاریە فۆنۆلۆجیانەی لە زماندا روودەدەن بسەلمێنێت[2]. هەروەها ئەتڵەسی زمانی تایبەت بە فۆنۆلۆجی زمانێك ئەنجامدراوە، وەکو ئەتڵەسی دەنگی زممانی ئینگلییزی ( Atlas of English Sound - AES)، کە تێدا جیاوازی فۆنۆلۆجی دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا دەستنیشانکراوە[3].

لەلایەکی دیکەوە، (ت.م.جۆنستۆن) لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٢ز) لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لە بارەی دیالێکتە رۆژهەڵاتیەکانی زمانی عەرەبی ئەنجامداوە، لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا، لە بارەی جیاوازیە فۆنۆلۆجییەکانی ئەو کۆمەڵە دیالێکتە، ئەتڵەسێکی زمانی داناوە، لە رێگای دانانی هێمای فۆنۆلۆجی لەسەر نەخشەی ئەو

---

(١) الأسس النظرية و المنهجية لأطلس لسان المجتمع العربي، ابراهيم محمد الخطابي.

(٢) الموسوعة اللغوية، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محى الدين حميدى و د.عبداللة سميدان، ص٩٢٦.
(بنێرە، پاشکۆکان، نەخشەی ژمارە(١٤، ١٧)، کە تایبەتە بە یاسا فۆنۆلۆجیەکانی زمانی ئەڵمانی ، هەروەها نەخشەی ژمارە (١٥)، ئەو ناوچانەی زمانی ئینگلیزی کە فۆنیمی /h/ تێدا دەدرکێندرێت).

(٣) هەمان ژێدەر، ل٩٢٧.

ناوچەیەوە، ئەو دیاردەیانە پێشچاو دەخات، هەروەها لە هەمان لێکۆڵینەوەدا، نەخشەیەکی دیکەی گۆڕانی فۆنیمکانی (/ج/ ←/چ/، ←/چ/،←/گ/) لەو کۆمەڵە دیالێکتە ئەنجامداوە[1]. هەڵبەتە مەبەست لە ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی هەموو ئەو دیاردە و یاسا فۆنۆلۆجیانەیە، کە لە زماندا هەیە و لە نێوانیشیان فۆنیمە ناکەرتیەکان.

## دووەم/ ئەتڵەسی مۆرفۆلۆجی زمان و دیالێیتەکان

چۆنیەتی کارکردنی یاسا مۆرفۆلۆجیەکان و رۆڵ و ئەرکی مۆرفیەکانی زمان یاخود دیالێکتەکانی تاکە زمانێک، ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، رووە لێکچوو و جیاوازیەکانیان لە چەند ئەتڵەسێکدا دەستنیشان دەکرێت، بۆ نموونە دەکرێت بۆ زمانی کوردی نەخشەی بەکارهێنانی جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکانی هەموو دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی زمانی کوردی لە رێگای چەند هێمایەکەوە لەسەر نەخشەی نەخشەیەکی یەکگرتوو دابنرێن، ئەم جۆرە ئەتڵسە سوودێکی زۆری بۆ لێکۆڵینەوەکانی زمان دەبێت. بەهەمان شێوە دەکرێت هەموو مۆرفیمەکانی دیکەی وەکو (ئامرازەکانی ناساندن، نەناساندن، کۆکردن، پەیوەندی و .. هتد)، لە رێگای دانانیان لە سەر نەخشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دروستبکرێن، بەمە ئەتڵەسی مورفۆلۆجی زمانی کوردی، یاخود ئەتڵەسی مۆرفۆلۆجی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دروست دەبێت، هەڵبەتە ئەم جۆرە ئەتڵەسە بۆ زۆرێك لە زمانەکانی جیهان دانراوە، بۆ نموونە ئەتڵەسی زمانی فەرەنسی، کە ئامانجی سەرەکی ئەوە بووە جیاوازی نێوان وشە فەرهەنگییەکان و مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی وشەکان دەستنیشان بکات و لەو رێگایەشەوە جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی زمانی فەرەنسی دیاربکات[2]. لە جۆری ئەتڵەسی مۆرفۆلۆجیدا، گرنگی زۆر بە جیاوازی نێوان مۆرفیمەکان (مۆرفیمی

---

(١) دراسات في لهجات شرقي الجزيرة العربية، ت.م.جۆنسون،ص٥٦. ( بنێرِە پاشکۆکان، نەخشەی ژمارە (١٦)، کە تێدا جیاوازی فۆنۆلۆجی دیالێکتەمانی رۆژهەڵاتی زمانی عەرەبی دەستنیشانکراوە).

(2) Dialectology, J.K.Chambers and Peter Trudgill, p:96.
بنێرِە پاشگۆکان، نەخشەی ژمارە (١٨ ،١٩)، کە تێدا بڵاوبوونەوەی چەند مۆرفیمێکی زمانی فەرەنسی بەرجەستەکراوە

مۆرفۆلـوجی و مـۆرفیمی سینتاکسی) لـەڕووی بڵاوبونــەوەیان لـە دەڤــەر و هەرێمــە جیاوازەکـــان دەدرێـــت، بـــۆ نموونـــە لـــە ئەتڵەســـی زمـــانی ئینگلیزیـــدا (Atlas of English Language - AEL)دا گرنگیـەکی زۆر بەبڵاوبونـەوەی جوگرافی مۆرفیمی کۆکردنی (en ,e-n) دراوە، هەروەها لە ئەتڵەسی زمانی ئەڵمانیـدا، گرنگی بە بڵاوبونەوەی جوگرافی مۆرفیمی ناساندن دراوە و چوار شێوەی جیاوازی ئـەو مۆرفیمـە (ئەلۆمۆرفـەکانیان)، لـە ناوچـە جیاوازەکـان دەستنیـشانکراوە، کـە بـریتین لـە (der) بۆ دۆخی بکەری و (den) بۆ دۆخـی بـەرکاری راسـتەوخۆ و(dem) بـۆ دۆخـی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و(des) بـۆ دۆخـی خـستنەسەر، بـەکارهاتووە[1]، هـەموو ئـەم مۆرفیمە جیاوازانە، لەسەر ئەتڵەسی زمـانی ئـەڵمانی دەستنیـشانکراون، بەتایبـەتی ئـەو لێکۆڵینـەوە دیـالێکتولۆجی و ئەتڵەسـە زمانیانـەی کـە لەلایـەن (پـونزر- Ponzer)ەوە ئەنجامدراون، زۆر بە وردی و بەپێی جیاوازی بڵاوبونەوەی جوگرافی دیالێکتەکان، ئـەم دیاردە مۆرفۆلۆجیانەی دەستنیشانکردووە[2]. شایەنی ئاماژەکردنە، کە دانـانی ئەتلەسـی مۆرفۆلۆجی کەمتر لە ئەتلەسی فۆنۆلۆجی گرنگی پێدراوە.

## سێیەم/ ئەتڵەسی سینتاکسی زمان و دیالێکتەکان

هەروەك چۆن دەتوانرێت ئەتڵەسـی فۆنۆلـۆجی و مۆرفۆلـوجی زمـان و دیالێکتـەکان دابنرێت، دەکرێت ئەتڵەسی سینتاکسی زمان و دیالێکتـەکان دابنـرێـت، ئـەویش لـەڕێگای دانانی مۆرفیە سینتاسیەکان و یاسا سینتاکسیەکان بـە شێوەی هێما لەسـەر نەخـشەی ئەو زمانەی ئەتڵەسی سینتاکسی بۆ دادەنرێت، ئەتڵەس و نەخـشەی زمـانی تایبـەت بـە دیـــاردە سینتاکـــسیەکان ئەنجامـــدراوە و تێـــدا یاســـا و ســیـــستەمە سینتاکـــسیەکانی دیالێکتەکانی زمان لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاندا دیاریکراوە، بۆنموونە لە ئەتڵەسـی زمـانی ئینگلیـزی بـەریتانیادا (Atlas of English Language - AEL)، چۆنییەتی بڵاوبونەوەی بەرکاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رستەدا لـە دیالێکتـەکانی

---

(١) الموسوعة اللغوية، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محي الدين حميدي و د.عبدالله سميدان، ص٩٣٣.
(٢) هەمان ژێدەر، ل٩٣٤.

زمـــانی ئینگلیزیـــدادانراوه[1]. دەکرێــت مۆرفیمـــە سینتاکـــسیەکانی کـــاتی (رابـــردوو و رانـەبردوو - داهـاتوو و رێـژەکانیان)، مـۆرفیمی بکـەر نادیـاری، مـۆرفیمی تێپەڕانـدن، مۆرفیمەکانی رەگەزی نێر و مێ داخوازی و ...هتد) لە مۆرفیمە سینتاکسیەکانی زمانی کوردی لـە چـەند نەخـشەیەکدا و دواتـریش هـەموویان لـە یـەك ئەتڵەسـی یـەکگرتوودا کۆبکرێنەوە و دابنرێن.

## چوارەم/ ئەتڵەسی سیمانتیکی زمان و دیالێکتەکان

ئەم جۆرە ئەتڵەسە زمانیانـە لـە هـەموو جۆرەکـانی دیکـە زیـاتر ناسـراون و بـلاّون، زۆربەی ئەو ئەتڵەسە زمانیانەی تاوەکو ئێستا ئەنجامدراون، ئەتڵەسـی سـیمانتیکین، کـە گۆڕانکارییە واتاییەکان لە ڕێگای هێماکانەوە لە سـەر نەخـشە دادەنـرێن. نموونـەی ئـەم جۆرە ئەتڵەسانە زۆرن، وەکو ئەو ئەتڵەسەی زمانی فەرەنسی، کـە بـۆ واتاکـانی (ئەسـپ، سەگ، پشیلەو ..هتد) دانراوە، یان ئەو ئەتلەسەی بۆ بڵاوبوونەوەی وشەکانی (ژن، کـچ) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەریتانیا دانراوە[2].

لـە بـواری ئەتڵەسـی سـیمانتیکدا، بـە شـێوەیەکی فـراوان گرنگـی بـە لایـەنی کێڵگـە واتاییەکان و وشە (هاواتاکان و دژواتاکان و پۆلواتاکان و...هتـد) دراوە، جیـاوازی واتـایی نێـوان وشـە فەرهەنگیـەکانی دیالێکـت و زمانـەکان، وەکـو جیـاوازی فۆنۆلـۆجی فـراوان بـلاّوە، ئەتڵەسـی زمـانی لـەم جـۆرە بـۆ زمانـەکانی: ئـەڵمانی لـە لایـەن (فیبرتـشوسەر- Fiebertshauser) و رۆژهـەلاّتی ئـەمریکای بـاکور لـە لایـەن (کـوارس - Kurath) و زمانی ئەسکوتلەندی و ئینگلیزی لەلایەن هەریەك لە توماس و ویلز ئەنجامدراوە[3].

---

(١) هەمان ژێدەر، ل٩٣٤.

(بنێرِە پاشگۆکان: نەخشەی ژمارە (٢٠)، کەتێدا بلاّوبوونەوەی بەرکاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزی بەریتانیادا دەستنیشانکراوە).

(٢) مقدمات زبان شناسی، رابرت لارنس ترسك، ترجمة فريار اخلاقی، ص١١٣.

(٣) الموسوعة اللغوية، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محى الدين حميدى و د.عبداللة سميدان ص٩٣٦.

جیاوازی نێوان هەرێم و ناوچە جیاوازەکان لە ئاستی سیمانتیکیدا لە هەموو ئاستەکانی دیکەی زمان زیاترە، چونکە کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکان، دەتوانن بە ئاسانی وشەیەکی نوێ بەکاربێنن و یاخود لە زمانێکی دیکەوە وەربگرن و گۆرانکاری تێدا ئەنجام بدەن، ئەمەش بەو هۆیەیە، کە سیستەمی سیمانتیکی زمان، سیستەمێکی داخراونییە وەکو سیستەمەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و دەکرێت ئەو جیاوازیانە لە نێوان دیالێکتەکان هەبێت، بەبێ ئەوەی کاریگەی لەسەر سیستەمی گشتی زمانەکە هەبێت[1].

(١) ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە بەشی پڕاکتیکیدا (بەشی سێیەم) ئەتلەسی کێڵگەی واتای خزمایەتیمان وەکو نموونە بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا ئەنجامداوە. (بنێرە پاشکۆکان: نەخشەی ژمارە (٢١)، کەتێدا بڵاوبوونەوەی وشەکانی تایبەت بە (ژن وکچ) لە زمانی ئینگلیز بەریتانیدا بە دیارخراوە ، هەروەها نەخشەی ژمارە (٢٢)، کە تێدا وشە هاواتاکانی وشەی (dragonfiy) لە رۆژهەڵاتی ئەمریکا بەدیاردەخات).

# بەشی سێیەم
# کێڵگە واتاییەکان و جوگرافیایی هەرێمی کوردستان

## تەوەری یەکەم
## پێناسە و جۆر و ئەدگارەکانی کێڵگەی واتایی و کێڵگەی خزمایەتی

### کێڵگەی واتایی

تیۆری کێڵگەی واتایی لەسەر بنەمای بۆچوونی چەمکە گشتیەکان، کە لە نێوان وشەکانی (لێکسیکی) زماندا هەن، دامەزراوە، ئەو چەمکە گشتیانە، بە شێوەیەکی رێکخراو و بە پێی زانیاریەکانی مرۆڤ و تایبەت بە واتایەکی دیاریکراو بەستراونەتەوە، کە لە چوارچێوەی یەك چەمك و واتادا کۆدەکرێنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە زمان لە هەموو ئاستەکاندا سیستەمێکی رێکخراوە و بەهای هەر یەکەیەك لە یەکەکانی زمان و چەمکە گشتیەکانی بەهۆی سروشت و فۆرمەکانیانەوە بە سیستەمە گشتیەکەی زمانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەهۆی پەیوەندیەکەیەتی لەنێو سیستەمەکەدا. ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر کۆمەڵێك لە وشەکانی زمان پەیوەندی واتایی پتەویان لە نێواندا هەیە و بەیەکەوە لە چوارچێوەی چەمکێکی گشتیدا کۆدەبنەوە.

### پێناسەی کێڵگەی واتایی

زمانەوانان وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکەی زمانەوانی، پێناسەی جیاوازیان بۆ کێڵگەی واتایی کردووە، لە خوارەوە سادەترین پێناسەی کێڵگەی واتایی دەخەینەڕوو، بەوەی کێڵگەی واتایی بریتییە لە: کۆمەڵێك وشەی لێکنیزیك، کە ڕەگەز و سیمای هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە و لە واتادا هاوبەشن، وشەکان لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتری واتاکانیان روونتر دەبێت[1].

---

(١) اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، د. أحمد عزوز، ص١٣.

## پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کێڵگە واتاییەکان

زمانەوانان چەند پێوەرێکیان بۆ جیاکردنەوەی کێڵگە واتاییەکان داناوە، گرنگترینیان ئەمانەن[1]:

١- پێوەری گشتی و تایبەتی: بەپێی ئەم پێوەرە، واتایەکی گشتی چەند واتایەکی تایبەتی لە خۆدەگرێت.

٢- پێوەری گشت و بەش: بەپێی ئەم پێوەرە، چەمکێکی واتایی گشتی واتای بەشەکانیش لەخۆدەگرێت.

٣- پێوەری رێککەوتن: بەپێی ئەم پێوەرە، واتایەکی گشتی واتای تاك وشەکان کۆدەکاتەوە و بەیەکەوە کێڵگەیەکی واتایی پێکدێنن.

٤- پێوەری هاواتایی: بەپێی ئەم پێوەرە، وشەکان بە جیاوازی فۆرمەکانیان یەك واتایەکی گشتی دەبەخشن.

٥- پێوەری دژواتایی: بەپێی ئەم پێوەرە، وشەکان لە پەیوەندیە هاودژەکانیان لە یەك واتادا کۆدەبنەوە.

## جۆرەکانی کێڵگەی واتایی

لێکۆڵینەوەکانی سیمانتیکی نوێی، گرنگیەکی زۆریان بە بواری کێڵگە واتاییەکان داوە و بە وردی ئەدگار و جۆری کێڵگە واتاییەکانیان دەستنیشانکردووە، لەم بارەیەوە (ئۆلمەن - Ullman) سێ جۆر کێڵگەی واتایی دەستنیشان دەکات[2]:

١- کێڵگەی واتایی بەیەکبەستراو: ئەم جۆرە کێڵگە واتاییانە یەکەکانی پێکهاتەیەکی بەیەکەوە بەستراویان هەیە. وەکو کێڵگەی رەنگەکان.

٢- کێڵگەی واتایی سەربەخۆ: یەکەکانی ئەم جۆرە کێڵگە واتاییانە سەربەخۆیی خۆیان هەیە، وەکو کێڵگەی خزمایەتی.

٣- کێڵگەکانی واتا هۆشەکیەکان: یەکەکانی ئەم جۆرە کێڵگانە لەرووی چەمکەوە کۆدەکرێنەوە، وەکو بیر هزر و هەست و ئەندێشەکانی مرۆڤ.

---

(١) علم الدلالة (اصوله و مباحثه في التراث العربي)،منقور عبدالجليل، ص٢٠٢.
(٢) هەمان ژێدەر، ل١٩٢.

**پێناسەی کێڵگەی خزمایەتی:** زاراوەی (خزمایەتی- Kinship terms) بەم شێوەیە پێناسەکراوە: بریتییە لە کۆمەڵە زاراوەیەکی واتادار، کە لە زماندا بۆ دەربڕین لە پەیوەندیە کەسیەکانی نێو خێزان بەکاردێن[١].

## ئەدگارەکانی کێڵگەی واتایی خزمایەتی

کێڵگەی واتایی خزمایەتی چەند ئەدگارێکی تایبەتی هەیە، کە ئەمانەن[٢]:

١- زایەندە: رەگەزی نێر و مێ نیشاندەدات، وەکو ئەوەی وشەی خوشك زایەندەکەی مێیە و برا زایەندەکەی نێرە.

٢- نەوە: لە بواری کێڵگەی واتایی خزمایەتیدا، پێنج نەوە دەستنیشانکراوە[٣]:

- نەوەی یەکەم: باپیر و داپیر.
- نەوەی دووەم: باوك و دایك (خاڵ و مام).
- نەوەی سێیەم: خوشك و برا و ئامۆزا و خاڵۆزا.
- نەوەی چوارەم: برازا و خوشکەزا.
- نەوەی پێنجەم: نەوە و نەوەزا.

٣- پلەی خزمایەتی: زمانەوانان دوو جۆر پلەی خزمایەتیان دەستنیشانکردووە:

- خزمایەتی راستەوخۆ- Linea lkin و (بە خزمایەتی خوێن و نیزیك و پشت)یش ناودەبرێت: ئەم جۆرە خزمایەتییە، لە نێوان نەوەکاندا بە هێڵێکی ستونی بەشێوەی (هەرەمی) دێتەخوارەوە، بەم پێیە، باپیر باوك، کوڕ و نەوەکان لە جۆری خزمایەتی راستەوخۆن، چونکە پەیوەندی خوێن لە نێوانیاندا هەیە.

- خزمایەتی ناڕاستەوخۆ Collateral kin و (بە خزمایەتی دوور)یش ناودەبرێت: ئەم جۆرە خزمایەتییە لە نێوان نەوەکاندا هێڵێکی ئاسۆیی پێکهێناوە و لە چاو خزمایەتی راستەوخۆ پەیوەندیەکی خزمایەتی دوورترە.

---

(1 )- Adictionary of Languistics and phonetics, 3rd ed, Bas.I , Blackwell, 1992,P: 191.

(2) - Semantics,Palmer.F.R,2nd ed, Cambridge university Press, Cambradge, 1981, P:109.

(٣) دوو زاراوەی دیکەش هەن، کە بۆ پەیوەندیە خزمایەتیەکان بەکاردێن، کە بریتین لە: (Ego)، ئەو کەسەیە، کە خزمایەتیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و (Alter )، ئەو کەسەیە، کە بەرامبەر (Ego)یە.

## تەوەری دووەم

## شوێنگەی سروشتی و فەلەکی هەرێم کوردستان و ژمارە و چڕی دانیشتوانی

### شوێنگە سروشتی هەرێمی کوردسانی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێـراق، دەکەوێتـە باشـوری رۆژئـاوای کیـشوەری ئاسـیا و بـاکور و باکوری رۆژهەلأتی کۆماری عێراق[١]، لەچاو بەشەکانی دیکەی کوردسـتانیش (باشـوری کوردستان لە ناوەڕاستی کورستان هەلکەوتووە، کە وابێ ناونـانی بـە باشـوری کوردسـتان لـە بـەر ئـەوەی نەکەوتۆتـە ئـەو لایـەوە، لەگـەڵ پراکتیکـدا یـەك ناگرێتـەوە[٢])، بۆیـە هەرێمی کورستان، ئەگەر چی ناوی باشـوری کورستانیـشی لێینـراوە، بـەلأم ئـەم ناونانـە گونجـاو نییــە و بەشـێکی بـاکور و بەشـێکی رۆژئـاوا و بەشـێکی ناوەڕاسـت و بەشـێکی باشـوریش لـە خـۆ دەگرێـت، لـە رووی زمانیـشەوە هـەرێمی کورسـتانی عێـراق بەشـە دیالێکتــەکانی گروپــەکانی بــاکور و ناوەڕەراســت و باشــوری زمــانی کــودری لــە خۆدەگرێت[٣].

(١) الموقع الجغرافي لأقليم كوردستان العـــراق، سفين جلال فتـــح الله، دەقی لێکــۆڵینەوەکە لەم ماڵپەڕەدا بلاوکراوەتەوە:
http://www.arabgeographers.com/vb/showthread.php?p=24033

(٢) جوگرافیایی هەرێمی کورستان، د. عەبدوڵلا غەفور، لەژێر چاپدایە.

(٣) لە پێشەکیدا و لە خاڵی سنوری جوگرافی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەپێی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوە، سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستانمان دەستنیشانکردووە.

## شوێنگەی فەلەکی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستانی عێراق، دەکەوێتە نێوان ئەم هێڵانەی خوارەوە[1]:

هێڵی پانی باکور: ٣٧ $^{o}$ - ٢٢ $^{o}$ و ٣٢ $^{o}$ - ٣٨ $^{o}$ .

هێڵی درێژی رۆژهەڵات: ٤٦ $^{o}$ — ٢٢ $^{o}$ و $^{o}$ ٤١ —٤٦ $^{o}$.

## ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

بەپێی دوایین سەرژمێری رەسمی، کە لە ساڵی (١٩٨٧ز) لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدراوە، تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بریتی بووە، لە (٤,٣٦٠,٠٠٠) چوار مەلیۆن و سێ سەد و شێست هەزار کەس. لە کاتێکدا، بەپێی یەکەم سەرژمێری رەسمی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢٧ز) ئەنجامدراوە، تێکڕای دانیشتوانی هەرێمی کودستان (پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوك و نەینەوا و ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە پارێزگاکانی دیالە و واست[2]) تەنها (٨,١٤,٠٠٠) هەشت سەد و چواردە هەزار کەس بووە، ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات، کە رێژەی زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ئەم دوو سەرژمێریەدا (٦٠ ساڵدا)، ساڵانە ٢,٩ بووە[3].

هەروەها بەپێی چەند خەملاندنێکی شارەزایانی بواری جوگرافیایی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کودرستان بەم شێوانەی خوارەوە خەملێیندراوە:

- ساڵی ١٩٩٠ز ، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٤,٧٨٥,٠٠٠) چوار مەلیۆن و حەفت سەد و هەشتا و پێنج هەزار کەس بووە.
- ساڵی١٩٩٥ز، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥,٥٢٩,٠٠٠) پێنج مەلیۆن و پێنج سەد و بیست و نۆ هەزار کەس بووە.
- ساڵی ٢٠٠٠ز، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٦,٣٩٠,٠٠٠) شەش مەلیۆن و سێ سەد و نەوەت هەزار کەس بووە.

---

(١) جوگرافیایی هەرێمی کورستان، د. عەبدوڵلا غەفور، لەژێر چاپدایە.
(٢) لەو سەردەمەدا پارێزگای دهۆك قەزایەك بووە سەر بە پارێزگای نەینەوا.
(٣) جوگرافیایی کوردستان، د. عەبدوڵلا غەفور، ل١٥٦-١٥٧.

## چڕی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

ئێستا هیچ سەرژمێری و ئامارێکی رەسمی و ناڕەسمیش لەبەردەستدا نییە، کە تێیدا چڕی بڵاوبوونەوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەدیاربخات، بۆیە پەنامان بۆ سەرژمێری و ئامارە کۆنەکان بردووە و نوێترینیشیان ئاماری ساڵی (١٩٨٥ز)، کە تێیدا خەملێیندراوە چڕی گشتی دانیشتوان لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەم ساڵەدا، لە هەر کیلۆمەترێکی چوار گۆشەدا (٤٥) چل و پێنج کەس بووە، ئەم ژمارەیە لە چاو چڕی دانیشتوانی وڵاتانی دەوروبەر جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە لە هەمان ساڵدا لە چاو چڕی دانیشتوانی تورکیا و سوریا کەمتربوو، لە تورکیا (٦٠) کەس بووە لە هەر کلیۆمەترێکی چوار گۆشەدا و لە سوریا (٥٠)کەس بووە، بەڵام لە چاو چڕی دانیشتوانی ئێران و عێراق زێدەتربووە، لە ئێران (٣٠) کەس لە هەر کلیۆمەترێکی چوار گۆشە و لە عێراقیش (٣٦) کەس بووە[1].

(١) هەمان ژێدەر، ل ٢٢٠.

# تەوەری سێیەم
# نەخشەکانی ئەتڵەسی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق




**نەخشەی ژمارە (٢)، دابەشبوونی زاراوەی باپیر**




**نەخشەی ژمارە (٣)، دابەشبوونی زاراوەی داپیر**




**نەخشەی ژمارە (٤)، دابەشبوونی زاراوەی باوك**




**نەخشەی ژمارە (٥)، دابەشبوونی زاراوەی دایک**




**نەخشەی ژمارە (٦)، دابەشبوونی زاراوەی مێرد**




**نەخشەی ژمارە (٧)، دابەشبوونی زاراوەی ژن**




نەخشەی ژمارە (٨)، دابەشبوونی زاراوەی کوڕ




**نەخشەی ژمارە ( ٩)، دابەشبوونی زاراوەی کچ**




**نەخشەی ژمارە (١٠ )، دابەشبوونی زاراوەی خوشک**




**نەخشەی ژمارە (١١)، دابەشبوونی زاراوەی برا**




**نەخشەی ژمارە ( ١٢)، دابەشبوونی زاراوەی مام**




**نەخشەی ژمارە (١٣)، دابەشبوونی زاراوەی خاڵ**




**نەخشەی ژمارە (١٤ )، دابەشبوونی زاراوەكانی:  مەت، پلك، پور (خوشكی باوك).**




**نەخشەی ژمارە (١٥ )، دابەشبوونی زاراوەکانی: خالەت،پلك ، پور (خوشكی  دایك).**




**نەخشەی ژمارە ( ١٦ )، دابەشبوونی زاراوەی  زاوا**




**نەخشەی ژمارە ( ١٧)، دابەشبوونی زاراوەی بووك**




**نەخشەی ژمارە (١٨ )، دابەشبوونی زاراوەی خەزوور**




**نەخشەی ژمارە (١٩)، دابەشبوونی زاراوەی خەسوو**




**نەخشەی ژمارە ( ٢٠)، دابەشبوونی زاراوەی (دش)**




**نەخشەی ژمارە (٢١ )، دابەشبوونی زاراوەی (تی)**




**نەخشەی ژمارە (٢٢ )، دابەشبوونی زاراوەی کوڕە خەزوور**




**نەخشەی ژمارە ( ٢٣ )، دابەشبوونی زاراوەی نەوە**




نەخشەی ژمارە (٢٤)، دابەشبوونی زاراوەی ئامۆزا




**نەخشەی ژمارە (٢٥ )، دابەشبوونی زاراوەی هەوێ**




نەخشەی ژمارە (٢٦ )، دابەشبوونی زاراوەی  وڵداشزاوا




**نەخشەی ژمارە (٢٧)، دابەشبوونی زاراوەی کوڕی پلک**




**نەخشەی ژمارە (٢٨)، دابەشبوونی زاراوەی کچە پلک**




**نەخشەی ژمارە ( ٢٩)، دابەشبوونی زاراوەی کوڕخاڵ**




نەخشەی ژمارە (٣٠)، دابەشبوونی زاراوەی کچ خاڵ




**نەخشەی ژمارە (٣١)، دابەشبوونی زاروەی برازا**




**نەخشەی ژمارە (٣٢ )، دابەشبوونی زاراوەی خوشکەزا**




**نەخشەی ژمارە (٣٣)، دابەشبوونی زاراوەی زڕدایک**




**نەخشەی ژمارە (٣٤)، دابەشبوونی زاراوەی زڕباوك**




نەخشەی ژمارە (٣٥)، دابەشبوونی زاراوەی زڕپرا




**نەخشەی ژمارە ( ٣٦)، دابەشبوونی زاراوەی  زڕخوشک**




نەخشەی ژمارە ( ٣٧)، دابەشبوونی زاراوەی زڕكوڕ




**نەخشەی ژمارە ( ٣٨)، دابەشبوونی زاراوەی  زڕکچ**




**نەخشەی ژمارە ( ٣٩)، دابەشبوونی زاراوەی  براژن**




**نەخشەی ژمارە (٤٠)، دابەشبوونی زراوەی مامۆژن**




نەخشەی ژمارە (٤١)، دابەشبوونی زاراوەی خاڵۆژن




**نەخشەی ژمارە ( ٤٢)، دابەشبوونی زاراوەی  شوبرا**




**نەخشەی ژمارە (٤٣ )، دابەشبوونی زاراوەی مێردی پلک**




**نەخشەی ژمارە (٤٤)، دابەشبوونی زاراوەی نەوە زا**



**نەخشەی ژمارە (٤٥ )، دابەشبوونی هەموو زاراوەکانی کێڵگەی خزمایەتی(١)**

(١) نەخشەی بەکارهێنراو لەلایەن ناوەندی زانیاریە مرۆییەهاوبەشەکان (JHIC) ەوە دروستکراوە، کە ئێستا ناوەندەکە بەشێکە لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوی سەنتەری نەخشەسازی و زانیاری هەرێم.

# ئەنجامەكان

١- خودی زمان هۆكارێكی سەرەكی پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێكتی زمانەكانە، سەرەتای پەیدابوونەكەش لە ئاستی بەكارهێناندا دەستپێدەكات، بە هۆی ئەو گۆڕانكاری و گەشەكردنانەی زمان لە ئاستی ئاخاوتندا. هۆكارەكانی: جوگرافی، سیاسی، ئابوری، كەلتۆری، رۆشنبیری و...هتد، بەپلەی دووەم و هۆكاری لاوەكی پەیدابوون و سەرهەڵدانی دیالێكت لە زماندا دادەنرێن.

٢- جیاوازی نێوان دیالێكتەكانی زمان لە ئاستی ئاخاوتندایە نەك لە سیستەمی زماندا، چونكە ئەگەر جیاوازیەكان بگەنە ئاستی سیستەم و یاساكانی زمان، ئەوە جیاوازی نێوان دوو زمانە، نەك دیالێكتەكانی یەك زمان.

٣- زمانەوانی جوگرافی و دیالێكتۆلۆجیا دوو بورای زمانەوانین، بەڵام هەردووكیان یەك بوار و ئامانجیان نییە، یەكەمیان بوار و ئامانجەكەی فراوانترە و لێكۆڵینەوەی زمان لەڕووی جوگرافیەوە و لە هەموو ئاستەكانی زماندا دەكات، نەوەك تەنها لێكۆڵینەوەی دیالێكتەكان، بەڵكو لێكۆڵینەوەی چەند زمانێك لە رووی جوگرافیەوە دەكات، نوێترین ئامرازەكانیشی ئەتڵەسی زمانییە (وەكو جۆری ئەتڵەسی زمانی: زمان)، بەڵام دیالێكتۆلۆجیا بوارەكەی تەنها لێكۆلینەوەی دیالێكتی زمانەكانە، ئەوەی هەردوو بوارەكەی لێكنزیك كردۆتەوە، ئەوەیە كە هەردووكیان سوود لە لایەنی جوگرافی وەردەگرن.

٤- زمانەوانی جوگرافی و جوگرافیایی زمان، دوو زاراوەی هاوواتانین، بەڵكو یەكەمیان بوارەكەی زمانەوانییە و لێكۆڵینەوەی زمان لەڕووی جوگرافیەوە، لە هەموو ئاستەكانی زماندا دەكات و ئامانجەكەشی زمانەوانییە، بەڵام جوگرافیایی زمان، بوارەكەی زمانەوانی نییە و لەڕووی جوگرافیایی دانیشتوانەوە، لە لایەنەكانی زمان دەكۆڵیتەوە، وەكو ئەوەی ژمارەی بەكارهێنەرانی زمان و ژمارەی بەكارهێنەرانی

یەك زمانی و دوو زمانی و سێ زمانی و ژمارەی خوێندەوار و نە خوێندەوارانی و...هتد، دیاری دەكات و كاریگەری ئەم لایەنانە لەسەر پرۆسەكانی پەروەردە و فێركردن و گۆڕانكاریە جڤاكی و ئابوری و سیاسیەكان و چەندین بواری دیكە دەستنیشان دەكات، كە هیچ كام لەمانەش ئامانجی زمانەوانی نین.

٥- ئەتلەسی زمانی، ئەگەر بەردەوام نوێبكرێتەوە و جیاوازی و گۆڕانكاریەكان بە بەردەوامی تۆماربكرێن، دەبێتە سەرچاوەیەكی باش و گرنگ بۆ زمانەوانان و داتای زمانی زۆر و لە هەموو ئاستەكاندا لە بەردستی زمانەوانان دادەنێت.

٦- بەردەوامی بلاّوبونەوەی دیالێكتەكان بە پێی سنورە جوگرافی و سروشتی و سیاسی و كارگێڕیەكان نییە، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی دیاردە و كەرەستە زمانییەكان، لە كاتی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی مەیدانی و دەستنیشانكردنی سنوری بلاّوبوونەوەیان، رەچاوی لایەنەكانی جوگرافی و سیاسی و جڤاكی و كەلتوری دەكرێت، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە ئەم رەچاوكردنە ئەو لایەنانە دەكاتە پێوەری سەرەكی دەستنیشانكردنی سنوری بلاّوبونەوەی دیالێكتەكان و جیاوازی نێوانیان و هۆكاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردە زمانیانە، بەڵكو پێوەری سەرەكی و بنەڕەتی، ئەو داتا زمانیانەن كە لە كاتی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكان وەكو نمونە وەردەگیرێن.

٧- هەردوو كۆمەڵەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی كە بە (لوڕی و گۆرانی) ناسراون، لەگەڵ ئەوەی بەشەكانیان لە هەندێك لایەنەوە جیاوازیان لە نێواندا هەیە، بەلاّم هەردوو كۆمەڵەكە و بە هەموو بەشەكانیانەوە، یەك گروپی دیالێكتی كوردی پێكدێنن، ئەو جیاوازیەی لە نێوان بەشەكانیان هەیە، هەروەكو ئەو جیاوازیانەیە كە لە نێوان بەشەدیالێكتەكانی گروپەكانی دیكەی زمانی كوردی (باكور و ناوەڕاست)هەیە، بۆیە ناونانی هەردووكیان بە (گروپی دیالێكتی باشور) راسترە لەوەی بە دوو دیالێكتی جیاواز ناوبنرێن و بەپێی ئەو داتایانەی لەم لێكۆلینەوەیەدا بەكارهێنراون، ئەم راستیە سەلمێنراوە و هاوبەشی زۆر لە زاراوەكانی كێلگەی خزمایەتی نێوان یەكە كارگێڕیەكانی (هەڵەبجە – یەكەی كارگێڕی بیارە – و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان و قەرەقۆش – ناوچە شەبەكنشینەكان- و گۆرانەكانی دەشتی ناوكوڕ لە قەزای شێخان)هەیە. و جیاوازیەكانی نێوان ئەم

دەڤەر و یەکە کارگێڕیانە، لەو جیاوازیانە زێدەتر نین، کە لە نێوان دەڤەر و یەکە کاگێڕیەکانی سەر بە دیالێکتەکانی (باکور و ناوەڕاست) هەیە.

٨- زۆربەی ئەو زاراوانەی بە وشەیەك دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن، لە دەڤەر و یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی کوردستان (جگەلە یەکە کارگێڕیەکانی مەندەلی و بەدرە و جەسان)، وەکویەکن یان گۆڕانکاریەکی فۆنۆلۆجی کەمیان لە نێواندا هەیە، وەکو زاراوەکانی: (**باپیر، دایك، باوك، مێرد، ژن، کوڕ، کچ، خوشك، مام، خاڵ، زاوا، بووك، خەسوو، خەزوور، دش، نەوە، برازا و خوشکەزا**)، بە پێچەوانەشەوە، ئەو زاراوانەی بە فرێز و دەستەواژە دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن، جیاوازی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئەمەش بەو هۆیەوەیە، کە ئەو فرێز و دەستەواژانە لەچاو زاراوەکانی یەك وشە، لێکدراو و دروستکراون و **لە ئاستی ئاخافتندا دەکەونە ژێر کاریگەری بەکارهێنەرانی زمان و جیاوازی لە نێوانیان دەبێت، و ئەو جیاوازیانەن کە دەبنە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی دیالێکتی ناوچەیی** و هەموو جیاوازیەکانیش لە ئاستی ئاخاوتندا دەبن نەك لە سیستەم و یاساکانی زمان.

٩- دەڤەر و یەکە کارگێڕیەکانی: (مەندەلی و بەدرە و جەسان)، کە دەکەونە ئەوپەری باشوری هەرێمی کوردستان، لە زۆبەی زاراوەکانی خزمایەتی جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ زۆربەی دەڤەرەکانی باکور و باکوری رۆژهەلات و رۆژئاوای هەرێمی کوردستان هەیە، بە تایبەتی لە زاراوەکانی: (پەپە=باپیر، پیاگ=مێرد، دوێت= کچ، تاتگ= مام، وێوە- دەوات= بووك، زڕ"کوڕ، کچ، خوشك، دایك، باوك"=گورد، ئامۆزا= تاتگزا و...هتد).

١٠- دەڤەر و یەکە کارگێڕیەکانی: ( مەندەلی و بەدرە و جەسان)، هاوبەشی لەگەڵ دەڤەرەکانی باشور و باشوری رۆژهەلات و باشوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان هەیە، بە تایبەتیش لە زاراوەکانی:( ژەن، دوێت –کناچی، هالۆ ، لاڵۆ، تاتە، تاتگ، زاما، زەما، دۆما، میمگ، میمك، شویبرا، شورا، هاوزاوا، هامزەما، هاوزاما،خوێشك، واله، والێ، هاوەویو، هاوەوی، هان وەوی و...هتد)، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنیت،

که ناوچەکانی باشور هەرێمی کوردستان، هاوبەشی زمانی زۆریان لە نێواندا هەیە، بۆیە دەکرێت هەموویان بەیەك کۆمەڵەی دیالێکت دابنرێن.

١١- لەو دەڤەر و یەکە کارگێڕیانەی کە بەشێکن لە گروپی دیالێکتی کوردی باکور، لە کۆی ئەو (٤٥) چل و پێنج زاراوەیەی کێڵگەی خزمایەتی، کە وەك داتای ئەم لێکۆلینەوەیە وەرگیراون، (٣٠) سی زاراوەیان بە یەك وشە دەربڕین لە پەیوەندیە خزمایەتیەکان دەکەن، بەڵام ئەو دەڤەر و یەکە کارگێڕیانەی، بەشێکن لە گروپی دیالێکتی ناوەڕاست، لە کۆی (٤٥) زاراوەکە، (٢٤) یان بە یەك وشە دەربڕین لە پەیوەندیە خزمایەتیەکە دەکەن، لە دەڤەر و یەکە کارگێڕیەکانی سەر بە گروپی دیالێکتی باشوریش (٣٠) زاراوەیان بە یەك وشە دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن و زاراوەکانی دیکەش بە فرێز و دەستەواژە دەربڕین لە پەیوەندییە خزمایەتیەکان دەکەن.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بە زمانی کوردی**


١- ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، د. قیس کاکل تۆفیق، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، کوردستان،٢٠٠٦.

٢- بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی ، تەوفیق وەهبی، وەرگێڕانی تاهیر فەیزی زادە ، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

٣- پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق، ئامادەکردنی لیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق لە ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان – عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

٤- جوگرافیایی کوردستان، د. عەبدوللا غەفور، چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٨.

٥- جوگرافیایی هەرێمی کورستان، د. عەبدوللا غەفور، لەژێر چاپدایە.

٦- رێزمانا کوردی کرمانجیا ژێری و ژووری یا هەڤبەرکری، صادق بهاالدین ئامێدی، چاپا یەکێ، دار افاق عربیة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٧ .

٧- زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوورد دا، محەمەد ئەمین هەورامی، بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی زمانەوانی (٣)، بەغداد، ١٩٨١.

٨- زمانەوانی، د. محمد معرف فتاح، بلاوکراوەکانی زانکوی سەلاحەدین – هەولێر، مطبعة دار الحکمة، ١٩٩٠.

٩- زمانی کوردان چەند لێکۆلینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، (پ. د. فریدرەش موولێر ، پ.د. ئەلبیرت سۆسین ، پ.د. هۆگۆ مەکاس) ، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە د. حمید عزیز، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- زمـانی کـوردی دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالێکتـەکانی، فوئـاد حەمـە خورشـید، وەرگێڕانی عوسمان علی قادر، چاپخانەی ئافاق عەربیە، بەغدا، ١٩٨٥ .
١١- زمـانی کـوردی لـە تـەرازوی بـەراوردا، مەحمـەد ئـەمین هـەورامانی، بڵاوکراوەکـانی دەزگای بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١.
١٢- زمانی نەتەوایەتی کورد، د. کامیل حسن البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغداد، ١٤٠٤ ك – ١٩٨٤ز.
١٣- سەرەنجێ لە زمانی ئەدەبی کوردی، د. عزالدین مستەفا رەسول ، چـاپخانەی سـلمان، (الاعظمیة) بەغداد، ١٩٧١.
١٤- چەند ئاسـویەکی تـری زمانـەوانی، پروفـسیۆر وریـا عومـەر ئـەمین، بـەرگی یەکـەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ .
١٥- چـەند بابـەتێکی زمـان و ڕێزمـانی کـوردی، د.رفیـق شـوانی، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١ .
١٦- چـەند لێکۆڵینـەوەیـەکی فیلۆلـۆجی دەربـارەی زمـانی کـوردی (دیـالێکتی سـلێمانی)، ئەلکساندەر خۆدزکـۆ، وەرگێڕانـی لـە فەرەنـسیەوە نـەجاتی عەبـدوڵلا، چـاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٧- چی لـەبارەی زمـانی کوردیـەوە نوسـراوە، د. ئـەوڕحمانی حـاجی مـارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤.
١٨- فەرهـەنگی ئێریـەن ڤـاچ، محمـدامین هـەورامی، ئەمینداریـەتی ڕۆشـنبیری و لاوانـی ناوچەی کوردستان یارمەتی لەچاپدانی داوە،بەغدا، ١٩٨٦.
١٩- فەرهەنگی لەك و لوڕ، حەمیدی ئێزد پەنا، لێـدوان و بـەروارکردنی محمـود زامـدار، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.
٢٠- هەنـدێك لایـەنی ڕێزمـانی زاراوەی فـەیلی، تـارا عبداللـە سـعید، نامـەی دکتـورا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

٢١- أسس علم اللغة، ماريوپاى، ترجمة وتعليق د. احمد مختار عمر، عالم الكتب، القاهرة، الطبعة الثامنة، ١٩٩٨.

٢٢- اتجاهات البحث اللسانى، ميلكا افتيش، ترجمة سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الاعلى للثقافة والفنون (المشروع القومى للترجمة)، الهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية، كويت، ١٩٩٦.

٢٣- اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، د. أحمد عزوز، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢.

٢٤- الأساس فى فقة اللغة العربية و ارومتها، د.هادى نهر، الطبعة الثانية، دار الامل للنشر والتوزيع، الاردن، اربد، ٢٠٠٥.

٢٥- التفكير اللغوي بين القديم والجديد، د.كمال بشر، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع، مصر، القاهرة، ٢٠٠٥.

٢٦- التفكير اللغوي عند الجغرافين و الرحالة العرب في ضوء اللسانيات الجغرافية المعاصرة، د.مازن عوض الوعر، مجلة التراث العربى، العدد ١٠٤ السنة السادسة والعشرون، ديمشق، كانون الاول ٢٠٠٦.

٢٧- التوزيع اللغوي الجغرافي في العراق، د.ابراهيم السامرائي، معهد البحوث والدراسات العربية التابعة للجامعة الدول العربية، مطبعة الجلاوى، القاهرة، ١٩٦٨.

٢٨- الدراسات اللهجية والصوتية عند ابن جني، د.حسام سعيد النعيمى، مطبعة دارالطليعة للطباعة والنشر فى بيروت، توزيع دار رشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والا علام - الجمهورية العراقية، بغداد،١٩٨٠ .

٢٩- الشبك، الكورد المنسيون، احمد شوكت، ٢٠٠١، بدون مكان و اسم المطبعة،

٣٠- العربية الفصحى ولهاجاتها، د.حسام البهناوى، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ١٤٢٤ ه — ٢٠٠٤م.

٣١- العربية وعلم اللغة الحديث، د.احمد محمد داود، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠٠١.

٣٢- الفصاحة فى العربية (المفاهيم والاصول)، محمد كريم الكواز، دار الانتشار العربي، الطبعة الاولى، لبنان، بيروت، ٢٠٠٦.

٣٣- الكورد في محافظة الموصل، خسرۆ گۆران، ترجمة حازم هاجاني، دار سپيريْز للنشر، دهوك - كوردستان العراق، ٢٠٠٦.

٣٤- اللسانيات (المجال، و الوظيفة، والمنهج)، د.سمير شريف استيتية، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، الأردن ١٤٢٥ ه – ٢٠٠٥م.

٣٥- اللغة العربية تأريخها و مستوياتها وتأثيرها، كيتس فرسيتغ، ترجمة محمد الشرقاوي، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومى للترجمة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٣.

٣٦- المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوى، د . رمضان عبدالتواب، مكتبة دارالرفاعى بالقاهرة و مطبعة المدنى بالرياض، ١٩٨٢.

٣٧- المستشرقون والمناهج اللغوية، أ.د.اسماعيل احمد عمايرة ، دار اوائل للطباعة والنشر ، الطبعة الثانية ، عمان ، الاردن ، ٢٠٠٢.

٣٨- الموسوعة اللغوية (AVNCYCLOPAEDIAOFLANGUAGE) ، الجلد الثالث (بعض المظاهر الخاصة باللغة)، أ.د.ن.ي.كولنج، ترجمة د.محى الدين حميدى و د.عبداللة سميدان، مؤسسة النشر العلمي والمطابع، جامعة الملك سعود، الرياض، المملكة العربية السعودية، ١٤٢١ هـ.

٣٩- تاريخ اللغات ومستقبلها، هاررالد هارمان، ترجمة سامى شمعون، مراجعة محمد حرب فرزات، منشورات المجلس الوطني للثقافة والفنون والتراث، قطر، الدوحة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٦.

٤٠- تاريخ اللغة الكردية، زبير بلال اسماعيل، مطبعة الحوادث بغداد، ١٩٧٧ .

٤١- دراسات في لهجات شرقي الجزيرة العربية، ت. م. جونستون، ترجمة د. احمد محمد الحبيب، الدار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية، ١٩٨٣م.

٤٢- دراسات لغوية، عبدالصبور شاهين، مؤسسة الرسالة للنشر والتوزيع، لبنان، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.

٤٣- شرفنامة ، الأمير شرفخان البدليسى، ترجمة محمد جميل الملا احمد روژبەيانى، الطبعة الثانية، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، كردستان، اربيل، ٢٠٠١.

٤٤- علم الاجتماع اللغوي، عبدالفتاح العفيف، دار الفكر العربي، القاهرة ، ١٤١٥ه ، ١٩٩٥م.

٤٥- علم اللغة، د. على عبدالواحد وافي، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة ، الطبعة التاسعة. بدون سنة طبع.

٤٦- علم اللغة الاجتماعي، هدسون، ترجمة محمود عباس، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٠.

٤٧- علم اللغة العام، فردينان دى سوسور، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، دار افاق العربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥م.

٤٨- علم اللغة العام، عبدالصبور شاهين، مؤسسة الرسالة للنشر والتوزيع ، لبنان، بيروت، الطبعة الخامسة، ١٩٨٨.

٤٩- علم الدلالة (اصوله و مباحثه في التراث العربي)، منقور عبدالجليل، منشورات اتحاد كتتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

٥٠- فقة اللغة العربية، د.طاهر ياسر الزيدى، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، العراق، ١٩٨٧.

٥١- فقة اللغة مناهلة و مسائلة، د.احمد اسعد النادرى، شركة ابناء شريف الانصارى للطباعة والنشر، المكتبة العربية، بيروت، صيدا، لبنان، ١٤٢٥ هـ — ٢٠٠٥.

٥٢- في اللهجات العربية، د.ابراهيم انيس، مكتب الانجلو المصرية، الطبعة الثالثة، مطبعة ابناء وهب حسان، القاهرة، ٢٠٠٣.

٥٣- قضايا اساسية في العلم اللسانيات الحديث (مدخل)، مازن الوعر، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، الطبعة الاولى، ديمشق، سوريا، ١٩٨٨.

٥٤- قواعد اللغة الكردية (اللهجة الكرمانجية)، الأمير جلادت بدرخان والمستشرق الفرنسى روجية لسكو، ترجمة دلاوەر زەنگى، مطابع دار العالم، بدون سنة طبع.

٥٥- محاضرات فى علم اللغة الحديث، د.احمد مختار عمر، الطبعة الاولى، عالم الكتب، بيروت، ١٩٩٥.

٥٦- مدخل الى علم اللغة، د . محمد حسين عبدالعزيز، دار النمر للطباعة، القاهرة، ١٩٨٣.
٥٧- مدخل لفهم اللسانيات، روبير مارتان، ترجمة د. عبدالقادر المهرى، مراجعة د.الطيب البسكوش، المنظمة العربية للترجمة، توزيع مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.
٥٨- مقترح الكتابة باللهجة الفيلية، هيوا زندى، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، كوردستان العراق ، ٢٠٠٧.
٥٩- مقدمة في اللسانيات، د. عاطف فضل، دار الرازي للطباعة والنشر، الطبعة والاولى، عمان، الاردن، ١٤٢٦ ه — ٢٠٠٥م.
٦٠- مناهج البحث اللغوي بين التراث و المعاصر، د.نعمة رحيم العزاوي، منشورات المجمع العلمي العراق، مطبعة مجمع العلمي، بغداد، ١٤٢١ هـ - ٢٠٠١م.
٦١- منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديث، د. على زوين، دار شؤون الثقافية العامة، للطباعة والنشر، افاق عربيية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦.
٦٢- موجز تأريخ علم اللغة (في الغرب)، ر.هـ.روبنز، ترجمة د.احمد عوض، سلسلة كتب عالم المعرفة، الكويت، نوظمبر١٩٩٧.

### سێيەم/ به زمانی فارسی

٦٣- درآمدى بر زبانشناسى معاصر، ويليام اطرادى و مايكل دابروولسكى و مارك آرنف، ترجمة دكتر على درزى، جلد دوم، سازمان مطالعة و تدوين كتب علوم انسانى، دانشطاها (سمت)، تهران، ١٣٨٠،
٦٤- زبانشناسى و زبان، جوليا. اس. فاللك، ترجمه على غلامزاده، انتشارات استان قدس، صنوى، مشهد، ١٣٧٧ هـ.ش .
٦٥- مقدمات زبان شناسى، رابرت لارنس ترسك، ترجمة فريار اخلاقى، انتشارات نشر نى، تهران، ١٨٣٠.

66- A dictionary of Linguistics and phonetics, 3rd ed, Bas.I , Blackwell, 1992.
67- The Cambridge encyclopedia of the English language, David crystal, second edition , 2003 .
68- Dialectology, j.k.charm bers and peter Trudy gill, cambridg university press, second Edition, 2004 .
69- Grammar of Kurmanji or Kurdish Language, E.B.Soane, London, Luzac and Company,1913.
70- Routledgedic tionary of language and linguistics, Haumod Bussmann,, London, 1996 .
71- Kurdish Stories From My Collection, Basile Nikitine, B.S.O.S, Vol. iv, 1926-28.
72- Kurdish dialect studies – I,By D.NMACKENIZE OXFORD VNINERSITY PRESS, NEWYORK TO RONTO , LONDON , 1961 .
73- Kurdishdialecte , philipbabo cockgove, websters third new inter national dictionary of the English language , 11 London , 1966.
74- Nationalism and language in Kurdistan , 1918 – 1986 Mellon Reseach university press 1992 .
75- Semantics,Palmer.F.R,2nd ed, Cambridge university Press, Cambridge, 1981.
76- Sprach atlas des Deutschei:Dialectology, Second edition, J.K.Chambers and Peter Trudgill.

## پێنجەم/ سەرچاوەکانی ئەلیکترۆنی

٧٧- الأسس النظرية والمنهجية لأطلس لسان المجتمع العربي، معهد الدراسات والابحاث للتعريب، الرباط، المغرب:
**http://www.Arabization.org.madownloadsmajalla44doss 119.doc.(13/6/2008, 12:02).**

٧٨- الأطلس اللغوى، د.خليل محمود عساكر، مجلة مجتمع اللغة العربية، القــــــاهرة:
**www.arabicacademy.org.eg/admin/printinguploud/103/95 %20-%20123.doc @ http://arabic.&: academy.org.eg/frontEnd/printdetails.aspx?pkprintingtypeid=20 (13/6/2008,14:12).**

٧٩- الأطلس اللغوي الأمازيغية الريفية:
htpillarabic.rnw.nl/culture/culturbarneh/culture 27090701

80- Atlas Linguistic: http://www.linguistic atlas define.com,(8/10/2008, 18:14).

81- cyclopedia Britannica: Related Articls Kurdish language: http://www.britannica.com/ed/topicKurdish 325225/kurdish - language . (15/6/2008, 11:32).

82- Kurdish Indo–European language,By siamak RezaeiDurroei: http://www.cogsci.ed.ac.uk/siamakrKurdish/iran-lang.html. (25/6/2008, 16:17).

83- Dialect and Dialectology: http://en.wikipedia.org/wiki/dialect(04/7/2008, 19:13).

84- Dialect and atlasLinguistic: http://www.reference.com/browse/all/dialect.(14/10/2008, 20:08).

85- Dialectology studies:
http://www.oup.com/uk/catalogue?ci=9780199255917#authors (15/7/2008, 20:30).

86- language and linguistics:
http://arabic.rnw.nl/culcure–barneh/calture27090701 (25/7/2008, 19:45).

87- The world atlas of language structures :
http://www.oup.com.uk/catalogue/?Ci=9780199255917=authors. (27/7/2008, 10:17).

٨٨- الموقع الجغرافي لأقليم كوردستان العراق، سفين جلال فتح الله:
**http://www.arabgeographers.com/vb/showthread.php?p=24033 (14/8/2008, 23:52).**

89- Dialect and Dialectology:
http://wikipedia.Org/wiki/ Dialect. (14/8/2008, 23:58).

90- Dialect definition:
http://en.wikipedia.org/Dialect(15/8/2008, 16:19).

91- language and linguistics:
http://arabic.rnw.nl/culcure–barneh/calture 7090701 (7/9/2008, 21:44) .

٩٢. الجغرافية اللغوية واطلس براجشتراسةر، د. رمضان عبدالنواب:
**www.arabicacademy.org.eg/admin/printing uploud/103/95%20-%20123.doc @ http://arabic. academy.org.eg/frontEnd/printdetails.aspx?pkprintingtype id=20. (13/9/2008, 21:36).**

# پاشگۆکـــان

# پاشگۆکانی بەشی یەکەم




**نەخشەی ژمارە (١)، بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکتەاکنی زمانی کوردی.**
**Kurdish Dialect satade, D.N.Macnze, p:xv.**




**نەخشەی ژمارە (٢)، دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**Kurdish Dialect satade, D.N.Macnze, p:xv.**




**نەخشەی ژمارە (٣)، دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی. فوئاد حەمە خورشید، ل٣٩.**




**نەخشەی ژمارە (٤)، بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی. فوئاد حەمە خورشید، ل٤١.**




**نەخشەی ژمارە (٥)، بڵاوبوونەوەی جوگرافی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی. کۆڕی زانیاری کوردستان:**

Kurdish Areas in the Middle East and the Soviet Union




**نەخشەی ژمارە (٦)، شوێنکەوتەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیایی ناوەڕاست.**




**نەخشەی ژمارە (٧)، ڕێژەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی لە ئاسیایی ناوەڕاست (پارچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی هەریەك لە: تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران).**




**نەخشەی ژمارە (٨)، چڕی بڵاوبوونەوەی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی.**




**نەخشەی ژمارە (٩)، زمانی کوردی لە نێو زمانە هیندۆئەورپیەکاندا.**




نەخشەی ژمارە (١٠)، هەڵکەوتەی زمانی کوردی لە نێو زمانە ئێرانیەکاندا.




**نەخشەی ژمارە (١١)، هێڵکاری زمانە هێندۆئەورپیەکان.**

**INDO-EROPEAN FAMILY OF LANGUAGES**




Fig. 2 Geneology of Kurdish Language in the Context of the Iranic Branch of the Indo-European Family of Languages.

The Highlighted branch leads to Kurdish and its major dialect groups

Remark: Dates for separation of each branch is a very rough approximatic

**نەخشەی ژمارە (١٢)، هێڵكاری زمانە هیندۆئێرانیەكان**




**نەخشەی ژمارە (١٣)، سنوری نەتەوەیی فەرەنسا و زمانی فەرەنسی.**

**الموسوعة اللغوية، ص٩٢١.**




**نەخشەی ژمارە (١٤)، چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی دیالێکتەکانی زمانی ئەڵمانی. الموسوعة اللغوية، ص٩٣١.**



نەخشەی ژمارە (١٥)، ئەو ناوچانەی ئینگلیزی کە تێدا فونیمی /h/ دەدرکێندرێت.
مقدمات زبان شناسی، ص١٥١.




**نەخشەی ژمارە (١٦)، گۆڕینی فۆنیمەکانی (ج بۆ چ و ج بۆ گ) لە دیالێکتە ڕۆژهەلاتیەکانی زمانی عەرەبی، دراسات في لهجات شرقي الجزيرة العربية، ص٥٦.**




**نەخشەی ژمارە (١٧)، ئەو ناوچانەی ڕەشکراوە دەنگی کپی لێوی خڕی تێدا بەکاردێت. الموسوعە اللغویە،ص ٩٣٠.**




**نەخشەی ژمارە (١٨)، چەند مۆرفیمێکی دیالێکتەکانی زمانی ئەڵمانی.**

**الموسوعة اللغوية، ص٩٢٧.**




**نەخشەی ژمارە (١٩)، بڵاوبوونەوەی چەند مۆرفیمێکی زمانی فەرەنسی.**

**Dilectology,p:96.**




**نەخشەی ژمارە (٢٠)، بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزیدا.**

**الموسوعة اللغوية، ن.ي. كولنج، ص٩٣٥.**




**نەخشەی ژمارە (٢١)، ئەو وشانەی دەربڕین لە (ئافرەت، ژن، کچ و...) دەکەن لە زمانی ئینگلیزیدا. اساسیات اللغة، ص٩٠.**




**نەخشەی ژمارە (٢٢)، وشە هاواتانی  وشەی (dragonfiy) لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا.**

**مقدمات زبان شناسی، ص١١٤.**




**نەخشەی ژمارە (٢٣)، وشەی ئەسکەندەنافی لە زمانی ئینگلیزیدا.**

**الموسوعە اللغویە، ص٩٣٨.**

# پوختەی لێکۆڵینەوە

"ئەتلەسی زمانی (هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نمونە)"، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی جوگرافیە لە بارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لە سێ بەشدا، هەموو لایەنەکانی دیالێکت و دیالێکتۆلۆجیا و زمانەوانی جوگرافی و ئەتلەسی زمان، خراونەتە روو، لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە و لە چوار تەوەردا باس لە چەمك و پێناسەی دیالێکت، دیالێکتۆلۆجیا، هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت لە زماندا و شێوەی دابەشبوون و جۆرەکانی دیالێکت کراوە، لەبەشی دووەم و لە سێ تەوەردا باس لە پێناسەی زمانەوانی جوگرافی، پەیوەندی نێوان زمانەوانی جوگرافی و دیالێکتۆلۆجیا و ئەتلەسی زمان و ڕێبازی وەسفی و، چەمك و پێناسە وسەرهەڵدان و جۆرەکانی ئەتلەسی زمانی کراوە، و لە بەشی سێیەمیشدا بە کورتی باس لە تیۆری کێلگەی واتایی و پێناسە و جۆرە و پیوەرەکانی جیاکردنەوەی کێلگەی واتایی و ئەدگارەکانی کێلگەی خزمایەتی و پێناسەکەی و، تێڕوانینێکی کورتی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان کراوە و نەخشەکانی ئەتلەسی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان خراونەتەڕوو.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، چەندین ئەنجام خراونەتەڕوو، و بە پێی ئەو داتایانەی لەم لێکۆڵینەوەیە بەکارهاتوون، ئەو زاراوانەی بە یەك وشە دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن، لە زۆربەی دەڤەر و یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی بەکارهێنانەوە هاوبەشن و بە پێچەوانەشەوە، ئەو زاراوانەی بە فرێز و دەستەواژە دەربڕین لە پەیوەندی خزمایەتی دەکەن جیاوازی زۆریان لە نێواندا هەیە، هەڵبەتە ئەو فرێزە و دەستەواژانەش لە چاو زاراوەکانی یەك وشە لێکدراو

و دروستکراون و لە ئاستی ئاخاوتندا دەکەونە ژێر کاریگەری بەکارهێنەرانی زمان و جیاوازی لە نێوانیان دەبێت، هەر ئەو جیاوازیانەن دەبنە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی دیالێکتی ناوچەیی و زۆبەی جیاوازیەکانیش لە ئاستی ئاخاوتندان نەك لە سیستەم و یاساکانی زمان.

# ملخص البحث

(الأطلس اللغوي - أقليم كوردستان العراق نموذجاً)، عبارة عن بحث لغوي في اطار علم اللغة الجغرافي عن لهجات اللغة الكوردية بصورة عامة و في اقليم كوردستان بشكل خاص.

ينقسم البحث الى ثلاثة فصول، حيث يتناول البحث في فصلها الأول و ضمن اربعة محاور، مفهوم و تعريف و انواع اللهجات، و تعريف و مفهوم علم اللهجات و تكوين والتوزيع الجغرافي ل (اللهجات)، و يتناول الفصل الثانى من البحث تعريف علم اللغة الجغرافي و العلاقة بين علم اللغة الجغرافي من جهة و علم اللهجات و الأطلس اللغوي من جهة اخرى، و العلاقة بين الأطلس اللغوي والمنهج الوصفي في اللسانيات و مفهوم وتعريف و انواع الأطالس اللغوي، و في الفصل الثالث يتناول البحث نظرية الحقول الدلالية وتعريفها و انواعها و تعريف حقل القرابة و اهم مميزاتها و نظرة مختصرة عن جغرافية اقليم كوردستان واخيراً عرض خرائط اطلس اللغة الكوردية في اقليم كوردستان.

وفي الختام توصل البحث الى مجموعة من الاستنتاجات، ابرزها و حسب المواد اللغوية المستخدمة في هذا البحث، هي ان المصطلحات الدالّة عن صلة القرابة و المتكونة من كلمة واحدة (بسيط)، مشتركة من حيث الأستخدام في معظم مناطق اقليم كوردستان، وبعكسها المصطلحات المتكونة من اكثر من كلمة واحدة، أي مركبة من حيث التركيب، مختلفة في الأستخدام في معظم مناطق اقليم كوردستان، وهذا يدل على أن المصطلحات المركبة تقع تحت تأثير المستخدم و بهذا تظهر الأختلافات في اللهجات المحلية ل(اللغات) في مستوى الكلام و أغلب الأختلافات بين اللهجات المحلية هي في مستوى الكلام و ليس في بنية و قواعد اللغة نفسها.

# Abstract

This research paper which is entitled “Atlas Language: Kurdistan- Iraq Regain as a sample” is a geographical Linguistic study about the dialects of Kurdish language.

Apart from Introduction and conclusion, this research paper includes three chapters:

Chapter One: is a theoretical background including the definition of dialect, the reasons and kinds of dialects in language, and its relationships with Dialectology

Chapter Tow: includes some definitions about geographical linguistics and atlas language.

Chapter Three: includes some theoretical aspects of semantic fields and its features and also includes a short perspective about the geography of Kurdistan Region and it presents the atlas of Kurdish language.

At the last, the study presents some conclusions:

- The differences between dialects are at the level of speaking, but between (or among) languages are at the level of system.
- The members of the relative field, that are (simple words) are rarely different, but those that are (not simple words), mostly different.